



هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی گشتیی ئازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٠٦) شەممە ٢٠٠٨/١١/٨ زایینی
بەرانبەر بە گەلارێزانی ٢٧٠٨ی کوردی
ساڵی نۆیەم


# بەدرخان
Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهارن وەکو ئاش

## بروسکەی کۆسرەت رەسول عەلی
## جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ باراک ئۆباما

**زۆر بەرێز جەنابی باراک ئۆباما**
**سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا**

سڵاوێکی گەرم...
بەناوی گەلی کوردستانەوە، گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەین بە هەڵبژاردنی بەرێزتان بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا کە گەورەیی گەلی ئەمریکا دەردەخات کە باوەڕتان بە دیموکراسی هەیەو جیاوازی ناکەن لە نێوان ڕەنگ و ڕەگەزداو ئەمەش نیشانەی خۆڕاگری جەنابتان دەردەخات کە توانیتان ئەو بەستەڵەکە بشکێنن کە هەبوو.
من پێم وایەو حەقە ئەو ڕۆژە بکرێتە ڕۆژێکی مێژوویی لە ئەمریکاو سەرتاسەری جیهان، کە ڕۆژی نەمانی تەفریقەیە لە نێوان ڕەنگ و ڕەگەزدا.
ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان سوپاسی زۆری هەڵوێستی ئازایانەی سەرۆک بوش دەکەین کە لە سەردەمی ولایەتی خۆیدا گەورەترین دیکتاتۆری ناوچەو جیهانی لەناوبرد کە سەدام حوسێنی دیکتاتۆر بوو.
داوا لە جەنابتان دەکەین وەک سەرۆکی زلهێزترین و گەورەترین وڵاتی دونیا خەڵکی کوردستانتان لەبیربێت و پشتیوانیمان لێ بکەن بۆ ئەوەی سیستەمی نیزامی سیاسی لە عێراق کە خەڵکی عێراق لە دەستوور دەنگی لەسەر داوە بێتەدی و جێبەجێ بکرێت کە فیدراڵییەتە.
هەروەها لە ڕێگەی جەنابتانەوە پیرۆزباییەکی زۆر لە جۆزێف بایدنی جێگرت دەکەین.
دیارە دروشمی جەنابتان لە هەڵبژاردنەکان گۆڕان بوو لە ئەمریکا، هیوادارین ئەو گۆڕانانە ناوچەی ئێمەش بگرێتەوە بەتایبەت کە ئێمە میللەتێکین زیاتر لە ٥٠ ملیۆن کەسین و تا ئێستا کیانێکمان نییە، بۆیە چاوەڕوانین ئەم دروشمی گۆڕانەی بەرزتان کردۆتەوە وەزعی میللەتەکەی ئێمەش بەرەو باشتر بەرێت.
لەگەڵ ڕێزی زۆرماندا.

**کۆسرەت ڕەسول عەلی**
**جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

## سابیر رەشید: دەستپێکی نووسین قورسترین شتە



لە دیمانەیەکی تایبەت بە بەدرخان سابیر رەشید چیرۆکنووس و رەخنەگری بەتوانای بواری ئەدەبی راشکاوانە لەئەزموونی خۆی دەدوێ. سەبارەت بە لێکجیاکردنەوەی شێوەو ناوەڕۆک لەچیرۆک، دەڵێ: بێگومان لێکدەکرێتەوە، چونکە هەردووکیان بەبێ یەکتری هەڵناکەن، چونکە نە شێوە بەبێ ناوەڕۆک دەبێ و نە ناوەڕۆکیش بەبێ شێوە دەبێ، بۆ نموونە ئەگەر چیرۆکنووسێک ناوەڕۆکی چیرۆکەکەی بەهێزبێ، بەڵام زمانەکەی لەڕ و لاواز بێ هیچ کەسێک تاقەتی نییە بیخوێنێتەوە ...

ل١٨

## د. نەبەز مەجید ئەمین:



وشەی کورد ناوێکە بۆ نەتەوەیەک بەکاردێت کەلەسنوورێکی جوگرافی دیاریکراودا ژیان بەسەردەبات و خاوەن مێژوو خاک، پێکهاتەیەکی ئابوری کۆمەڵایەتی مرۆیی و یەک زمانی سەرەکی هاوبەش هەیە، کە لقێکە لەبنەماڵەی زمانەوانی (هیندۆ ئەوروپییەکان) ...

ل٢٣

## کاوە محەمەد سەرنووسەری کوردستانی نوێ: نە ئێمە ئازادو نە ئەوانیش نەوزاد!



کاوە محەمەد سەرنووسەری کوردستانی نوێ لە دیمانەیەکی ئازادو بێ سانسۆر لە بەدرخاندا باس لە ژیانی تایبەتی خۆی و کوردستانی نوێ و هەولێرو ئازادی بیروڕاو رۆژنامەنووسی ئەهلی و حزبی و سەربەخۆو چەندین تەوەری دیکە دەکات.
سەبارەت بە بوونی ئازادی و نەبوونی سانسۆرو هێڵی سوور لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ، دەڵێ:
دەتوانم بڵێم ئەمە بەپێچەوانەوەیە، چونکە ئاساییە کە حزبێکی گەورەی وەک یەکێتی لە ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دنیاشدا بەرپرسیارێتییەکی زۆری لەسەر شان بێت و رۆژنامەکەیشی بەو هۆیەوە هەندێ هێڵی سووری هەبێت، بەڵام ئێمە لە ستافی کوردستانی نوێ هەمیشە هەوڵی ئەوەمان داوە کە هێڵە سوورەکان کاڵتر و کەمتر بکەینەوە و پانتایی ئازادیی زیاتر بکەین، هەربۆیەش ئەگەر لەگەڵ رۆژنامە حزبییەکانی دیکە بەراودی بکەیت، ئازادانەتر رەخنە دەگرێ و لە کێشە و کەموکورتییەکان دەکۆڵێتەوە و دەرگای بەرووی قەڵەمە رەخنەگرە جددییەکاندا کردۆتەوە.
لە کۆتاییدا، سەبارەت بەوەی کە ئازاد جوندیانی بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەڵێ "ئێمەش راگەیاندنی ئازادین"، کاوە محەمەد، لە وەڵامدا گوتی:
لەراستیدا بەدەق ئەو قسەیەم لە کاک ئازاد نەبیستووە و نەخوێندۆتەوە، بەڵام پێموایە لەو سیاقەدا ئەوەی وتبێت کە زۆر جار رۆژنامە ئەهلییەکان بەخۆیان دەڵێن (رۆژنامەی ئازاد) بۆئەوەی رۆژنامە حزبییەکان بە کۆیلە ناوزەد بکەن، لەکاتێکدا هەدوولا رێژەیەک لەئازادی و رێژەیەکیش لە سانسۆرمان هەیە و نە ئەوان ئازادن و نە ئێمەش نەوزاد!

ل٣



## کێ خەریتە عوسمانلییەکەی گەیاندە مام جەلال؟

پاش دراندنی نەخشەی کوردستان لەلایەن تورکە رەگەزپەرستەکانەوە، بەدرخان وردەکاریی هێنانی نەخشەی عوسمانلی لە موسڵەوە بۆ سلێمانی ئاشکرا دەکات، کە لەلایەن (ئەبو عیماد) بەهاوکاری (فارس ئەبوبەکرو حەمید بەدرخان) لە رێی (ئاراسی شێخ جەنگی)و بەئاگاداری (فەرید ئەسەسەرد) گەیەندرایە سکرتارییەتی مام جەلال...

ل٤




## نازم دڵبەند گەشتەکەی لە بەرلینەوە تا ئەمستردام بۆ بەدرخان دەگێڕێتەوە

ل ٢١-٢٢

## مومتاز حەیدەری پیاوێک لە بەرائەت و جوانی

ل١٩

## ئۆرهان پامۆک و مافی کورد



سەبارەت بەسیاسەتی تورکیاو دۆزی کورد، توندوتیژی و زیندانی، سەبارەت بەوەی پامۆک ئەو هەوەڵوێستە ئازایانەی هەیەتی لە نووسینەکانی لە نووسەر یەشار کەمال فێربووە، پامۆک گووتی نووسەری گەورە یەشار کەمال مامۆستای منە، پامۆک زۆر بەهێمنی قسەی دەکرد، لەدرێژەی قسەکانیدا گووتی: تاکێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر نەکرێت ئالۆزی و پشێوی زۆرتر دەبێت...

ل ١٥

## کەریم کابان




هونەرمەند کەریم کابان پاش نیو سەدە لە چرینی گۆرانی، ئەمرۆ بە ئێمەو گەنجان دەڵێ: "لە ژیانمدا هیچ خۆشییەکم نەدیووە".
سەبارەت بە گۆرانی گوتنی سەردەمی ئێستاو جاران: دەڵێ: (گۆرانی گوتنی سەردەمی جاران جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەم سەردەمە لەبەرئەوەی جاران ئاوازدانەر زۆر کەمبووە لەگەڵ ئەوەشدا مۆسیقاژەن کەم بوو، بەڵام ئێستا ئاوازدانەری بەتوانا و هونەرمەندی زۆریشمان هەیە لەبەرئەوە هونەر زۆر بەرەو پێشەوە چووە. گەنجان هەوڵی ئەوە دەدەن کەبێنە ناو هونەر و خزمەتی هونەر بکەن).
لە دیمانەکەدا تیشک دەخاتە سەر ژیانی منداڵی و بەئاهێکەوە باس لە قادر کابانی برای دەکات و ناو هێنا نیشی بەدڵنەواییەکی گەورە دەزانێ...

ل هونەر



## پۆشیاو کارۆخ لە سەمای ئازادی ژنێکی سەرشێتدا

ل هونەر



## ئاگرین: هەڵکەوت زاهیر خووی بە هونەرمەندی ئافرەت گرتووە

ل هونەر

## عارەب عوسمان: ئەوروپییەکان حەزیان لە حەیرانە



عارەب عوسمان باس لە ئەزموونی خۆی لە بواری هونەری و گەشتکردنەکانی بۆ وڵاتانی ئەوروپا بۆ ناساندنی حەیران دەکات و سەبارەت بەدەسپێکی حەیران گوتنی دەڵێت: نزیکەی ١٥ ساڵ دەبێ بەسەر کۆچی دوایی رەحمەتی رەسول بێزار گەردی، برادەرانی مۆسیقاژەنی وەکو مامۆستا سەید ئەحمەد بەرزنجی رەحمەتی و مامۆستایان جەمال هیدایەت و جەودەت شاکرو مستەفا رەئوف و رەنجبەر خۆشناوو رزگار خۆشناوو وریا ئەحمەدو ئەوانە گوتیان گوێت مۆسیقیە و کەسیش نییە لەو سەردەمە حەیران بە مۆسیقا بڵێ حەزمان لێیە لەدوای مردنی رەسول گەردی تۆ حەیرانەکانی بڵێیەوە...

ل هونەر

## کەی سیستمی خوێندنگاکان دەگۆڕدرێن؟!

عەبدوڵا دەربەندی

خوێندنگە بچوککراوەی حکومەتە، بۆیە دەکرێ ئەو بنەماو یاساو پرێنسیپانەی لە هەڵبژاردن و دروستکردنی کابینەی حکومەتدا رەچاو دەکرێ لەدانان و دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتیەکی سەرکەوتوو لەخوێندنگەدا پەیڕەو بکرێت. ئەگەر بێت و توێژینەوەیەک یان بەدواداچونێک بکرێت لەسەر بەڕێوەبەری خوێندنگەکان، دەردەکەوێ کە زۆربەیان هەر لە خانەقینەوە تا زاخۆ لەسەر پێوەر و بنەمای حیزبی دانراون، بۆیەش هەڵسو کەوت و جوڵانەوەو بەرنامەدانانیان حزبیانەیە نەک پەروەردەیی، ئەگەر سەیری دیواری ناو بەڕێوەبەرایەتییەکان بکەین زیاتر لەبارەگای حیزبی دەچن وەک ئەوەی جێگای پەروەردەو فێرکردن بن. بۆیە دەبینین بەرێوەبەری ئەو حکومەتەبچووکانە(خوێندنگە)تاکڕەوی، بێپلانی، ناعەدالەتی، بڕوانەبوون بە بنەماکانی دیموکراسی، ، کەمی شارەزایی لەبواری بەڕێوەبردندا، بەکارهێنانی وشەی من لەجیاتی ئێمە، کەم شارەزایی لەبواری دەروونزانی، بێئاگایی لەسیستەمی پەروەردەی وڵاتان، نەبوونی هونەری خۆگونجاندن، بەکارهێنانی توندوتیژی، ئەمانە بەشێکن لە پێکهاتەی رە فتارو بڕوای زۆرلە بەڕێوەبەرەکان، پاش بڕیاردان لەسەر گۆڕینی سیستەمی کۆنی پەروەردەو پراکتیزەکردنی سیستەمی نوێ لەساڵی خوێندنی ٢٠٠٨/٢٠٠٧ بەڕێوەبەری خوێندنگەکانیش چاودێر و بەرپرسن لەشێوازی پراکتیزەکردن و سەرخستنی ئەم پرۆسەیە لەناو خوێندنگەکانیان، بەڵام ئەم شێوازەی ئێستای بەڕێوەبردن دەبێتە هۆی سەرخستنی ئەم پرۆسەیە؟ چەند بەڕێوەبەر هەیە بڕوای بەدیموکراسی هەبێت و رای بەرانبەر قبوڵ بکات؟ ئەی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەر بۆ مامۆستا دروستە؟بەڕێوەبەری خوێندگەکان و یاریدەدەرەکانیان تاچەند پێشوازی لەم سیستەمە نوێیە دەکەن؟ بۆیە ئەگەر وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دەیەوێ سیستەمی نوێی پەروەردەو فێرکردن سەرکەوتووبێ بەکورتترین ماوە زۆرترین هەنگاوببرێ پێویستە سەرلەنوێ بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان هەڵبوەشێنێتەوەو کابینەیەکی نوێ بۆ هەر خوێندنگەیەک دروست بکات بە شێوەیەک کە بەڕێوەبەر و یاریدەدە رو تەواوی مامۆستایان بەشداری بکەن لە پلاندانان و بەڕێوەبردنی خوێندنگە، بەڕێوەبەر بڕوایەکی تەواوی بە دیموکراسی و کاری بەکۆمەڵ هەبێت و کەسێکی شیاوو خاوەن ئەزموونبێت، شارەزایی هەبێت لە بەڕێوەبردن و رۆشنبیری گشتی و پلانی رۆژانە و مانگانەو ساڵانە. ئەمەش بەوە دەکرێت کە کۆمەڵێک مەرج سەرباری کومەڵێک رێنمایی دابنرێت واتا لە رێگەی هەڵبژاردنێکی دیموکراسییەوە، بەپێی ئەو مەرجانە بەڕێوەبەر دیاری بکرێن بۆ ماوەی دوو ساڵ "مامۆستایانی هەر خوێندنگەیەک لەناو خۆیان کەسێکی شیاو هەڵبژێرن"، وەبەردەوامیش بەدواداچوون بۆ کارەکانیان بکرێت و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت و هەموو جۆرە دەست تێوەردانێکی حیزبی و تایبەت رێگای پێنەدرێ، بەشێوەیەک کە خوێندگاکانمان بەراستی ببنە جێگەیەک بۆ پەروەردەو فێرکردن و کارگەیەک بن بۆبەرهەمهێنانی کەسانی بەتواناو پڕبەرهەم و نیشتمان پەروەر، دوور لە توندو تیژی و کۆنەپارێزی .



عەبدوڵڵا دەربەندی

# سەرنووسەری کوردستانی نوێ کاوە محەمەد: پێویست ناکات هیچ سەرنووسەرێک زیاتر لە سێ ساڵ بمێنێتەوە

**گۆڕەپانی رۆژنامەگەری کوردی ئەو گۆڕەپانە فراوانەیە کە چەندان کەسی بە ئەزموون پێوەی ماندوون و هەوڵی بەرەو پێشخستنی دەدەن، رۆژنامەی کوردستانی نوێش یەکێکە لەو رۆژنامانەی ناوێکی دیاری ناو گۆڕەپانی رۆژنامەگەری کوردییە و ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشە، کاوە محەمەدی سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیە کەسێک پڕاو پڕ لە هێمنی و لەسەرخۆیی و رێز و حورمەت و ماوەی حەوت ساڵە وەک سەرنووسەر کار لەو رۆژنامەیە دەکا، لەسەر ژیانی تایبەتی خۆی و رەوشی ئەمڕۆی رۆژنامەگەری ئەو دیدارەمان لەگەڵی سازدا...**

**ئا: مەسعوود ئیبراهیم مەلا هەمزە**

*** کاوە وەک سەرنووسەری کوردستانی نوێ ناسراوە، بەڵام وەک ژیانی تایبەتی، کاوە کێیە و کەی و لەکوێ لەدایکبووە؟**

-ساڵی (١٩٦٦) لەشاری هەولێر لەدایکبووم، ساڵی (١٩٨٩) بەشی بایۆلۆجی کۆلێجی زانست-م لە زانکۆی سەلاحەدین تەواوکردووە.

*** کە لەگەڵت دادەنیشین، هەست بەهێمنییەکی زۆر دەکرێ، ئەو هێمنییە رەنگدانەوەی منداڵیتە، یا لەمنداڵی وا نەبوویت؟**

-هەر لەمنداڵییەوە هێمن بووم و زۆر بەدەگمەن تووشی حاڵەتی هەڵچوون بووم، ئەمەش بەشێکی پێکهاتەی کەسێتیی من پێکدێنێ و پێی دەناسرێمەوە. لەوەشدا سوودمەندبووم و هەمیشە لە بەرامبەر کێشەکاندا بەو هێمنییەوە توانیومە بەسەریاندا زاڵبم، چونکە زۆربەی جار هەڵچوون کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات و کەسی هەڵچوو لەسەرەنجامدا زەرەرمەند دەبێت.

*** لە تەمەنی گەنجیتدا، عەشق بوونی هەبووە و چی کاریگەرییەکی کردۆتە سەرت؟**

-رەنگە لاتان سەیر بێت کە بڵێم لە ژیانمدا تەنیا یەکجار دڵداریم کردووە و ئەویش سەرەنجامەکەی پێکهێنانی خێزانی لێکەوتەوە، ئەویتری تەنیا خۆشەویستی یەک تەرەفە بووە، یان لەلایەن من-ەوە بووە، یانیش بەپێچەوانەوە بووە و نەگەیشتۆتە ئەوەی رازی دڵمان بۆ یەکتر ئاشکرا بکەین.

*** لە ژیانی تایبەتیتدا بە تەنیا دەژی یا خێزانداری؟**

-لەساڵی (١٩٩٤) خێزانم پێکەوەناوە و سێ کوڕ و کچێکمان هەیە.

*** سەرەتای تێکەڵبوونت بە دنیای خوێندنەوە و نووسین بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

-جگە لەوەی هەر لە منداڵییەوە قوتابییەکی زیرەک بووم، لەقۆناغی سەرەتاییەوە حەزم لە خوێندنەوەی رۆژنامە و گۆڤارەکان بوو بەشێک لەکاتی خۆمم بۆ تەرخان دەکرد، دواتر لە قۆناغی ناوەندییەوە دەستمکردووە بە خوێندنەوەی کتێب، ئەوکاتانە جارجار هەوڵمدەدا وتار بنووسم و ئەوەش بۆ من وەک پرۆڤەیەک وابوو، بەڵام لەدوای راپەڕین و رێک لەساڵی (١٩٩١)ەوە دەستمکردووە بە کاری رۆژنامەنووسیی و یەکەم کاریشم لەو بوارەدا لە رۆژنامەی (راپەڕین) بڵاوکراوەتەوە، کە لەلایەن مەڵبەندی رێکخستنی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شەقڵاوە دەردەچوو. دواتریش کە لە ساڵی (١٩٩٢) کوردستانی نوێ دەرچوو، لەوێ وەک نووسەرێکی بەشی سیاسەت دەستبەکاربووم، کە تائێستا لە رۆژنامەکەدا کاردەکەم.

*** شیعر و چیرۆک و رۆمان، زیاتر حەز بەکامیان دەکەیت؟**

-لەراستیدا زیاتر کتێبی سیاسی و فیکری و مێژوویی دەخوێنمەوە، بەڵام لەبواری ئەدەبدا جارجارە شیعری چەند شاعیرێکی دیاریکراو دەخوێنمەوە، بەپلەی دووەمیش رۆمان و چیرۆک.

*** کێن ئەو نووسەرانەی موشتاقی بە نووسینەکانیان؟**

- لەراستیدا زیاتر بەدوای ناونیشانی کتێب و وتارەکاندا دەگەڕێم و دەیانخوێنمەوە، نەک ناوی نووسەر. تەنیا چەند ناوێکی وەک (تۆماس فریدمان و فۆکۆیاما و کیسینجەر و بریجنسکی و گیدنز و نەبیل فەیاز و د.خالد النجار و د.کەمال مەزهەر و شێرکۆ بێکەس و د.فەرهاد پیربال و بەختیار عەلی) نەبێت، کە سەرنجم رادەکێشن بۆ خوێندنەوەیان.

*** گۆرانی و مۆسیقا رۆژانە چەند کاتیان داگیر کردووی؟**

-بەداخەوە گۆرانی و مۆسیقا بەشێکی کەمی ژیانی رۆژانەمی داگیر نەکردووە بەڵکو ئازادی کردووە لەو هەموو هیلاکی و سەرئێشەیەی کاری رۆژنامەنووسیی بۆی دروستکردووم، بەڵام خۆم زۆر حەز بە دنیا جوانەکەی مۆسیقا دەکەم، ژمارەیەکی باشیش لە برادەرانم لە هونەرمەندە مۆسیقییەکانن. هەمیشەش ئەو قسەیەی شکسپیر دەڵێمەوە، کە ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم لەسەر زاری کاراکتەرێکی یەکێک لە شانۆگەرییەکانی دەڵێت: (هەر کەسێک حەزی لە مۆسیقا نەبێت متمانەی پێناکرێت).

*** گوێ لە چ گۆرانی بێژێک دەگری؟**

-زیاتر گوێ لە گۆرانییەکانی (عەدنان کەریم، ناسری رەزازی، هۆمەری دزەیی، بەهجەت یەحیا، لەیلا فەریقی، نازم غەزالی و مەیادە حناوی) دەگرم.

*** لە ژیانت لەچی پەشیمانی؟**

-لە هیچ شتێ پەشیمان نیم.

*** ئەو کارەسات یا ئەو ساتە چی بووە کە تۆی لەناخەوە گریاندووە؟**

-ئەنفالەکان، کۆڕەوەکەی ساڵی (١٩٩١) و کۆچی دوایی باوکم کە تێکۆشەرێکی سەرسەختی کوردایەتی بوو.

*** ئەو خواردنەی حەزی لێدەکەی و ئەو خواردنەشی دەزانی لێی بنێی چییە؟**

-بەپلەی یەکەم حەزم لە برنجە، ئینجا خواردنە قورسەکانی وەک دۆڵمە و کفتە. تەنیا دەزانم برنج لێبنێم. زۆرجار هەر بۆ سوعبەت دەڵێم خۆزگە هەموو سفرەیەک ئەگەر بە خاوی-ش بێت قاپێک برنجی لەگەڵ دابنرێت، وەک رێزگرتنێک لە سفرەکە. بەڵام بەداخەوە ئێستا وەک جاران ناتوانم بەدڵی خۆم برنج بخۆم، چونکە دەستمکردووە بە رێجیم.

*** کوڕێکی هەولێری دانیشتووی سلێمانی، ناوی هەولێر و وێنەی هەولێر چیت دێننەوە یاد؟**

-ناو و وێنەی هەولێر بۆ من هەمیشە ئەو نۆستالجیایە کە لە ژیان و یادەوەریمدا حزوری هەیە و ناوەناوە دەستم دەگرێ و بە کۆڵانەکانی تەیراوە و جادەی باتا و دەوری قەڵات و ناو قەسراندا دەگەڕێین و بەلای ئۆرزدیباک و گازینۆی عەنتەر و لەیالی و باکوور و چایخانەی قەرداران و بازاڕی شێخەڵڵا و فلکەی ئاوی کەسک و سۆردا رەتدەبین و ئەو یادگاریی و هاوڕێیانەم بیردێنێتەوە کە هەرگیز لەیادم ناچنەوە.

## رۆژنامەنووسیی ئەهلی هەیە، نەک تەواو ئازاد و سەربەخۆ، چونکە هێشتا زەمینەی ئەوە لە کوردستاندا دروست نەبووە کە رۆژنامەی سەرخۆ بوونی هەبێت



کاوە محەمەد سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ

*** ئەو پێوەرە چی بوو کە لەسەری کرایت بە سەرنووسەری کوردستانی نوێ؟**

-رەنگە ئەو پرسیارە لە جەنابی مام جەلال و مەکتەبی سیاسیی ی.ن.ک و لێپرسراوی مەکتەبی راگەیاندن بکرێت گونجاوتر بێت، چونکە بۆ من ناخۆشە باس لەپێوەرەکان بکەم.بەڵام پێموایە لەبەرئەوە بووبێت کە: پێشتر و لە پۆستەکانی دیکەدا ئەهلیەتی خۆم سەلماندبوو، دڵسۆزیی و شەونخوونیی چەندین ساڵەم بۆ پێشخستنی کوردستانی نوێ.

*** تا چەند ئاسوودەی بە سەرنووسەرایەتی لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ؟**

-درۆ دەکەم ئەگەر بڵێم لە سەرنووسەرایەتیی کوردستانی نوێ ئاسوودەم، چونکە بەراستی هەموو کاتێکی گرتووم و زۆر ماندووی کردووم، ئەوکاتەی ساڵی (٢٠٠٢) کە بووم بە سەرنووسەر ئاسوودەییەکی زۆری پێ بەخشیم کە توانیم لە نووسەرێکی ئاساییەوە بگەم بەو بەرپرسیارێتییە لە رۆژنامەکە، بەڵام ئەمە هەر بۆ دووساڵ سێ ساڵ خۆشبوو، نەک هێندە درێژە بکێشێت.

*** بوونی پاشکۆیەکی زۆر لەگەڵ کوردستانی نوێ بۆ؟**

-کوردستانی نوێ سێ پاشکۆی جێگیری هەیە، دووانی هەفتانە (ئەدەب و هونەر و ئاوێزە) و یەکێکی رۆژانە (ستادیۆم)، ئەمەش ستایلێکە زۆر لە رۆژنامەکانی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان پەیڕەوی دەکەن. ئێمەش لەبەر ئەوەی هەریەک لە توێژی ئەدیبان و هونەرمەندان وەرزشکاران و گەنجان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و بەحوکمی ئەوەی کوردستانی نوێ رۆژنامەیەکی سیاسییە رەنگە نەتوانێ وەک پێویست خزمەت بەو توێژ و بوارانە بکات و تایبەتمەندییەکانیان لەبەرچاوبگرێت، بۆیە دەرکردنی ئەو پاشکۆیانەمان بەپێویستزانی و توانیویانە سەرکەوتنی بەرچاویش بەدەستبهێنن.

*** ئازاد جوندیانی دەڵێ: ئێمەش راگەیاندنی ئازادین، ئەو ئازادییەی بەڕێزی باسی دەکا، لەسەدا چەندی لە کوردستانی نوێ بوونی هەیە؟**

- لەراستیدا بەدەق ئەو قسەیەم لە کاک ئازاد نەبیستووە و نەخوێندۆتەوە، بەڵام پێموایە لەو سیاقەدا ئەوەی وتبێت کە زۆر جار رۆژنامە ئەهلییەکان بەخۆیان دەڵێن (رۆژنامەی ئازاد) بۆئەوەی رۆژنامە حزبییەکان بە کۆیلە ناوزەد بکەن، لەکاتێکدا هەدوولا رێژەیەک لەئازادی و رێژەیەکیش لە سانسۆرمان هەیە و نە ئەوان ئازادن و نە ئێمەش نەوزاد!

*** زۆرجار دەگوترێ ئەو رۆژنامانەی ئۆرگانی حیزبین، لەلایەن حیزبەکەوە هێڵێکی سووریان بۆ دیارکراوە، بەڵام ستافی رۆژنامەکە هێشتا هێڵی ئەو ئازادییە کەمتر دەکەنەوە، ئەوەیان تا چەند راستە؟**

-دەتوانم بڵێم ئەمە بەپێچەوانەوەیە، چونکە ئاساییە کە حزبێکی گەورەی وەک یەکێتی لە ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دنیاشدا بەرپرسیارێتییەکی زۆری لەسەرشان بێت و رۆژنامەکەیشی بەو هۆیەوە هەندێ هێڵی سووری هەبێت، بەڵام ئێمە لە ستافی کوردستانی نوێ هەمیشە هەوڵی ئەوەمان داوە کە هێڵە سوورەکان کاڵتر و کەمتر بکەینەوە و پانتایی ئازادیی زیاتر بکەین، هەربۆیەش ئەگەر لەگەڵ رۆژنامە حزبییەکانی دیکە بەراوردی بکەیت، ئازادانەتر رەخنە دەگرێ و لە کێشە و کەموکورتییەکان دەکۆڵێتەوە و دەرگای بەرووی قەڵەمە رەخنەگرە جددییەکاندا کردۆتەوە.

*** بەهرۆز گەلاڵی لە گۆشەیەکی داوا دەکات، کوردستانی نوێ لەرۆژانی جەژنیش دەربچێ، ئێستاش دەنگۆی دەرنەچوونی کوردستانی نوێ هەیە لە رۆژانی شەممە و هەینی، وەک سەرنووسەری کوردستانی نوێ وتەت بۆ هەردوو قسە و راکە چییە؟**

- بەهیچ شێوەیەک ئەو دەنگۆیە راست نییە کە گوایە رۆژانی هەینی و شەممە کوردستانی نوێ دەرنەچێت، تەنیا رۆژانی شەممە دەرناچێت، ئەویش وەک پشووی هەفتانەی ستافی رۆژنامەکەیە، سەبارەت بە پێشنیازەکەی کاک بەهرۆزیش، وەکو پرەنسیپ بەباشی دەزانین، بەڵام لەکوردستاندا کێشەی دابەشکردنی رۆژنامە هەیە لە رۆژانی جەژندا، جگە لەوە لەرۆژانی جەژندا بازاڕەکانی کوردستان ئیفلیج دەبن و خەڵکی کوردستانیش سەرقاڵی سەردان و پیاسە و گەڕان دەبن و ناچنە بازاڕ، بۆیە لەو رۆژانەدا رۆژنامەکانی کوردستان بەگشتی دەرناچن، چونکە کەس بەلایانەوە ناچێت، مەگەر ئەوکاتە ئەو پێشنیازە سەردەگرێت کە ئالیەتی گەیاندنی رۆژنامە هەبێت بۆ ماڵی خوێنەران، کەبەداخەوە بەهۆی کۆمەڵێک کێشە و گرفتەوە تائێستا ئەو ئالیەتە بوونی نییە لە کوردستان.

*** رەفتارکردنت لەگەڵ ستافی کوردستانی نوێ لەسەر چ پێوەرێکە؟**

-هەمیشە وەک هاوڕێ و هاوکار مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەم، پێویستە هەرواش بێت، چونکە من سەرنووسەری رۆژنامەم و ئەوانەی کاریان لەگەڵدا دەکەم کەسانی نووسەر و رۆشنبیرن و بەشێکیان زیاتر لە (١٥) ساڵە هاوکاری یەکترین و لەگەڵ بەشێکیشیاندا رۆژانە زیاتر لە (١٠) سەعات کار لەگەڵ یەکتریدا دەکەین.

*** هەستدەکرێ زۆر موستەیری لەسەر ئەوەی کە لەهەر لاپەڕەیەکی کوردستانی نوێ ئەگەر وێنە لەهەر شوێنێک وەرگیرا ئاماژەی پێ بکرێ، ئەوە چۆنە؟**

-هەمیشە هەوڵدەدەین لەکوردستانی نوێ-دا پێشەنگی پەیڕەوکردنی بنەما پیشەییەکانی کاری رۆژنامەنووسیی بین، چونکە بەداخەوە لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا تێبینی دەکرێ فەوزایەک هەیە لەو بوارەدا و پێویستە هەموومان لەهەوڵی دارشتنی چوارچێوەیەکی پیشەیی بین کە هیچ رۆژنامەیەک نەتوانێ مشەخۆرانە ماف و ماندووبوونی رۆژنامەیەکی دیکە بخوات.

*** ئەگەر بگوترێ کوردستانی نوێ بۆ سلێمانی و خەبات بۆ هەولێر، بەو مانایەی بارەگای سەرەکی هەریەک لەوانە لەشارەکەی خۆیەتی، چی دەڵێی، پێتوایە پەیامنێرانی هەولێری کوردستانی نوێ کەمتەرخەم بن، یا سیستەمی خۆتان وایە زیاتر بایەخ بە شاری سلێمانی دەدەن؟**

-ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین کە ساڵانی شەڕی ناوخۆ کاریگەری سلبی خستە سەر بازنەی کارکردن و دابەشکردنی رۆژنامەکان، بەتایبەتی (کوردستانی نوێ و خەبات)، بەڵام لەدوای ساڵی (٢٠٠٢)ەوە هەوڵ و هەنگاوی جددیمان ناوە بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرییە نێگەتیفە و توانیومانە ئەنجامی بەرچاو بەدەستبهێنین، بەتایبەتیش دوای ئەوەی لقێکی مەکتەبی راگەیاندن-مان لەهەولێر کردەوە و ستافێکی فراوانی کوردستانی نوێ-ش لەهەولێر کاردەکەن، جگە لەوەش ماوەیەکی زۆرە بەیانیان سەعات حەوت و هەندێجار زووتریش کوردستانی نوێ دەگاتە بازاڕەکانی هەولێر. بەڵام ئێستا پێویستمان بەوەیە کە کاری زیاتر بکەین بۆ نەهێشتنی ئەو تێڕوانینەی سەردەمی شەڕی ناوخۆ. ئەگەرنا ئێمە بەهیچ شێوەیەک خۆمان بەرۆژنامەی شارێک نازانین، بەڵکو رۆژنامەیەکی سەرانسەرین و هەموو شارەکان شوێنی کارکردن و بایەخپێدانی ئێمەن.

*** کەی بیر لە وازهێنان دەکەیەوە لە کوردستانی نوێ؟**

- ئەوا نزیکەی حەوت ساڵە سەرنووسەری کوردستانی نوێ-م کە پێشتر هیچ سەرنووسەرێک ئەو ماوە زۆرە لە پۆستەکەدا نەماوەتەوە، بەرای خۆم پێویست ناکات هیچ سەرنووسەرێک زیاتر لە سێ ساڵ بمێنێتەوە، بۆئەوەی فرسەت بە خەڵکی دیکە بدرێ بەرپرسیارێتییەکە لەئەستۆ بگرن و توانای دیکە تاقی بکرێنەوە و گۆڕان ببێتە داینەمۆی بەردەوامی رۆژنامەکە. بۆیە من دەمێکە بیرم لە وازهێنان لە سەرنووسەری کردۆتەوە و داواشم کردووە ئەو گۆڕانە بکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی رۆژنامەیەکی حزبییە، دەبێت حزب ئەو بڕیارە بدات.

*** مانای ئازادی رۆژنامەگەری لەچی دەبینییەوە؟**

-مانای ئازادیی رۆژنامەنووسیی لە بڵاوکردنەوەی رەخنەی جددی و خستنەڕووی کێشەکانی خەڵک و کەموکوورییکانی دەسەڵات و کاریگەریی دانان بۆ چاککردنی کێشە و کەموکورتییەکاندا دەبینم.

*** لە کوردستان ئازادی رۆژنامەگەری چەند بوونی هەیە؟**

- پەراوێزێک لە ئازادییەکی نارێکخراو هەیە کە هەندێجار دەگاتە رادەی فەوزا، بەو هیوایەی پەسندکردنی یاسای کاری رۆژنامەنووسیی بتوانێ ئەو ئازادیە نارێکخراوە رێکبخات.

*** پێتوایە لە کوردستان دەزگا یا بڵاوکراوەیەکی تەواو ئازاد و سەربەخۆ هەبێ، یا هەموویان پاشکۆی حیزبین؟**

- دەتوانین بڵێین رۆژنامەنووسیی ئەهلی هەیە، نەک تەواو ئازاد و سەربەخۆ، چونکە هێشتا زەمینەی ئەوە لە کوردستاندا دروست نەبووە کە رۆژنامەی سەرخۆ بوونی هەبێت.

*** هەفتەنامەی بەدرخان و کارەکانی دەزگای بەدرخان چۆن دەبینی؟**

- هەفتەنامەی بەدرخان ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیارە و توانیویەتی گەشە بەخۆی بدات، سەرەڕای دەستخۆشیم بۆتان، بەڵام بەڕای من باشترە بکرێ بە گۆڤار، چونکە ستایلی بابەت و دیزاینەکەی زیار بۆ گۆڤار گونجاوە نەک مانگنامە. سەبارەت بە دەزگای بەدرخان-یش توانیویەتی ببێتە دەزگایەکی رۆژنامەنووسی و رۆشنبیریی دیار و چالاک و کار و بەرهەمی باش و بەرچاوی هەبێت، بەتایبەتیش لەرێگەی فیستیڤاڵە ساڵانەکانی و چاپکردنی کۆمەڵێک بەرهەمی نووسەران و رۆشنبیران و گەشتەکانی بۆ دەرەوەی وڵات، بەکورتی دەزگای بەدرخان زیاتر بەو فیستیڤاڵ و سەفەرانەیەوە ناسراوە، نەک مانگنامەکەی.

## قەدەغەکردنی فرەژنیو یاسا

**باوکی ئاڤان**

سەرەتا دەستخۆشی لەو ئەندام پەرلەمانە بەرێزانە دەکەم کە دەنگیان دا بە یاسا قەدەغە نەکردنی فرەژنی لە کاتی هەموار کردنی یاسای باری کەس بەرکار . وەنەبێ ئەم دەستخۆشیەم بەو مانایە بێت کە گوایە(خوانەخواستە) من پشتگیری لە فرە ژنی بکەم، نەخێر من پشتگیری لە فرەژنی ناکەم، بەلام لە هەمان کاتدا پشتگیری لە قەدەغەکردنی فرە ژنی بە یاسا ناکەم، ئەم دوو رستەیەش دووفاقی تێدا نییە . لە روانگەی یاساوە نابێت هیچ یاسایەک دژی ماددەو برگەکانی دەستووری عێراقی بێت کە تیایدا هاتووە نابێت هیچ یاسایەک دژی دیموکراسیەت بێت. لە روانگەی ئایینیەوەش نابێت هیچ یاسایەک دژی شەریعەتی ئیسلامی پیرۆز و قورئان بێت. بە کورتی هەست دەکرێت ئەگەر فرەژنی بە یاسا قەدەغە بکرێت، چەندین قەیرانی کۆمەلایەتی ناهەمواری بە دوادا دێت، لەوانە (١) زێدەبوونی رێژەی تەلاق کە لە باری ئێستای کۆمەلگەکەمان ئەم رێژەیە بە شێوەیەکی ترسناک لە هەلکشاندایە .(٢) ئەنجام دانی گرێبەندی مارەبرین لە دەرەوەی دادگا،کە ئەویش دەرەنجامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە.(٣) ئەنجام دانی گرێبەندی مارەبرین و پرۆسەی هاوسەرگیری لە دەرەوەی شارەکانی هەرێم، ئەویشیان دەرەنجامی زۆر باشی نابێت . (٤) زیاد بوونی پەیوەندی نا شەرعی لە نێوان ژن و پیاوان دا و سەرهەلدانی چەند نەریتێکی رۆژ ئاوایی لەوانە (بۆی فرێندو گێرل فرێند و عەشیق و عەشیقە هەروەها أم عزباء بە مانای دایکی خاوەن مندالی بێ باوک ) ئەمانە هەموویان دەرهاوێشتەی بە یاسا قەدەغەکردنی فرە ژنییە، من پشتگیری لە سنوردارکردنی فرە ژنی دەکەم و ئەم مەرجە یاساییانەی پەرلەمان دیاری کردوون مەرجی رێک وپێکن و کێشەکەی بە شێوەیەکی گونجاو دیاری کردووە . ئەوەیان رای منە، دەکرێت رایەکی دژ بە راو بۆچونی خۆم لە ژمارەی ئایندەی بەدرخان بخوێنینەوە.

## نامەیەکی کراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران

من "هێرش فەیسەڵ رەحمان" وەک ئەکتەرێکی سەرەکی بەشداریم کرد لە فیلمی "کیسەڵەکان دەفڕن"ی بەهمەنی قوبادی، دوای ئەوەی سەرکەوتنم بەدەست هێناو نەخۆشییەکەم لە زۆربەی وڵاتان بینرا لەرێگای ئەو فیلمەوە، بۆیە ئێستا چەند وڵاتێک داوای کۆپیەک لە گرێبەستەکەی بەشداریم لەو فیلمە دەکەن، بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی من هێرش فەیسەڵی بەشداربووی فیلمەکەم. تا لەو وڵاتە بمێنمەوە بۆ ئەوەی چارەسەری دەستەکانم بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندیم بە چەند کەسێک لە ستافی ئەو فیلمە کردووە تا کۆپییەک لەو گرێبەستی بەشداربوونەم بدەنێ، بەڵام تا ئێستا ئەو داوایەم بۆ جێبەجێ نەکراوە، بۆیە داوا لە ئێوەی بەرێز (ئەنجوومەنی وەزیران) دەکەم هەوڵدەن کۆپییەک لەو گرێبەستی بەشداربوونەم بدەنێ تا منیش لەرێگای ئەوەوە هەوڵدەم پەیوەندی بەو وڵاتانە بکەم کە داوایان کردووم و چارەسەری دەستەکانیشم لەوێ دەکرێت.



هێرش فەیسەڵ رەحمان

# کێ خەریتە عوسمانلییەکەی کەرکووکی کوردستانی دا بە مام جەلال؟

**حەمید ئەبوبەکر بەدرخان**

هەرپاش ئازادکردنی عێراق لەسەفەرێکم بۆ شاری موسڵ، ئەو شارەی کە چەندین خزم و ناسیاوو ماڵی دوو براو سێ برازامی لێدەژی، سەردانی ماڵی کاکم (فارس ئەبوبەکر)م کرد لە (حی الزهور) و لەپشت مزگەوتی (القبع)، کاتێ لە سەردانی پیاوێکی بە تەمەن و قسەخۆش و بەگفتار هات، کە ناوی تەواوی (عیسام ئیبراهیم حوسێن) ناسراو بە ئەبوو عیماد،کە لە سەیدەکانی معمارییەو لەدایکبووی ١٩٤١ موسڵە لە گەڕەکی وادی حەجەر دادەنیشت و لە نیسانی ٢٠٠٧ هەر لە شاری موسڵ کۆچی دوایی دەکات، پاش یەکترناسین کاکم گوتی، ئەوە (ئەبو عیماد)ە، منیش خۆم پێناساند و ئەویش قسەی لەسەر زۆر مەسائیل کرد، لەوانە (رژێمی بەعس و دیکتاتۆریەت و ژیان و گوزەران) دیارە ئەبو عیماد دڵی پڕ لە قسەو ئەو ئازادیەی فەراهەم ببوو، هەرگیز لە ژیانی نەیدیبوو، بۆیە لە قسەکانی دەیگوت: کورد و عەرەب برای یەکترن و مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە بەتایبەتی لەموسڵ بەدرێژایی سەدان ساڵە بەیەکەوە دەژین، هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا ناکەم. هەر لەو قسەکردنەدا گوتی: حەمید بەدرخان خەریتەیەک هەیە لە زەمانی عوسمانلی بەمیرات ماوەتەوە بۆمان زۆر گرنگە.. منیش وتم باشە کاتێ دابنێ بۆ ئەوەی خەریتەکە ببینین، ئەویش رۆژی دوایی دانا بۆ دیتنی خەریتەکە.. ئەوەبوو هەر لەماڵی فارسی برام سەیری خەریتەکەمان کرد.. خەریتەکە (١٦) پارچە بوو، لەسەر پێست بوو، رەنگاورەنگ بوو هەمووی دەنووشتایەوە و دەچووە ناویەک، زۆر پاک بوو، زۆر جوان بوو، ئەوەی لەبیرم مابێ ئاوا نووسرابوو (خارطة مستحدثة لولايات المملكة العثمانية في آسيا، في ايام خلافة سيدنا ومولانا السلطان الأعظم السلطان عبدالحميد خان أيد الله ملكه مدى الدوران سنة ١٣١١ هجرية. طبعت بمطبعة الامريكان في بيروت سنة ١٨٩٣.

منیش پاش ئەوە هاتمەوە سلێمانی و بەپەلە چوومە سکرتارییەتی مام جەلال و بە ئاراس شێخ جەنگیم گوت: شتێکی واهەیە لای ئەبو عیمادە لە موسڵ، خەریتەیەکی تا بڵێی باشە و لەنێو سنووری کەرکووک و ناوچەکانی دیکەش نووسراوە کوردستان، ئەوە، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو ناوچانە کوردنشینن) بۆیە کاک ئاراس هەرزووگوتی بڕۆ بەهەر نرخێک بێ لێیبکڕەو ئەگەر کابراش رازی بوو بێت، لەگەڵ خۆت بیهێنە!! منیش گوتم باشە و لەسلێمانی بۆ هەولێر و لەوێشەوە بۆ موسڵ و ئۆتۆمبێلێکم بەکرێ گرت. لە پاشان رۆیشتین بۆ سلێمانی... یەکەم رۆژی رەمەزانی دوای ئازادی و ساڵی ٢٠٠٣ بوو، ئەبو عیماد بەرۆژی بوو لەرێگا بە تایبەتی لە مەفرەقی دیبەگە سەر و دڵی تێکچوو و رشایەوە، منیش زۆر هەوڵمدا رۆژووەکە بشکێنێ بەڵام بێ سوود بوو، نەیشکاند، ترسی ئەوەم هەبوو شتێکی لێبێ و بەسەرم ساخ بێتەوە و بڵێن لەبەر خەریتەکە ئەو کابرایە کوژرا بەهەرحاڵ فارسی برام و ئەبو عیماد رۆژویان نەشکاند و بەردەوامبوون.شەو لەسلێمانی لەماڵی ئێمە بوون و بەیانی بە ئاگاداری فەرید ئەسەسەرد بەرێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، چووینە بارەگای سکرتاریەتی مام جەلال کە ئێستا سکرتاریەتی کۆسرەت رەسول عەلی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لێیە.. پاش بەخێرهێنان لەلایەن ئاراس شێخ جەنگی و بینینی خەریتەکە و رەزامەندی و دەستخۆشی لە ئەبو عیماد و فارسی برام و من.. ئاراس گوتی: حەمید با ئەبو عیماد بچێتە ژمێریاری (١٠٠٠٠) دۆلار وەربگرێ، منیش زۆر لام سەیر بوو، چونکە ئەبو عیماد گوتبوی (هذه الخريطة هدية الى مام جلال)، دووبارە گوتم کاک ئاراس پێویست بە پێدانی پارە ناکات ئەویش بە پێکەنینەوە گوتی: ئەوەش مەکە بەدرخان، هەمووکەس بۆت دەنووسێ بەخۆڕایی و کەسیش مووچەی نییە. منیش مەبەستم بوو، چونکە دەمویست بزانێ ئەوە لە دڵسۆزیمەو کاری بازرگانی نییە، لەپاشان گوتم باشە چەندی بۆ وەربگرم گوتی (٩٠٠٠) نۆ هەزار دۆلار، پارەکە وەرگیراو درا بە ئەبو عیماد و پاش کرینی گەزۆ و گوێز و توتن گەڕانەوە موسڵ.. پاش ماوەیەک کاک ئاراس بەدیاری کۆمپیوتەر و سکانەر و فلاش دیسکەکی بەدیاری دا بە بەدرخان و ئێستاش لەماڵی هێمن جەمیلی ئەندامی ستافی کارای بەدرخانە لە سلێمانی...

بۆیە ئەمەم نووسی، چونکە نامەوێ پیاوەتی و جوامێری ئەبو عیماد لەبیربکرێ و هەواڵی ئەوەیان پێدام کە ئەبوعیماد لەم ماوەیەدا کۆچی دوایی کردووە و چۆتە بەر رەحمەتی خودێ.. کاتێ ئەو هەواڵەشم بیست بۆ ماوەیەک سامگرتوو ببووم.. چونکە ئەبوعیماد دەیگوت ناوم مەهێنە نەوەکو تیرۆرستان زەفەر بە فارسی برات و من ببەن.. چونکە ئیسلامییە سەلەفییەکان بێویژدانن و دەمانکوژن.. منیش چەندینجار باسمکردووە، بەڵام ناوم نەهێناوە.. ئەمجارەیان لەموسڵ وێنەکەیان هێناو منیش ئەو شتانەم بڵاوکردەوە.

بۆ راست و دروستی باسەکە بە باشمانزانی فارس ئەبوبەکر ئەحمەد بدوێنین کە ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٥ـەوە لەموسڵ دەژی و لەو چەند ساڵەی دوایی لەبەر تیرۆرستان هاتۆتە شاری و هەولێر و لە هەولێر ژیان بەسەردەبات، سەبارەت بەچۆنیەتی هێنانی خەریتەکە لە موسڵەوە بۆ سلێمانی بۆ بەدرخان گوتی: پاش ئازادکردنی عێراق، حەمید بەدرخانی برام هاتە موسڵ و لەماڵی ئێمەبوو لەکاتی سەردانی و قسەکردن ئەبوعیماد دوکانی لە تەنیشت چایخانەی من هەبوو لە (باب الطوب) کەرەستەی نێرگەلە و شتی دیکەی دەفرۆشت، پیاوێکی راستگۆ و لەخواترس بوو، زۆر پیاوێکی چاک بوو.. چەند جارێک بەمنی گوت (خەریتەیەکی کۆنمان هەیە هی سەردەمی عوسمانلیە پێمان باشە ئەگەر سەرکرایەتی کورد سوودی لێوەردەگرێ بەدیاری پێشکەشیان دەکەین...) پاش ئەوە بەحەمیدی برام گوت، ئەویش گوتی با بیبینم.. بەیانی لەماڵی ئێمە خەریتەکە هێنراو دیترا.. سەرەتا حەمیدی برام حەپەساو لەپاشان نەوەکو ئەبو عیماد خۆی گران بکات و داوای پارەی زۆر بکات... حەمیدی برام گوتی ئەبوعیماد لەو خەریتەیە زۆرمان هەیە بەڵام ئەوەی ئێمە کۆنە و ناخوێندرێتەوە، ئەوەی تۆ پاکترە.. ئەویش گوتی: باشە پرسیارێک بکە بزانە دەیانەوێ یان نایانەوێ، حەمیدی برام بەیانییەکەی گەرایەوە سلێمانی و بەئاراس شێخ جەنگی گوتبوو، ئەویش گوتبووی بەهەر نرخێک بێ بیهێنە.. لە پاشان حەمید دەگەڕێتەوە هەولێر و لە نەقلیاتی موسڵ سەیارەیەک بەکرێ دەگرێ دێتە موسڵ و شوفێرەکەش لەگەڵ خۆی دەهێڵێتەوە و بۆ بەیانییەکەی ئەبوعیماد و من و حەمید بەیەکەوە چووینە سلێمانی و یەکەم رۆژی رەمەزان بوو، لەرێگاش ئەبوعیماد رشایەوە و سەرودڵی تێکچوو، چونکە بەرۆژوو بوو....

پاش گەیشتنمان بۆ سلێمانی، ئەوکات ماڵی حەمیدی برام نەهاتبۆوە هەولێر هەر لە سلێمانی بوو، شەو لەماڵی ئەو ماینەوە و بەیانییەکەی خەریتەکەیان وەرگرت و سوپاسی ئێمەیان کردو دەستخۆشیان لێکردین و بڕی (٩٠٠٠$) دۆلار درا بە ئەبوعیمادو منیش ٥٠٠$ دۆلارو ئەبو عیمادیش ٥٠٠$ دۆلاری دا لە بەرامبەر کرێی ئۆتۆمبێل و هاتن و چوونی حەمیدی برام...

من شانازی بەو کارە دەکەم، کاتێ بەڕێز مام جەلال لە (مجلس الحكم) مورافەعەی کێشەی کوردی کرد و راست و دروست بەپێی بەڵگەنامەکان بۆ دونیا شی دەکردەوە ئەوەندە دڵم خۆشبوو چونکە ٤٥ ساڵە عیبادەتی خوا دەکەم رۆژێک لە رۆژان لام نەداوە و بۆ خوای خۆم کردووە، ئەوەشیانم بۆ کورد و کوردستانم کردووە، هیوادارم مام جەلال ئاگای لێبێ و بنەماڵەی ئەبوعیماد بانگ بکات و دەستخۆشیان لێ بکات، چونکە ئەوەی کراوە زۆر زۆر گەورەترە لە پارەو شتی دیکە.

لە پاشان بەدیارکەوت شوفێرەکەی لەهەولێر بۆ موسڵ لەگەڵمان هات و مایەوە و بۆ بەیانی ئێمەی گەیاندە سلێمانی و شەویش مایەوە لەپاشان ئەوانیشی گەیاندەوە موسڵ خزمی بەرپرسێکی باڵا بوو.



مام جەلال لەکاتی مورافەعەکردنی کێشەی سنووری کوردستان لە مەجلیسی حوکمی عێراقیدا




فارس ئەبوبەکر



ئەبو عیماد



حەمید ئەبوبەکر بەدرخان



فەرید ئەسەسەرد

**روونکردنەوە:**

**لە ژمارەکانی رابردوودا دیدارێک لەگەڵ بەرێز کەمال محیەدین ئەنجام درا، بڕیاربوو بەشەکانی دیکەی دیدارەکە بڵاو بکرێتەوە، بەڵام بەهۆی هەڵەی تەکنیکییەوە نەتوانرا بڵاوبکرێتەوە، لە ژمارەکانی داهاتوو بڵاوی دەکەینەوە.**

**بەدرخان**



وێنەی خەریتە عوسمانلییەکە، ١٨٩٣ی زایینی، لە دوا لاپەڕەی بەدرخان (١٠٦) وەکو دیاری بە رەنگاوڕەنگی بە قەبارەیەکی دیکە بڵاوکراوەتەوە

# بۆ کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس تیڤی

ZAGROS

**کازم عومەر دەباغ**

شتێکی ئاشکرایە ئەمڕۆ لەناو دام و دەستگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئازادی و سەربەستییەکی بەرچاو هەیە لەهەموو بوارەکاندا، بەتایبەتی لەبواری راگەیاندن. بۆیە پێویستە راگەیاندنەکانیش لەئاست لێپرسراویەتی دابن و بەئەمانەتەوە کارەکانیان بگەیەنن.

بەتایبەتی هەندێک لە راگەیاندنەکان کە لەڕێگای کەناڵە ئاسمانییەکان بەخشدەکرێن و هەزارەها بینەریان هەیە لەجیهاندا، ئەوەی گرنگە هەندێک رووداو هەیە پێویست ناکات لەڕێگای کەناڵە ئاسمانییەکانەوە بڵاوبکرێنەوەوبخرێنەسەرشاشە. چونکە وەک خاڵێکی لاواز لەلایەن بینەرانەوە بۆچوون و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.


لە ئێوارەی ٤ / ١٠ / ٢٠٠٨ کاتژمێر ٤،٤٥ دەقیقە لە بەرنامەی"رووداو"، لە کەناڵی ئاسمانی"زاگرۆس"ی، بەڕێز، فیلمێکی کارەسات و پڕ لەرووداوی ناخۆشی خستە بەر دیدی بینەرانی سەرتاسەری جیهان، ئەوەی گرنگە ئەم جۆرە رووداوانە پێویست بەوە ناکات لەڕێگای کەناڵێکی ئاسمانی بەرێزەوە بخرێتە بەرچاوی بینەران، چونکە بەخراپ لێکدەدرێتەوە، میللەتەکەشمان بە میللەتێکی شەڕانگێزو دواکەوتوو و چەقۆ وەشێن لەقەڵەم دەدرێت. ئەگەر سەرنجی ئەم بەرنامەتان دابێت هەر هەمووی شەڕو چەقۆ وەشاندن و تەقەکردنە، بۆیە واباشترە ئەم بەرنامەیە لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنە ناوخۆییەکان بخرێتە بەرچاوی بینەران.

بەهیوای ئەوەی رەخنەکانمان دروستکەربێت لەپێناو بەرەو پێشوەچوونی ئەم کەناڵە ئاسمانییە بەڕێزە.



# کوردی موسڵ لە نێوان دوو ئاگردا



نوری مالیکی



ئوسامە نوجێفی



ئیبراهیم جەعفەری

**عەبدولغەنی عەلی یەحیا**

لەهاوینی ساڵی ٢٠٠٣ هاوڵاتیانی کورد لەشاری "موسڵ" لەژێر دەسەڵاتی تیرۆریستانی پاشماوەی حیزبی بەعس و رێکخراوی"ئەلقاعیدە"و "دەوڵەتی ئیسلامی عێراق"و هەموو ئەو لایەن و رێکخراوە تیرۆریستییانەی سەرچاوە لە فەرمانی حیزبی بەعس وەردەگرن، ژیانێکی پڕ لە ناخۆشی و ترس و دڵەڕاوکێ بردە سەر. ئەوەبوو زیاتر لە"٣"هەزار هاوڵاتی کورد کوژران و بریندارکران، زیاتریش لە"١٥٠"هەزاری دیکەش ئاوارەو دەربەدەر بوون.

بەدرێژایی ساڵانی رابردوو، بە مەزەندەی کورد، شیعەکان زیاتر لە سوننییەکان لە دۆزی کورد گەیشتبوون، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەویش بەپێی هەمان مەزەندە پاڵپشتییان لێدەکرد، بەرەی چوارقۆڵیش لەنێوان هەردوو حیزبی کوردی سەرەکی: پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەگەڵ هەردوو حیزبی شیعی سەرەکی: ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و حیزبی دەعوە رەنگدانەوەی"لێگەیشتنەکە"بوو.هەرچەندە لە جارێک و دووجار رەفتاری ناحەزان لەلایەن د. ئیبراهیم جەعفەری و حوسێن شەهرستانی و نووری ئەلمالیکیش و .. لە بەرپرسی دیکەشیان، دژ بەئاوات و داوای رەوای کورد سازدرا، ئەو رەفتارانەشیان، لەجیاتی ئەوەی سنوورێکیان بۆ دابنرێت هەر لەلایەن بەرە چوار قۆڵییەکەوە، چیتر روو نەدات، بەپێچەوانەوە، پەیتا پەیتا شێوەی بەکارهێنانی هەڵمەت و پیلانی سەربازی وەرگرت.

لە١٠/٥/٢٠٠٨دا پیلان وهەڵمەتەکە دەستیپێکرد، کاتێ هێزێکی سەربازییان بۆ"موسڵ" هێناو لەژێر دروشمی "زەئیرولئەسەد" هەڵمەتێکی"بەناویان"دژ بە تیرۆریستانی ئەلقاعیدە سازدا، کەچی بەر لەدەستپێکردنی هەڵمەتەکە ناڕاستەو خۆ هۆشداریان بە رێکخراوی"ئەلقاعیدە"دا، گوایە هێرشێک بۆ سەریان لەئارادایە."نووری ئەلمالیکی" بەر لەدەستپێکردنی"زەئیرول ئەسەد" چەندین جار نیازی هێرش بردنی بۆسەر رێکخراوی ناوبراو بەئاشکرا دەربڕی، ئەو نیازە دەربڕینەش بووە هۆی، تیرۆریستان لەحاڵەتی ئامادەباشیدابن، داوا لە حیزبەکانی ناوشار دەکرا"پارتی" و "یەکێتیی" خێرا بارەگاکانیان چۆڵ بکەن و گەلێ ئەفسەری کورد و ئەو ئەفسەرە عەرەبانەی دۆستی کورد بوون و دژ بەتیرۆر بوون، فەرمانی گواستنەوەیان دەرچوو، تەنانەت لەشاری"تەلەعفەر"ی، رۆژئاوای موسڵ فەرمان بە گواستنەوەی" ٣٥"ئەفسەری ناسراوو دژ بەتیرۆر دەرچوو، وێڕای ناڕەزایی بوونی قایمقامی"تەلەعفەر" لیوا روکن نەجم عەبدوڵڵا جبوری. "زەئیرولئەسەد"تۆزقاڵێک زیانی بە "ئەلقاعیدە"یان پاشماوەکانی حیزبی بەعس نەگەیاند، بەدرۆ هەواڵی دەستگیرکردنی چەند سەدانێکیان بڵاوبۆوە، کەچی هەمووی وەهمی بوو، تاکە زەرەرمەند لەکردەوەسەربازییەکە کورد بوو. لە"موسڵ" هێرشی سەربازی شیعە دژ بەکورد لە: ١٠/٥/٢٠٠٨وەو تا ئەمڕۆ بەردەوامە، جێی تێبینییە، هەڵمەتە سەربازییەکەی سوپای هاوردەی شیعە بۆ سەر"موسڵ" دەستەی ناوبراوو پاشماوەکانی حیزبی بەعس و تاقمی ئوسامە ئەلجنێفی کورد تاوانبار دەکەن، "مالیکیش" تائێستا ناوی تاوانباری راستەقینە کە"ئەلقاعیدەیە" بێ شک نابات وەک بڵێی تاوانبارکردنی کوردی وەک یەدەک هەڵگرتبێت و لەکاتی پێویستدا رابگەیەنێ. سەرەڕای ئەوەی نزیکەی"٨"حیزبی عێراقی و کوردستانی و ئاشووری بەهەردوو حیزبی شیوعیش، عێراقی و کوردستانی بە راشکاوانە لە بەیاننامەیەکدا"ئەل قاعیدە" و "تیرۆر"یان بەکوشتن و دەربەدەرکردنی مەسیحییەکانی موسڵ تاوانبارکرد.

لەنێوان ١٠/٥/٢٠٠٨ و ناوەندی ١٠ی ٢٠٠٨حکومەتی"ئەلمالیکی" لە پیلان دانان و تەشقەلەکردن بێ ناوو نازناوە، باس لەدەستگیرکردنی کەس ناکەن لەگەڵ ئەوەشدا چەند هێڵێکی تایبەت، هەڵمەتەسەربازییەکەی ئێستاو هەڵمەتە سەبازییەکەی مانگی ئایاری رابردوو "زەئیرولئەسەد"کۆ دەکاتەوە، بەبیانووی سزادانی"ئەلقاعیدە" دوای کارەساتەکەی"زنجیللی" کە"ئەلقاعیدە" بە راپەڕاندنی تاوانبارکرا "ئەلمالیکی" هەڵمەتە سەربازییەکەی سازدا، ئەوجارەش بەبیانووی دانانی سنوورێک بۆ لێدان و دەربەدەرکردنی مەسیحییەکان هەڵمەتە نوێیەکەی سازدا، فەرق و جیاوازیش لەنێوان هەردوو هەڵمەتدا بەدی دەکرێت بۆنموونە لەدوای رووداوەکەی "زنجیللی" "ئەلمالیکی"یەکسەر "ئەلقاعیدە"ی تاوانبار کرد، لەکاتێکدا لەهەڵمەتە نوێیەکەی کە بۆ چەند رۆژێک دەچێت"موسڵ"ی، گرتۆتەوە، ناوی تاوانبار نایەنێ، لەدوای رووداوەکەی "زنجیللی" بەچەند کاتژمێرێک"دەستەی زانایانی موسڵمانان" و شۆڤێنی دیکەش کوردیان بە ئەنجامدانی رووداوەکە تاوانبارکرد، لە مەسەلەی مەسیحییەکان دیسان بەکورد لە شاری"موسڵ" بەردەوام بوو، ئەو رووداوانەی خوارەوەش رێخۆشکەر بوو بۆ راپەڕاندنی هەڵمەتە سەربازییە نوێیەکەی و دژایەتیکردنی کورد، بۆ نموونە:

١- پێش نزیکەی"٣"مانگی لەمەوبەر ئەفسەرێکی پلە بەرزی شیعە بەناوی"ماجید" لە بەغداوە گەیشتە شارۆچکەی"تلکێف" ی باکووری"موسڵ". لەوێوە داوای لە بەڕێوەبەری پۆلیسی" تلکێف"ی کردبوو، ئۆردوگای جارانی"قودس" بۆ فەوجێکی فریاکەوتن"تەواری" پۆلیسی کەرکووک، چۆڵبکرێت، بەڵام بەڕێوەبەرەکە داواکەی رەتکردەوەو پێی وتبوو: ئێمە فەرمان بە پارێزگای"موسڵ" و بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی"موسڵ"وەردەگرین.

٢- هاوکات لەگەڵ ئەم رووداوە، دیسان فەرمانی گواستنەوەی هەندێ لە ئەفسەرە پلە بەرزەکانی کورد لەهێزە سەربازییەکانی"موسڵ"بۆ شوێنی دوور لەشاری"موسڵ" و "کوردستان"دەرچوو.

٣- لەکاتژمێر"١٢"ی شەوی ٢٤-٢٥/١٠/٢٠٠٨ بە فەرمانێکی لەشکری تیپی"٢"ی سوپای "عێراق"، داوا لە لیوای"٨"کرا، کە هەموو سەربازانی کورد خۆیان بۆ گواستنەوە لە"موسڵەوە"بۆ "حەببانییە"ئامادە بکەن. بە بیانووی مەشق پێکردنیان بۆماوەی"٢"مانگ، وەک نارازیبوونێک دژ بەبڕیارو فەرمانەکە فەوجی"٣"ی لەلیوای"٤" کاتژمێر"٤"ی سەرلەبەیانی هەمان شەو بەتەواوی کەلوپەلی سەربازییان لە"رەشیدییە"ی نزیک"موسڵ"بەرەو"دهۆک"کەوتنەڕێ.

٤- لە رۆژی ٢٣/١٠/٢٠٠٨ کاتژمێر"٤"ی ئێوارە "١٢"سەربازی کورد لە لیوای"٨" بە ئۆتۆمبێلی مەدەنی کاتێ بەرەو ماڵەکانیان کەوتنەڕێ لە گەڕەکی"ئەلسوککەر – السکر" لەلایەن لیوای"التدخل السریع" کە لە "بەغدا" بۆ"موسڵ"هاوردرابوو، دەستگیر کران، لەکاتی دەستگیرکردنیان، سەربازە عەرەبە شیعە هاوردەکان بەسەربازەکوردەکانیان وت:"ئێوە بەشەو تیرۆریستن، بە رۆژیش سەربازی حکومەتن" سەربازە کوردەکان دوای دەستگیرکردنیان بۆ ئۆردوگای"ئەلکیندی"رەوانەک ران.

٥- هەر لەهەمان رۆژدا"٢"کەس بەناوی "تاریق فایق ئاغا و فوئاد بێجان" کە دانیشتووی شاری کەرکووکن، لەسەردەمی حکومەتی بەعس راوێژکار بوون"مستشار" سەردانی گوندەکانی کاکەییەکانی قەزای"حەمدانییە"ی رۆژهەڵاتی"موسڵ"یان کردبوو، ئەویش بەمەبەستی کردنەوەی فەوجێک لەپارێزگای کەرکووک. بارودۆخی ئێستای"موسڵ"زەمینە بۆ جموجۆڵی ناحەزانە دژ بەکورد خۆشدەکات.

٦- هەر لەمانگی تشرینی یەکەمی رابردوو، "بزاڤی چارەسەری ئێزیدی" لە شاری"موسڵ" کۆنگرەیەکیان بەئامادەبوونی "ئەسیل نجێفی" و چەندین داخ لەدڵی دیکەی عەرەبی شۆڤێنی شارەکە دژ بەکورد ئەنجامدرا، کۆنگرەکە بەئاشکرا بەپێچەوانەی ئاوات و مافە رەواکەی کورد بوو. دیسان بۆ بارودۆخی موسڵی دەگەڕێنمەوە کە هاندەرە بۆ گرێدانی ئەمجۆرە کۆنگرانە.

٧- لەکاتی پشکنینی چەند ماڵ و گەڕەکێک لەشاری موسڵ، سەربازە عەرەبە شیعە هاوردەکان زۆر بەنەرمی رەفتاریان لەگەڵ عەرەبە سوننە موسڵاوییەکان دەکرد و پێیان دەگوتن:"ئێوە نیگەران مەبن ئێمە بۆ رزگاکردنی ئێوە لەچەنگ کوردەکان رووماندن لە"موسڵ"کردووە". هەروەها لە بازگەکانی سەربازیش، هەمان ئاخاوتن بۆ عەرەبەکان دووبارە دەکەنەوە.

٨- هەر لەمانگی رابردوودا، ورەی کوردی شاری"موسڵ" و ئەندامانی هەردوو حیزبی سەرەکی کوردی: پارتی و یەکێتی، تا بڵێی دابەزیوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بازگەکانی"گۆکجەلی"ی سەر رێی"موسڵ – باشیک" و"ئاکرێ"و بازگەی "خورسیباد" ی "موسڵ" "شێخان".. لە بازگەکانی دیکەش، کە جاران لەلایەن سەربازەکانی کورد کۆنترۆڵ کرابوون، بە تەواوی تەسلیم بە سەربازە عەرەبە شیعە هاوردەکان کران، ئەمەش بووەتە هۆی پەیداکردنی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بۆ کوردەکانی رۆژهەڵات و باکووری موسڵ. کە چیتر لەمەودوا بۆیان ناکرێت بەسەربەستی روو لە"موسڵ"بکەن.

٩- لە ٢٩/١٠/٢٠٠٨ رۆژنامەی "نیویۆرک تایمز"ی ئەمریکایی راپۆرتێکی سەرنجڕاکێشەری دەربارەی پیلانەکانی "نووری ئەلمالیکی" سەرۆک وەزیرانی"عێراق" دژ بەکورد، ئیدارەی حکومی لە موسڵ بڵاوکرایەوە، بەگوێرەی راپۆرتە کە"ئەلمالیکی"هاوپەیمانییەتێکی لەگەڵ براکەی "ئوسامە نجێفی" کە ناوی"ئەسیل"ە، گرێداوەو بڕیاری یارمەتیدانیشی داوە، ئاشکراشە بۆ هەموو کەسێک کە بنەماڵەی"نجێفی" رەمزی دژایەتیکردنی کورد و حیزبە کوردستانییەکانن لە"موسڵ"، هەروەها بەپێی راپۆرتی"نیویۆرک تایمز" "نووری ئەلمالیکی" گەورە ئەفسەرێکی سوپای جارانی بەعسی دەستنیشانکردووە بۆئەوەی ببێت بە پارێزگاری"موسڵ" لەشوێنی"دورەید کەشموولە"کە بە دۆستی کورد ناسراوە.

ئا لەوکاتەی سوپای هاوردەی شیعە لەموسڵ دژایەتی کورد دەکات، عەرەبە سوننەکانی"موسڵ" و حیزب و رێکخراوە توندڕەوەکانیان هەڵوێستیان بەرامبەر بەکورد و حیزبە کوردستانییەکان نەگۆڕیوە وەکو خۆیەتی.

جێی سەرنجە، دووەمین هەڵمەتی سەربازی حکومەتی"ئەلمالیکی"بۆ سەر"موسڵ"ئەمجارەیان بێ دروشم و ناوە، نە"زەئیرولئەسەدەو نە ئومولڕەبیعەینە" نە باس لەدەستگیرکردنی تیرۆریستان دەکرێت و نە دۆزینەوەی چەک و عەمباری تەقەمەنی، ئاشکرا نەکردنی پێناسەی ئەو تاقمەی مەسیحییەکانی تۆقاندو دەربەدەرکرد، مانایێکی هەیەو بە بۆچوونی ئەگەر هاتوو پەیوەندی کورد لەحکومەتی عێراق بەئاڵۆزی بمێنێتەوەو رۆژ لەدوای رۆژیش خراپتر بێت، ئەوا لەئەنجامدا حکومەتی عێراق کورد بە دەرکردن و دەربەدەرکردنی مەسیحییەکان لەشاری"موسڵ" تاوانبار دەکات.

کورد"موسڵ"و گەلێ شوێنی دیکەشی دۆڕاندو لەدەستداو دەبێ چاوەڕوانی وەچەرخانێک بکات لە رەوشی سیاسی عێراق وەک گۆڕانکارییێک لەسیاسەتی ئەمریکا کە لەبەرژەوەندی کورد بێت، یان بەرپابوونی جەنگ لەنێوان ئەمریکاو ئێران، یان شەڕێکی ناوخۆیی لەناوەند و باشووری عێراق، یان کودەتایێکی سەربازی بۆماوەیەک چاو لەکوردستان بپۆشێ. تاوەکو سەرلەنوێ گەشبین بێت بەگەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان، بە گەڕانەوەی دەستە چەپی رووباری دیجلە لەموسڵ کە بێ شک کوردستانە.



دیمەنێک لە تەقینەوەکانی شارەکانی عێراق

## مرۆ (٩٧)

# بۆ میللەتی کورد لەهەر کوێیەک هەن ...

ماوەیەکە گینگڵ دەدەم و خۆم دەخۆمەوە، لەمێشکمدا دێت و دەچێت، چۆن بتواندرێ ئەو کاغەزو کتێب و دەستخەت و دیکۆمێنت و ئەو شتە کۆنانەی کە لەنێو ماڵەکانی کۆمەڵگای کوردەواری ئاخندراون و زۆرێک لەوماڵانە لەوانەیە خوێندەوارییان هەبێ یان نەبێ و کتێبەکان و دەستخەتەکانیش لەبەر ساردی و گەرمی و شێداری تێکبچن و وەکو چەندین کەسی دیکە لێرەو لەوێ لێوەیانمان بیستووەو گوتوویانە:"تەرەشوح لێیدایە، بارانی بەرکەوت، بەخوای نەمزانی نانم پێکرد، فرۆشتم دامە پاقلە فرۆش، قەبارەکەی زۆر گەورەبوو بردم بۆ کوبە فرۆشەکە، جێگای زۆر گرتبوو فرۆشتم، ئەو کاغەزو ماغەزانە چییە مرۆڤ خۆی پێوە خەریک بکات! بەخوای بابە بەدوای کڵاوی بابردوو کەوتوویت، هەرناشزانم ئەو کتێبە کۆنانە چی تێدایە، بەهیچ زمانێک لێی حاڵی نەبووم، وێنەکان، بەردەکان، دەستنووسەکان، جل و بەرگەکان ...هتد" هەموو ئەو شتانەی باسم کرد، کە لە زۆربەی ماڵەکاندا هەیە. ئینجا من دەمەوێ بەدەنگێکی بەرز هاوار بکەم و بڵێم: بۆ ئەوەی هەموو میللەتی کوردو کاربەدەستانی کوردستان گوێیان لێبێ و ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ بکەن، پڕۆژەکەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:



حەمید ئەبوبەکر بەدرخان


* لەوەتەی چاومان کردۆتەوەو دنیا دیتە بووین، لە کۆڵانەکان چەندین سەنعەتکارو کاری دیکە هاوار هاواریان بووەو بانگیان رادێراوەو گوتوویانە: "مەقەست تیژ دەکەینەوە، ورتکەنان ورتکە نان دەکرینەوە، مریشک و هێلکەو قوماش دەفرۆشین، کەرەستەو شووشەوات بەقیست، قەرەوێڵەی کۆن و موبەریدەی کۆن، سەلاجەی کۆن، ددان چاکدەکەین، تەشی و تیرۆگ و فەرش دەفرۆشین...هتد" هەموو ئەوانەی باسکرا، تاوەکو ئێستاش زۆرێک لەوانە هەر هەیەو بەردەوامن..

بەڵام دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان دەخوازێ، ئەگەر تەمەن هاوکاربێ، دوو ئۆتۆمبێل تەرخان بکرێت "تایبەت بێ" بەو کارەو لەگەڵ "3" تیمی خوێندەوار بەپێی نەخشەو بەرنامەیەکی داڕێژراو لە گەڕەکەکان و گوندو ناحیەو قەزاو شارەکان بگەڕێت هاوار بکات و بڵێت: "رەحمەتی خوداتان لێبێ، هەرکەسێ کاغەزی کۆن و نەخشەی کۆن و نووشتەی کۆن و جەوازی کۆن و نفوسی کۆن و قاپ و قاچاغی کۆن و هتد..."ی لایە لێیدەکڕین و بەشێوەیەکی جوان لە دووتوێی کتێب یا لە مۆزەخانە بەناوی ئەو دەپارێزرێت، چونکە ئەوە هیممەتێکە، خۆشەویستیشە بۆ"خاک و نیشتیمان و نەتەوە".

بەدرخان بەو هیوایەیە هەر یەکێک ئەو پرۆژەی قبووڵکرد، ئاگادارمان بکاتەوە، چونکە "6"مانگە کاری بۆ دەکەین، هەر ناوێکی لێدەنێین ئەوە بۆ دوایی، لەبەر ئەوەی هەستدەکرێ، خەڵکێکی زۆر ئامادەیە هاوکاری ئەو جۆرە پڕۆژانە بکات.

لەمڕۆ بەدواوە هەریەکێک هاتە وڵاتی من"کوردستان"هیچ شتێکی گرانبەهای مەملەکەتی خۆمی بەدیاری نادەمێ، بەڵکو دەیبەم بۆ"ئەشکەوتی شانەدەر و ئەشکەوتی هەزار مێرد و ئەشکەوتی جاسەنەو خنس و شوێنەوارەکانی مەسیحییەکان لەکوردستان، یا جوانترین کتێب بەچاپی تازەی بەدیاری بۆ دەکڕم و قسەشی لەگەڵ دەکەم و پێی دەڵێم: "بەڕێز.. لە مەملەکەتی ئێوە، هیچ دەستنووس هەیە باسی مەملەکەتی ئێمە "کوردستان" بکات؟ ئەویش بەدڵنیاییەوە دەڵێ: بەڵێ، زۆر نووسین و دیکۆمێنت هەیە، ئێمەش ئیمەیلی خۆمانیان پێدەدەین و پێیدەڵێین: بەو ئیمەیڵە ئەگەر دەتوانی نووسین و دیکۆمێنتەکانمان بۆ بنێرەوە".

## پێشینەی خانووبەرەو سوودمەندەکان



پارێزەری راوێژکار حوسامەدین سەرداری

دانی پێشینەی خانووبەرە بە هاولاتیان جۆرێکە لە خەمخواردنی دەسەلات بۆ کەم کردنەوەی کێشەی هاولاتیان سەبارەت بە قەیرانی نیشتەجێ و هاندانیان و یارمەتی دانیان بۆ ئەوەی ببن بە خاوەن خانووی خۆیان و رزگارکردنیان لە کرێچیاتی، ئەمەشیان جێگەی دەستخۆشییە، بەلام ئەگەر سەردانێکی بانکی خانووبەرە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرینەی هاولاتیان کێشەی سوودمەند نەبوونیان دەخەنە روو، کە گوایە زۆربەیان بە دوو کەس خاوەنی پارچە زەویەکی ٢٠٠م٢ یان ٢٥٠م٢ و رێنماییەکانی داراییش رێگە نادات ئەم ١٢ملیۆن دینارە بدرێتە هەردوو خاوەن زەویەکە، بەم جۆرە سوودمەندی راستەقینە کەم دەبێتەوە . بۆ یە پێشنیار دەکەین کە بە زووترین کات چارەسەرێک بۆ ئەم کێشە یە دیاری بکەن، ئەویش یان سەرۆکایەتی شارەوانی هەلسێت بە ئیفراز کردنی پارچە زەوی ٢٠٠م٢ و ٢٥٠م٢ بۆ دووپارچەی ١٠٠م٢ و ١٢٥م٢ هەرخاوەن نیو پارچە زەوی ببێتە خاوەن وێنەی تۆماری سەربەخۆی خۆی، بەم جۆرە مۆلەتی بینا بە تەنیایی بە ناوی خۆی رێکبخات و سولفەی عەقاری بە تەنیا بۆ خۆی وەربگرێت . یان رێنماییەک دەربچێت کە ئەگەر خاوەن پارچە زەویەکی ٢٠٠ یا ٢٥٠ م٢ دوو کەس بن بە بێ ئیفراز کردن هەردووکیان سوودمەند بن بە تەواوی پێشینەکە و هیچ پەیوەندییەکی هاوبەش لە وەرگرتن و وەرنەگرتنی پێشینەکەبۆ هەردوو هاوبەش نەمێنێت، بەم جۆرە زۆرترین هاولاتی موستەحەق سوودمەند دەبن لە سولفەکە و ئامانجی دانی پێشینەشەکەش دەپێکێت و خۆشی و شادی دەکەوێتە مالی زۆرترین داواکارانی پێشینەکە . داواکارین لە لایەنی پەیوەندیدار بە زووترین کات بە دەم ئەم پێشنیارەمان بچن لەگەل رێزمان.

### خوێندنەوەی لاپەڕەکان ... ئەو شەوو رۆژانەی لەبیرم ناچنەوە

# دەترسام پێشمەرگەکان بە هەڵە بمگرن و بمکەنە نێچیرو قۆڵبەستم بکەن

**حاجی مەمۆ**

ئەو رۆژە لەو بنارەمان بەسەربرد و بەدەم جۆگەلەی ئاوی کانیاوان کەوتینە خۆشووشتن و لەناو ئاوەکە بووم، هاوڕێ برایم سماقە لە نزیکی منەوە بوو، دیاربوو سابوونی پێ نەبوو، هەر ئاوی بەخۆی دادەکرد، بانگم کرد و گوتم هاوڕێ ئەگەر سابوونت پێ نییە هەتا من بۆتی هەڵدەم، گوتی، ناپێم نییە، بەڵکو ئەگەر لەخۆت زیادە بۆمی هەڵدە، منیش سابوونەکەم بۆ هاوێشت و سابونەکە بەر بەردێکی ناو ئاوەکە کەوت و هەپڕوون بە هەپڕوون بوو، بۆ یەکەمجار گوێم لێ بوو، هاوڕێ ئەحمەد قەمبەری لە تەکمانەوە گوتی: ئەرێ وەڵلا سابوونەکە (پەتار پەتار) بوو، وشەکەم زۆر بەگوێ خۆش بوو، دوایی چەند جارێک لەکاک ئەحمەدم دووپات کردەوە و بڕیارمدا لە دەفتەرێک ئەو وشە تاک و تەرایانە بنووسم.

ئێوارەکەی لە گوندی (سماقولی گەری) لەگەڵ هەرێمی هەشت یەکترمان گرتەوە و کاک شێخ عەلی لەدوورەوە بە پێکەنینەوە پێشوازی لێکردم و پێی گوتم، باش بوو هەر ئەو کۆمەڵە پێشمەرگەیە بەیاغ و سەلامەتی گەڕایەوە. دواتر پێی راگەیاندم ئەوان هەواڵیان هەیە مەفرەزەیەکی هەرێمی سەرکردایەتی وا لەبناری چیای کۆسرەتە و بەنیازن لەو رۆژانە بەرەو سەرکردایەتی بگەڕێنەوە، هەرێم مەفرەزەیەکی خۆی ئامادەکردووە لەگەڵ پۆستەی خۆیان بۆ سەرکردایەتی. ئەگەر بەندەش نیازی سەرکردایەتیم هەیە، وا چاکە هەر یەکسەر لەگەڵ ئەوان بڕۆم. منیش خۆم ئەو نیازەم هەبوو یەکسەر بەرەو سەرکردایەتی بەڕێ بکەوم، زۆرم پێ باش بوو، هەر ئەو شەوە ماڵئاواییم لەو هاوڕێیانە یەکە یەکە کرد، کە لەگەڵ هێزەکەی هەرێم بوون، بەداخەوە ئەو شەوە هاوڕێ (مامۆستا کاوە) بەلایەکی دیکەوە چوو بوو، ئیتر جارێکی دیکە نەمدیتەوە، چونکە دوایی لەشەڕێکی دەستەویەخەی پێشمەرگە و هێزی دوژمن لەبناری سەفین شەهید بوو.

ئەو شەوە لە چیرۆکی پێشمەرگایەتی مندا، شەوێکی هێجگار پڕ زەحمەت و دەردەسەری بوو، چونکە لە پێشەوە تەسلیمی دەستی مەفرەزەیەکی شپرێو و نارێکیان کردم و ئەو دۆزەم هەر زوو لەدەمی پەڕینەوە لەجادەی رێگای دۆکان- رانیە لەنزیکەی سێ کوچکەی بەرەو چنارۆکی بناری چیای هەیبەتسوڵتان بەدی کرد، ناوچەکە تەنرابوو بە تەپکە و رەبیەی هێزەکانی رژێم، بەجۆرێک سەرگرد و بەرزایی ئەم بەروبەری جادەکە نەمابوو، تەپکەیەکی سەربازی بەسەرەوە نەبێت بۆ پارێزگاری لە هاتووچۆکردنی جادەکە، سەرباری مەترسی هەبوونی کەمین و بۆسەی هێزەکانی رژێم، ئەو مەفرەزەیەی ئێمە بەبێ هیچ جۆرە پلان و نەخشەیەک، گاڕانی و بەکۆمەڵ لە جادەکە پەڕینەوە، تومەز یەکێکمان لەگەڵ بوو، دوایی زانیم ئەوە رەشید ئەنوەر بەگی بالیسان بوو، کە پاڵێوراوی ئەندامێتی کارتۆنی حوکمی زاتی رژێم بوو، مەفرەزەیەک لەدۆڵی بالیسان دەستگیریان کردبوو، هاوڕێ شێخ عەلی وەک دەستگیرکراوێک گەرەکی بوو، وەک چالاکییەک رەوانەی سەرکردایەتی بکات، منیش لەو رێگایەدا بێ چەک بووم، لەتەک ئەو ناوبراوە دەڕۆیشتم، هەر ئەوەندەم زانی، لە پەڕینەوەی جادەکە کرایە دەنگە دەنگ و غەلب و هۆڕکردن، کە یەکسەر دراینە بەر دەستڕێژی تەقەی هەموو جۆرە چەکێکی هێزەکانی جێگیری رژێم لە مۆڵگەکانیاندا، بەراستی بۆمنی بێ چەک و نەشارەزاو بێ ئەزموون وەک کەوتنە فاقەوە بوو، چونکە لەو تاوەدا کەس نەبووە برای کەس و هەریەکە بەلایەکدا خەریکی رزگارکردنی خۆی بوو، ئێستاش نازانم چۆن کەسمان فیشەکێکی بەرنەکەوت، بەدوو چاوەکانی خۆم دوای بازدانە کەناری جادەکە دەسرازەی ئەو دەستڕێژانەم دەدیت، کە لەبەر جادەکە دەکەوتن و گوللەکان بەدوای یەکترییەوە هەڵدەبەزینەوە و دەتگوت بەزم و رەزمی زەماوەندی تاریکایی شەو و ترس و لەرزی ئێمە دەگێڕن.


مەفرەزەکە بەناو لەلایەن رەحمان ناوێکی خەڵکی گوندی زیارەتی بناری سەفین سەرپەرشتی دەکرا، لەو تەنگەتاوی و ئەنگوستە چاوە، ئەوەندەی هێزم تێدابوو چاوم دابووە دوای یەک دوو پێشمەرگە کە بەلێواری کەندەڵانێکی نیمچە بەستێکەوە بای غارێیان پێوە نابوو، بەبێ ئەوەی بزانم بەرەو کوێ دەچم، دوایان کەوتم.. مەودایەکی باش رامان کرد، کە لێیان نزیک بوومەوە، هانکە هانکم پێ کەوتبوو، یەکێکیان لێم هاتە پێش و بەمنی گوت، ئەدی ئەوە گیراوەکە لەگەڵ تۆ نەبوو؟

منیش لەدڵی خۆمدا گوتم، بەخوای جوانە! بەکێ دەڵێ گیراوەکە چی بەسەرهات! بەڵام لەگەڵ پرسیارەکەی ئەوان ئاوڕم بۆ پشتەوە دایەوە و هەندێ تارمایی کەوتنە بەرچاوم، گوتم ئەگەر چاوم رەشکەو پێشکە نەکات، یەک دوانێک لەدواوەی منەوەن، پاش هەندێ خۆ مەلاس دان، سەیرمان کرد یەکێکی دیکەی وەک خۆم بێ چەک زۆر بە هەناسەبڕکێ گەیشتە لامان کە لێی وردبوومەوە، هاوڕێ هیوا (ئازادی مەلا شینە) بوو، هەناسەیەکی شادومانی هەڵکێشا کە ئێمەی ناسییەوە و ئەویش گوتی: گیراوەکە بەرەو رەبیەکان ملی رێگای گرت! ئێمە ئەو چوارە دوای هەندێک فیتە فیت کردن، بە تایبەتی یەکێک لە پێشمەرگەکان کەوتە جووڵە جووڵێکی ئێرەو ئەوێ، دوایی بۆم دەرکەوت ئەوە ئەو جووتە برایەی خەڵکی گوندی (مەلەکان)ن کە چەند هەفتەیەک بوو لەناو مەفرەزەیەکی پارتی هاتبوونە ناو هێزی پێشمەرگەی یەکێتی و ئەو پێشمەرگە چوستەش کە سووسەی ئێرەو ئەوێی دەکرد، ناوی عەزیز مەلەکی بوو، بەڵام ناوی برایەکەیم لەبیر نەماوە.

دواتر کاک عەزیز بەپێی شارەزایی خۆی رێنمایی ئێمەی کرد، کە باشتر وایە بە خشکەیی لە نێوان ئەو گردۆلکانەی کەناری بەستەکە، کە تەپکەی هێزە سەربازییەکانی دوژمنی بەسەرەوە بوو، دەبێ بپەڕینەوە بۆ بەری (دارقەمتەرانێ) ... من و هیوا بە ناچاری دوایان کەوتین، رێگاکە بەردەڵانێکی سەیر و رەق و تەق بوو، بەردەکانی بەرپێمان وەک نووکەشاخ تیژ و لووس بوون، زوو زوو رەتم دەبرد و بەردەبوومەوە، تاکو بەجۆرێک پەنجە گەورەکانی پێم لەبنی کلاشەکەی پێمەوە دەرچووبوون، هەموو جارێ کە هەنگاوم دەناو بەر ئەو بەردانە دەکەوتن، هەر ئەوەتە لەناو ئازارەکانیان هاوارم نەدەکرد و هەندێ جاران بەدەستم دەمی خۆم دەگرت، نەوەک لە حەژمەتان بقیژێنم! پاش مەودایەک لەنێوان دوو گردۆڵکەکە و تەقە لێنەکردنی هێزەکانی رژێم، لە دوورەوە هەندێ تارمایی مرۆڤمان بەدی کرد و هاوڕێ هیوا هەرزوو یەکێکیانی ناسییەوە، کە هاوڕێیەکی دیکەی کۆمەڵە بوو بەناوی محەمەد ژۆژکە و بەر لەماوەیەک لەدۆڵی بالیسان لە شەڕوپێکدادان لەگەڵ هێزەکانی (حسک) بریندار بوو، فیشەکێک بەر نەرمەی رانی چەپی کەوتبوو، بەشەلە شەل رێی دەکرد، دیارە بە وریایی و چاپووکی خۆی بەر لە ئێمە گەیشتبووە ئەو شوێنە، کە دیاربوو بە ناوچەکەش ناسیار بوو، بەناوی چارەسەری برینەکەی بۆ سەرکردایەتی دەهات، کە هاوڕێ هیواش بۆ هەمان مەبەست بوو، تووشی نەخۆشی سیل ببوو، تا بڵێی لاواز و رەنگ زەرد هەڵگەڕابوو، ئەم راکە راکەیە زۆرتر شپرزەی کردبوو، بەجۆرێک لووتت بگرتایە، لەوێ گیانی دەردەچوو، کەچی خۆشەویستی ژیان و ئومێدی چاکبوونەوە گەیاندییە سەرکردایەتی و سەردانی پزیشکی شۆڕش و چوونە دیوی ئێران بە تەواوی چاکبووەو پێشمەرگەیەکی زۆر قارەمان و دەست وەشێنی لێ دەرچوو، تاکو بەر لە ئەنفالەکان کەوتە دەست دوژمنەوە و لە زیندان لە سێدارە درا.

لێرەدا چەند زۆرتر دەڕۆیشتین، تووشی چەند پێشمەرگەیەکی دیکەی راکردووی لەئێمە چاپووکتر دەبووین، نابێ ئەوەشم لەبیربچێ لەدەمی تەقەکانی هێزی رژێم، من لەسەر جادەکە ساتمەم کرد و چاویلکەکەی چاوم لێ بەربۆوە و بەدەست گێڕان دۆزیمەوە، بەڵام شووشەی چاوێکی ورد و خاش ببوو، یەک چاویلکەی مابوو، کەچی هەر لەچاوم کرد، دیاربوو یەکێک لە پێشمەرگەکان گەڕایەوە سەرم وایدەزانی پێکراوم، دوایی بۆم دەرکەوت هەر ئەو کاک عەزیز مەلەکییە بوو کە دڵی پێم سووتابوو، بەمەبەستی سەردانی ژن و منداڵەکان لەشارەکانی ئێران دەهاتە سەرکردایەتی بەدوای هەندێ مرومۆکردن، پێشمەرگە هەموو تەواو بوون، تەنیا گیراوەکەمان لەدەست دەرچووبوو کە هیچ کەسێک خۆی لێ نەکردبووە خاوەن، چەند پێشمەرگەیەک لەو شوێنە دوورەوە خۆیان تارومار کرد، بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو، خەریک بوو لەناو خۆیان دەمیان تێکدەنا، من بەو هەموو شەکەت بوونەی خۆم، بەدەنگ هاتم و گوتم: براینە پێویست بەو هەراو هۆریایە ناکات، ئەوەی بوو تازە ناگەڕێتەوە، زووکەن با خۆمان لەو شوێنە نزیکە دەستەی هێزەکانی رژێم دوور بخەینەوە و دوایی باسی لێوە دەکەین. ئەوەبوو وەک ئاو بە ئاگر داکرابێت، هاوڕێ محەمەد ژۆژکەیی پێشکەوت و منیش لەگەڵ هیواو عەزیز و برایەکەی لەدواوە بەشەلە شەل دوایان کەوتین، پێش بەرەبەیان دروست بەرانبەر (داری قەمتەران) بە بەری بناری کۆسرەتەوە هەندێ کەپر و ماڵمان کەوتە سەر رێگا و بەهەر شێوەیەک بوو لەوێ لەماڵێک پێڵاوێکیان بۆ پەیداکردم و لەپێمکرد، دوای نان وەرگرتن بەپرتاوی ئەو شوێنەمان رووەو گەلی خدران بەجێهێشت. هێشتا سەرەتای زەردەی رۆژهەڵاتن بوو، خۆمان گەیاندە بناری شاخەکەوە. نابێ ئەوەشم لەبیر بچێت کە لە شوێنی چەقە چەقی نێوان پێشمەرگەکان بەدوای قسەکانی منەوە هاوڕێ محەمەد ژۆژگەیی پشتگیری کردم و کاک عەزیز مەلەکی بەهەمووانی گوت: کە ئەو خۆی و برایەکەی تازە بۆ دواوە ناگەڕێنەوە و هەریەکێک لەگەڵ ئەو دێت، فەرموون بەرێبکەوین، ئەوجا ئەوانی دیکە ملی رێگا برینەکەیان گرت.. دیسانەوە دەبێ ئەوەش بنووسم کە لەو سەفەرە ناخۆشەدا ئەوەی زۆرتر نیگەران و شپرزەی کردبووم، ترسم هەبوو لەلایەن یەکێک لەو پێشمەرگانەوە بکرێمە نێچیر و پەلبەستم بکەن و بەدیاری بۆ دوژمنم بەرنەوە، بە تایبەتی بیستبوویان من کادیرێکی پێشکەوتووی کۆمەڵە و ئەندامی سەرکردایەتی ناوخۆم و نامە و پۆستی هەمەجۆرم پێ بوو، بەجۆرێک لەو شەوە بڕواو پشتم بەهیچ یەکێک قایم نەبوو، ئەوجا ئەوەش بەسەر قاچ و قوولم هاتبوو، سەربار بوو کە دواتر زۆری ئازاردام و بەدرێژایی کاروانەکە پێوەی ناڵیوم.

**بەشی حەڤدەهەم**



حاجی مەمۆ

# بیرەوەرییەکانی زیندانییەکی سیاسی لەودیوی تەلبەندەکانەوە



**سەرداری کاکە حەمە بەرزنجی**

وابزانم لە هیچ وڵاتێکی دنیا دادگای وا سەیرو سەمەرە نەبووەو نییەو ناشبێ...! کاتێک پەنجە مۆرت پێدەکەن لەسەر لاپەڕەی بەناوی"وتەکانت" "ئیفادەکەت" تۆ ئامادە دەکرێی لەگەڵ چل پەنجا کەسی دیکە وەکو مەڕو ماڵات بۆ قەسابخانە، مەبەستم دادگایە پێش ئەوەی بچیتە ژووری دادگا سەرو سمێڵت دەتراشن.. بەڵام چۆن تراشینێک...! ئەوەی بەچاوی خۆی نەیدیبێ ناهەقی نییە گەر بڕوا نەکات بەشێوەی جەوی جەوی لا سمێڵێکت دەتراشن لایەکی دەهێڵنەوە پرچە زۆرە ئەسپێیاوییەکەت بە مەکینە نیشانەی"+، –، *"لێدەکەن.. ردێنیشت نیوە ناچڵ ئەتک دەکەن ئاوێنەو نەینۆک نییە سەرو روخسار و شکلی ئەتککراوی خۆت ببینی.. بەڵام برادەرەکانت دەبینی لەو بارودۆخەش پێکەنینت بەوان دێت، ئەوانیش تۆ دەبینن بەهەمان شێوە پێکەنینان بەتۆ دێت.. سەرتان نەیەشێنم چل پەنجا کەسی ئەتککراو بە مەیمون کراو شپرزەکراو.. لێدراو قاچ ئاوساو پشت و زگ وەک داشی دامە لێکراو.. برسی بۆ ئاوو نان و هەوای پاک.. دەچیتە بەردەوام دادگای تایبەت، سێ چوارێک بەجلی سەربازی سەرشان پڕ داڵ و ئەستێرەو خەتی سوور و سەرگیرفان پڕ خەتی رەنگاوڕەنگ خاوێن و جل ئوتوکراو و ریش تراشاو.. ناوەکان دەخوێندرێتەوە.. کابرایەکیش لەخوارووی ئەوان دانیشتووە، کە گوایە نوێنەری"الادعا العام"ە، بەرامبەریشی باش کاتبێک شتەکان دەنووسێتەوە.. هەروەکو هەموو دادگاکان "باسم الشعب"بڕیارەکانی دادگا دەخوێندرێتەوە بە مێگەلی حوکم دەردەچێت، نە پارێزەری بەرگری و نە پارێزەر بوونی هەیە"ولاهم یحزنون".. دە دوانزەیەک"اعدام شنقا" یا"رمی بالرصاص" ئینجا زیندانی هەتا هەتایی و پانزە ساڵی و "١٠"ساڵ دەستپێدەکات هەتا پێنج ساڵ و یەک مانگ و دووساڵ و یەک ساڵ و بۆ خۆی چێشت چوار سێ چوارێکیش"افراج"دەکرێن لەبەر نەبوونی بەڵگە...! ئێمە هەرسێکمان حوکمدراین بە پێنج ساڵ و یەک مانگ، بەپێی ماددەی یاسایی ژمارە"٢٠٤" لە یاسای سزادانی عێراقی.

دواتر واتە دوای تەواوبوونی ئەو مەراسیمە کاریکاتێرییە کە هەر لە مەهزەلە دەچوو گەڕێندراینەوە بۆ"هەیئە" رۆژی دواتر سەیارە قەفەسەکانی تەسفیرات بە حیمایەوە ئامادەکراو رەوانەی بەغدا کراین، لەوێش یەکسەر بۆ ئەبوغرێب، کە گەیشتینە ئەبو غرێب، دەوامی یاسایی کۆتایی هاتبوو.. دەرگاو بانەکان هەمووی داخرابوون، ئێمەیان بردە"الاحکام الثقیلة" چونکە پێنج ساڵ حوکمەکەی ئێمە کلکێکی یەک مانگی پێوەبوو بارەکەمان پقیلە بوو.. لەوێش ماندوو.. تێنوو.. برسی.. هیلاک.. چڵکن.. ئەسپێیاوی لە مەمەرێکیان کردین وەکو ئەوەی سەربازی دیلی جوولەکەیان گرتبێ لە رزگارکردنی قودس، نازانم کوێ و کوێ.. بە پاسەوان و رەقیب مەئموران تێمان وەرهاتن کورە هەتا بەندییەکانی ئەوانەی سیخوڕ و کاسەلێسی دایەرەش بوون لێیانداین.. کارێکیان پێکردین بابە دەواری شڕی ناکات.. بەدەیان سات و هەناسەو نزا تەمەنناى مەرگمان دەخواست.. بە نەعل و کێبڵ و کلکە ماسیحە و بۆکس و شەق و پێلاقە کورە هەرچییەکیان بەردەست بکەوتایە پێیان لێ دەداین، ئینجا دەیانگوت یاڵلا راکەن.. ئێمەش بەو بارودۆخە پێنج شەش مانگە بەزگی خۆمان تێرمان نەخواردووە.. تێری ئاوی خواردنەوەش نەبووین.. هەتاوی خواییمان نەبینیبوو.. چۆن دەتوانین رابکەین.. بەڵام هەروەکو دەڵێن: رۆح خۆشەویستە، لەترسی لێدان و ئازاری جەستەمان هەموومان ببووینە ئاسک و کارمامز.. پاش تاوێک لەوان گەورەتر هات و هەموومانی ریزکرد و ناوەکانیان خوێندەوە..

سێ سێ و چوار چوار بەسەر قاوشەکان دابەشیان کردین.. سەرو قاتی جلی"کانە"ی، سپییان داینێ و گوتیان: ئەوەش سەرتاشخانەیە بڕۆن ریزبن تا سەرتان بتاشن، من و برادەرێکی گەرمیانی ناوی"محەمەد"بوو، بەر قاوشی"٥"کەوتین، ئەو برادەرە نازانم ئێستا ماوە یان نا؟.. مریشکی دەواجن کاتێک لەقەفەس دێتە دەرەوە حۆڵ و گێژ و دەڵێی شەپرە لێیداوە، ئێمەش خراپتر بووین لەبەر هەتاو چاومان هەڵنەدەهات.. ئەبوغرێب لەچاو"هەیئەی کەرکووک"بۆ ئێمە لە مۆتێلێکی پێنج ئەستێرە دەچوو.

**بەشی دووەم**

# تیرۆری ئەهلی قەڵەم لە کەرکووک

**مەهدی جەبار- کەرکووک**

بەپێی هەموو پێودانگێک و لێکدانەوەی سیاسییەکان و بیرمەندانی کۆمەڵگەی مەدەنـی و زۆرێکیش لـە بیرمەندە ئیسلامییەکان، ئەمڕۆ لـە تەواوی جیهاندا تیرۆر هەڕەشە لە ئۆقرەیی و ئاسایشی جیهانی دەکات لە مەڕ ئەوکارە توندڕەوانەی ئەمڕۆ جیهان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتـی ناوینی گرتۆتەوە، عێراق پشکی گەورەی کردەوە تیرۆرستییەکانی بەرکەوتووە، لەم نێوەندەشدا تیرۆری ئەهلـی قەڵەم لە تـەواوی عیراداو بە تایبەت کەرکووک شـێوە دیاردەیەکی لـە خـۆ گرتـووە هەرچەنـدە ئەو قوربانیانەی لە پشکی ڕۆژنامەنووسان کەوتووە، لـە ڕووی جـۆری بوونـە قوربانییان جیاوازن، بەڵام تیرۆرکردنی نزیکـەی بیسـت ڕۆژنامە نـووس و ئەهلی قەڵـەم لە کەرکـووک مایەی ماڵوێرانـی و گورزێکـی گورچکبـڕە لـە ڕەوتـی کاری ڕۆژنامەوانـی، لە هەمـان کاتـدا ناتەندروسـتی و نالەباری بارودۆخی ئاسایشـی ئەو شـارەیە، هەرچی دەزگا ئەمنییەکانی کەرکووکیشـە هەنووکـەش موەفەق نەبوون لە لێکۆڵینەوەکانیاندا، ئەگەر ئەنجامێکیشـیان بووبێـت ئـەوا ڕەنگە بێ ئینسـافی بێـت لە هاوەڵی ڕۆژنامەنووسـان هۆی تیـرۆری هاو قەڵەمەکانیـان نەزانن، چونکە دەبینن زۆر هەواڵ دەربـارەی تیرۆری قەڵەم ڕەوان بڵاودەبێتەوە، کە هەم شەقامی کەرکووک وهەم ڕۆژنامەنووسانیش، بەد گوومانیان لا دروسـت بووە لەسـەر ڕاستگۆیی هەواڵەکان

بەردەوامبوونی ئەم ڕەوشەو ئەم بۆمبە خەفە کراوەی دی لە پشـتی تیرۆری ئەهلـی قەڵەم و ئاشـکرا نەبوونی ڕاسـتی و دروسـتی ڕووداوەکان بە جۆرێک دڵەڕاوکێ لای ڕۆژنامەنووسان خوڵقانـدوە، کە ڕەنگـە هۆکارێک بێت بۆ سڵەمینەوەی ڕۆژنامەنووس و کاردانـەوەی نێگەتیڤانـەی خۆی لەسـەر مەهامـی پیـرۆزی ئەهلی قەڵـەم هەبێـت، کە دەرخسـتنی ڕاستییەکانەو برەودانە پێی، لێرەوە لـە دووا وێسـتگەی ئـەم وتارەوە چەنـد پرسـیارێک دەوروژێنیـن، بەڵکو پیاو چاکێک وەڵامەکەی لابێت !، تیـرۆری ئەهلی قەڵـەم لە پای چـی و بۆچی؟ئاخـۆ ڕەهەندەکانی پشـت پەردەی ئەهلـی قەڵەم چین؟ ئاشکرانەکردنی ڕاسـتییەکانی تیرۆری پەریزادەکانی وشە کێ لێی بەرپرسیارە ؟ تاکەی هەنگاونان بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان بەگوللە وەڵام دەرێتەوە ؟ تاکەی ئاوەژووبوونی ئەم بارودۆخە بەردەوام دەبێت؟



شەهید سۆران مامە حەمە

# لەتیف فاتح فەرەج : تا ئێستا لە کەرکووک نزیکەی بسیت ڕۆژنامەنووس تیرۆر کراون

**لەتیـف فاتیـح فەرەج:بەرپرسـی لقی کەرکووکی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کەرکووک، لـە دیمانەیەکـی بەدرخاندا ڕەوشی کاری ڕۆژنامەنووسان لە کەرکووک دەخاتـەڕوو باسـی کاریگـەری ئـەو بارودۆخـە ئەمنیە دەکات لـە کەرکووک، کـە ڕۆژنامەنووسـان و ئەهلی قەڵـەم پێـدا تێپەڕدەبـن و دەڵـێ : هێشـتا کەرکـووک لەقۆناغـی هاوارکردنی کارو ڕۆژنامەوانیدایە.**

**ئا: مەهدی - بێستوون**

*** ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی لە کەرکووکدا لە چ ئاستێکدایە؟**

– ئەگەر قسە لەسەر ٢٠٠٣/٤/٩ بـەدواوە بکەیـن جۆرێـک لە هەناسـەدان هەیە نـەک تەنها بۆ ڕۆژنامەنـووس، بە ڵکو بۆ تـەواوی گـروپ و پێکهاتەکانی دیکەش، سەرزەمینێک ڕەخساوە بۆ قسە کردن، بۆ بیرکردنەوەو بۆ هاوار کردن، چۆن لە کوردەواریدا قسەیەک هەیە دەڵێ:( دەمم نەبێ حاکم پێم نەبێ ڕاکەم قوڕی کوێ بەسـەرکەم) بۆ ئـەوەی خەڵک هاواربکات، لە رابردوودا ئەمانە نەبـوو چۆن کەسـێک دەسـت بەسـەر دەمیدا بنێیـت کاتێک دەیەوێ هاوار کا، کە دەسـت لا دەبەیت چی هاوارێکەدەردەچێت کاری ڕۆژنامەوانی لە ئێسـتای کەرکووکـدا وەهایە، تا سـاڵی ١٩٥٨ بواری هەناسەدان کەم بووە لەو مێـژووەوە تا ١٩٦٣ دۆخەکە گـۆڕاوە ڕووەو ئیجابیەت، لەو مێـژووەوە تـا ٢٠٠٣ بـواری هەناسـەدان نەبووە، کاتێک کە ئەو بـوارە دەرەخسـێ هەموو ئەوانەی ئەهلی قەڵەمن دەیانەوی قسە بکەن بە عەرەب و تورکمان و کوردو سەرجەم پێکهاتەکانەوە، زەمینەی دوای ٢٠٠٣ دەکرێ ناوی بنیین سـەر زەمینـی تەقینەوە بۆ دەربڕین، نەک سـەرزەمینی داهێنـان و گۆڕانکاری، کە ئەمە دەبێت هەموو دێن قسـە دەکەن، لەو چرکە سـاتانەدا ڕۆژنامەی جۆراو جۆر دەردەچێت ڕۆژنامەی کاڵ، ڕۆژنامەی بـاش و خراپ لەناو ئەمەدا فەوزایەک دروست دەبێت دواتر ئەم شەپۆلانە ئەوەی کە مروارییەکەیە گۆڕان باسـی ئەکات لە بنیـا بلەرزێ، زیخ و چەو، ئەو زیخ و چەوەی بەڕاستی کاری ڕۆژنامەوانیین، ئەمانـە جوانی و ستاتیکای ڕۆژنامەگەرین و ئەمێننەوە ئێمە لە و دۆخەداین تا ئێستا ئێمە لە قۆناغی هاوار کردنداین وەکو ڕۆژنامەنووسـی کەرکووکی.

*** ئەمە بەو واتایـەی ڕۆژنامەگەریی لە کەکوکدا تائێستا نەیتوانیوە وەکو پێویست ڕۆڵی خۆی ببینێ؟**

– هێشـتا هیـچ یـەک لـە پێکهاتـەکان و هیـچ یـەک لە تاکـەکان نەیـان توانیـوە لە کەرکووکدا ڕۆڵی خۆیان ببینن، پێکهاتـەی سیاسـی، پێکهاتەی حیزب، پارێـزگارو ئەنجومەنی پارێزگا، گروپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕێکخراوەکان، ڕۆژنامـەو تەلەفزیۆنەکانیـش وەکوئـەوان لـەو چوارچێوەیە دەرنەچون، هەموومـان لـە قۆناغـی هاوارکردندایـن لـە قۆناغی بەرپرسیارێتی گەورەی گۆڕاندا نیـن، گەر بەخێرایی بە کەرکووکـدا گوزەرێـک بکەیت، بۆت ڕوون دەبێتەوە تا ئێسـتا کەرکـووک قسـە ناکات، کورد کوریانەو عـەرەب عەرەبیانەو تورکمان تورکمانیانەو ئاشووری ئاشـوریانە قسـە دەکات، هیچ یەک لەم نەتەوانە کەرکووکیانە قسـە ناکەن، ئەم حاڵەتانە لە کایەی سیاسـی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریشدا هەیە.

*** ئەرکی ڕۆژنامەنووسان لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا چییە؟ئێوە وەکو سەندیکا؟**

– سـەندیکای ڕۆژنامەنووسان ڕێوشـوێن بـۆ ڕۆژنامەنووس دانانێ، سـەندیکا کاری داکۆکی کردنە لە مافی ڕۆژنامەنووس بۆ بەدی هاتنـی کۆمەڵێک خەون و خولیای بەدی نەهاتوویان، نایەت ئاڕاسـتەیەک دابنـێ و بڵـێ دەبێت ڕۆژنامەنووس لەسـەری کاربکات، ئەمـە ئـاکاری بێت و لەم چـوار چێـوە دەر نەچێت. ڕەنگە پێی بڵێیت ڕۆژنامەکەی تۆ سەرنوسەرو ستافەکەی با ئەندام بن لای من، ڕەنگە بوار بڕەخسێنی بۆ بوون بە ئەندام، بەڵام ناشڵێت ئەبێت ببیـت بەئەندام، بوون بە ئەنـدام و نەبوونی بە دەسـتی ڕۆژنامەنـووس خۆیەتـی. ڕەنگە هەنێک ڕێنمـای بدات بە ڕۆژنامەنـووس، بـەڵام نایەت دەسـت وەربداتـە کارو بـاری ڕۆژنامەنووس.

*** لـە کەرکووک هەوڵێـک هەیە بەناوی ڕۆژنامەی ئەهلی؟**

– جا لە کوردسـتاندا هەوڵێک هەیە بە ناوی ڕۆژنامەی ئەهلی؟ تەقەلایک هەیـە بۆ ئیش کردن. وەرە جارێ با لەسـەر تاکەکان قسە بکەین، ڕۆژنامەنووس هەیە لـە کەرکـووک، لـە هەولێرو سلێمانی و دهۆکیش لە دەرەوەی پەرچەمی سیاسـیدا کاردەکات و موهەریجیش نییـە، واتە بوگ نییە بۆ دەسەڵاتیش ئیش ناکات لە دەرەوەی دەسەڵات دایەو قسەی خۆیشـی دەکا، لـە کەرکووک ئـەو حاڵەتـە هەیە، ئینجـا ئەوە بـزان، بزنسـمان(خاوەن سـەرمایە)ئەتوانێ ڕۆژنامـەی ئەهلی دروسـت بـکات، لێرەدا پرسـیارێک دێت ئـاراوە ئایە ئێمـە لـە کەرکووکـدا خاوەن سەرمایەکانمان گەیشتونەتە ئەو قەناعەتە وەها کارێک بکەن؟من زۆر جار لەگەڵ دەزگاکاندا هەوڵم داوە وتومـە بـا ڕۆژنامەیەک هەبێت لەم شارەداو بەم شێوازو زمانەو فۆرمە کار بکات، کەچی کـەس ئامادەنییـە بچێتە ژێر ئـەو بارەوە، پارەی خۆی بخاتە ئـەم جـۆرە پرۆژانـەوە ئەمە سروشـتی خاوەن سەرمایەکانی کەرکووکـە، بۆیـە پرۆژەیەکی لەو شـێوەیە کارێکی ئاسـان نییە، ڕەنگـە دەزگای ڕاگەیاندن هەبێت سـەرمایە گوزاری بکات بە هـەزار فرت و فێڵ کەسـیش نەزانێ سەرچاوەی داهاتەکەیان لـە کوێوەیە، لـە کەرکووک و لە زۆر شـاری تریش ئەم جۆرە کارە هەیە، ڕۆژنامەگەری کوردی هەتا ئێستا لە زەرەر کار دەکات، بەڵام ڕۆژنامەی، وەهامان هەیە لە پرێکدا بەچەندین نووسینگەو ناوەنـدو سـەیارەوە خـۆی دەنوێنێت، حەقە بپرسـین ئایا ئەمە لە کوێوەو بـە م خێراییە چۆن چۆتە پێشەوە؟

*** ئایا ئیستیغلالی ڕۆژنامەنووس ئەکرێت لەکەرکووک ؟**

– بەڵێ، چـۆن ڕۆژنامەنـووس ئیسـتیغلالی بەرپرس دەکات لە کاتی تایبەتی خۆیداو لەدەرەوەی کاری بەرپرسـیارێتی دایـەو خەریکی خواردنەوەیە یا خەریکی هەر کارێکـی ترە ڕۆژنامەنووس ئیستیغلالی دەکات و وەڵامی لێ دەدزێ و بڵاوی دەکاتەوە، وەهاش مەسـئول هەیە ڕۆژنامەنووس ئیسـتیغلال بکات، بیکرێـت !لە ڕێـگای داوەتێکەوە، لـە ڕێگای هـەر کارێکی تـرەوە بێت هەوڵ بدات ئەو ڕۆژنامەنووسـە بەلای خۆیدا رابکێشـێت، زۆر بەرپرس حەز دەکـەن ڕۆژنامەنووسـان بە شـان و باڵیانـدا هەڵبدەن، ئەمە بۆتـە نەریت لە ڕۆژئاواش وایە، لە ئەمریکا ئۆباما کۆڵێک کەیف خۆشـە بەوەی کە نیۆرک تایمزو واشنتن پۆست و نیوزیک ئەڵێن ئێمە پشـگیری لە ئۆباما دەکەین، ئەمە لای ئێمەو ئەوروپاو ئاسیای باشوور و هەموو دنیادا هەیە شـتێکی ئاسـاییە، بەڵام بەشـێوەیەک بێت لە حەقیقەت نەچێتـە دەرەوە، زۆر ئاسـاییە ئەچیتە لای بەرپرسێک داوەتت دەکات و نان دەخۆی، بەڵام لە دوا وێستگەدا تۆ ڕاستی ئەگوازیتەوە، ئەو پارەیەی مەسئولەکە دای بە خواردنەکە لە نەسـریەکەی دای یان لـە گیرفانـی خۆی، ئەگەر وتت لـە گیرفانی خـۆی ئەوە نابێتە هەواڵ، بەڵام ئەگەر وتت لە بودجەی ئـەو دەزگایەی کە ئەو بەر پرسـیەتی داویەتی، کە نەئەبوو لەوە بیدات، ئەوە دەبێتە هەواڵ، تۆ نانەکەیشیت خواردووە و حەقیقەتت گواستوەتەوە، ئەمە نمەک حەرامی نییە، ئەمە ئیشی تۆیە دەبێت بیکەی.

*** تیرۆرکردنی ئەهلی قەڵەم لە کەرکووک لـە چییـەوە سـەرچاوەی گرتوە، ئایا لە بزێوی ڕۆژنامەنووسەکەوەیە یان پەیوەستە بەقەبوڵ نەکردنی کاری ڕۆژنامەوانییەوە لەکەرکووک؟**

– هەیـە ڕۆژنامەنووسـەکە بـزۆزە، سـەرپێچی ئـەکات، سەرسەختی ئەکات، سەرکێشی ئەکات، هەندێک شت بەنەزرەی سیاسـییەکان بڤەیە، بەنەزەری دەسـەڵاتدارەکان بڤەیـە نابێت جـارێ دەسـتی بـۆ بـەری، وەک زەوی سـوڕانەوەکەی گالیلۆ، لەوسـەردەمەدا گالیلۆ کرا مەخسـەرە، بەڵام ئێسـتا خەڵک پێـی عەیبە بڵـێ زەوی ناسوڕێتەوە، زۆر جار حەقیقەت لەچرکە سـاتێکدا زۆر خەتەرە بیڵێ، بەڵام لەچرکە ساتێکی تردا ئاساییە وتنی، هەندێ جاریش ڕۆژنامەنووسـەکە نییە، بەڵکو بەدحاڵی بوونی دەسـەڵاتدارانە کەپێیان وایە دەبێ ڕۆژنامەنووس کاری جوانکردنی ئیشەکانی ئەوان بێت، لەکاتێکـدا ڕۆژنامەنووس ئەرکی گواسـتنەوەی ڕاسـتییە بۆ خەڵـک، جیاوازییەک هەیە لەمەدا سیاسـییەکان ئەیانەوێ ڕاسـتی بشـارنەوە لەخەڵک، ڕۆژنامەنـووس دژی ئەمـە کاردەکات، ئـەو خەڵـک فێری فڕیـن دەکات ئـەوی کـە فێری دەستەمۆبوونیئەکات، ئەوخەڵک فێری گەیشتن بەحەقیقەت دەکات ئەوی کـە فێری دوورکەوتنەوەی دەکات لەحەقیقەت، ئەو خەڵک فێری ئەوە دەکات چۆن چاوەکانی دوورتر ببینێت ئەوی کە وادەکات عەینەکی ڕەش لەچـاو بکات و بەرچاوی خۆی نەبینێت.

ئەم حاڵەتـە جیاوازانە لەنێوان دەسـەڵات و ڕۆژنامەنووسـدا بەجۆرێک لەجۆرەکان شـەڕێک لـەم نێوەندەدا دروسـت ئەکات ئەمە بەشـێکی، بەشـێکی کەی پەیوەندی بـەوەوە هەیە ڕەنگە ئێمەی ڕۆژنامەنـووس نەزانین چۆن حەقیقەت ئەگوازینەوە، یان شتێک کە ئەیگوازینەوە حەقیقەت نەبێـت و بوختـان بێـت بـۆ نموونە : ئەو هەمـوو چیرۆکی دروسـتکردنی فایلە گەشتبووە حەدێک، چەندین کەس فایلیان بۆ دروست دەکرا، ئەمە بۆ خۆی کارەساتێکی گەورەیە، بەشێکی تریشـی پەیوەنـدی بـەکاری ڕۆژنامەگەرییەوە نییە، چونکە ئەو حالەتانە حاڵەتی تایبەتن، ئەمە ئەبێت لێکۆڵینەوە یەک لایی بکاتەوە، تائێستالێکۆڵینەوەکانی پۆلیس شـتێکی ئەو تۆیان دەر نەخستوەو پێیان نەوتوین، خۆ ناکرێ ئێمە لێکۆڵینەوە بکەین، بەداخـەوە پۆلیـس تائێسـتا لـە لێکۆڵینەوەکانیـدا موەفەق نەبووە.

*** ئـەوەی تێبینیـت کردبێـت لـەدوای تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسانەوە جورئەتی کاری ڕۆژنامەوانی کەم بووەتەوە**

– ئـەم حاڵەتە نـەک بۆ کاری ڕۆژنامەوانـی، بەڵکو بۆ هەموو شـتێکی تر حاڵەتێکـی واردە، ئەمە حاڵەتێکی سـایکۆلۆژییە کـە ڕۆژنامەنووسـێک تیـرۆر دەکرێ و مەجـرای لێکۆڵینەوەکە دەری ناخات لەسـەر چی تیرۆر کـراوە، حەتمـەن خەڵکـی تر ئەترسێ، لەناو هەموو ئەوانەدا مۆبایلەکەی من هەڕەشەی تیایە پێم وایە بەشـێکی سیناریۆیە، نامەیـەک بـۆ مـن هاتـووە نامەیەکـی بێ مانایـە، ڕەنگە کەسێک نوسـیبێتی ژمارەکەشی لەو چرکە ساتەوە کەناردویەتی هەتا ئێستا داخراوە، ڕەنگە سیم کارتێک بێت دوایی فڕێی دابێ و ئەسڵ و ئەساسیشی نەبێ، بەڵام نامەکە هاتـووەو ڕەنگە لەپەنای ئەمانەوە هێزەکانی دژی ڕاستی دەسـت بکەن بەسیناریۆ دروست کـردن، ئەیانەوێ بۆ گەیشـتن بەکەیسـی خۆیـان سـیناریۆ دروسـت بکەن، بەڵام دوا مەتاف بەشـێک لەڕۆژنامەنووسان ئەم حاڵەتانە ئەیان ترسێنێ، بەڵام ڕۆژنامەگـەری واز لەکاری خۆی ناهێنێ.

*** ئەگەر بەئامار پێمان بڵێی تا ئێسـتا لەکەرکـووک چەنـد ڕۆژنامەنووس تیرۆر کراوە؟**

– تاکوئێسـتا نزیکە ی بیسـت ڕۆژنامەنـووس تیـرۆر کراون، بەڵام هەموویان بەکاری کوشتن نەبووە، بەتەقینـەوەو کاری تریش، هەمووشیان لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسی نەبووە، ئەمە بە هەموو نەتەوەکانەوە گەیشتوەتە ئەو ژمارەیە.

*** ئاستەنگ لە بەردەم کاری ڕۆژنامەوانیدا لەکەرکووک چییە؟**

– ئیشـکردن لەنـاو کەرکووکدا خۆی لە خۆیدا ئاستەنگە، چونکە ئیشـکردنە لە ناو ئاگردا، بۆیە جیاوازە لە هەمـوو ناوچەکانی تـری کوردسـتان، هەروەهـا تێگەیشتن لە کاری ڕۆژنامەگەری لـە کەرکووکـدا لەلایـەن بەرپرسـەکانەوە ئاسان نییە، ئاسـتەنگی سیاسی، ئاستەنگی کۆمەڵایەتی، دینی، ئابووری وزۆری تـر بوونیـان هەیە لە کەرکووکدا، تیرۆر لە هەموویان گەورەتر.

*** ئاینـدەی کاری ڕۆژنامەگـەری لـە کەرکووک بـەرەو کوێ؟هـەر لە قۆناغی فەوزاو تەقینەوەیە یان نا؟**

– ناتوانیت بە ئاسـانی بڵێیت چۆن دەبێ، بارودۆخی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و..هتد.دەنـگ لەسـەر ئـەوە دەدەن، ئەوەش بزانـە مێژووی ڕۆژنامەگەری لە کوردسـتان و عێراق و ناوچەکەدا زۆر تازەیە، بەتایبەت ڕۆژنامەگەری ئەهلی لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە دەست پێدەکات، بـەڵام لـە دواجاردا ڕۆژنامەگـەری شـوێنی خـۆی ئەدۆزێتەوە.–

*** پێت وایە لە کوردسـتان چەند سـاڵی ماوە ڕۆژنامە ببێتە دەسەڵاتی چوارەم؟**

– ئـەوە بزانـە دەسـەڵاتەکان بەو شێوە کلاسـیکییەی جاران بوونیان نەماوە، ڕۆژنامەگەری چاودێرە بەسـەر دەسەڵاتەوە و حەقیقـەت دەگوازێتەوە، کاتـی ئـەوێ ڕۆژنامەگـەری خـۆی بدۆزێتەوە، لەلای دەسـەڵاتیش ئەوە ببێ بە شـتێکی ئاسـایی کـە ڕۆژنامەگەری کاری ڕاسـت کردنـەوەی چەوتییەکانـەو قەبوولیشی بێت.

*** ڕۆژنامەگـەری چـی کـردووە لـە کەرکووکدا؟**

– توانیویەتـی خەڵـک فێری قسـە بکات، توانیویەتـی خەڵک ئاشـت بکاتەوە لە گەڵ قسـەکردندا واتـا بێدەنگیمان شـکاندووە، ڕۆژنامەگەری لـە کەرکووک خەڵکی ئاشت کردەوە لە گەڵ خوێندنەوە، خوێندنەوەی جیاوازو فرە ڕەهەنـدو دیدگای جیاواز، ڕۆژنامەگـەری لـە کەرکووک توانیویەتی مەسئولین ناچار بـکات بڵێـن کەموکوڕی لـە کەرکووکـدا هەیە، ئەگـەر ئەمـە نەبێـت مەسـئولین ئامادەنیـن ئیعتـراف بکەن بە کەموکوڕییەکان.



لەتیف فاتیح فەرەج

## ڕۆژانێ بوو (٣٥)

# زنجیرەیەک لە بیرەوەرییەکانم

"دیل کارنگی زاناو بلیمـەت دەڵێ:"بە خەڵکی شـتێک بڵێ کە ژیان فێری کردووی". "تاگوور دەڵێت:"تەنانـەت چۆلەکەکانیـش ناتوانن لەسەر داری وشک بوو بخوێنن" بەڵێ زەمانێک ڕۆحـی کوردایەتی و لەخۆ بردوویی فیداکاری دەرەختێکـی هێندە تەڕو بەبەر و سـێبەرو بێ بەرژەوەندی بوو، سـەرەتای هاوینی 1969 کـە لەهەرەتی لاوێتیدا بووم بـە فەرمانی"م. س.پ.د.ک"و پـەروەردەی گشـتی زانیـاری لەسەر ئارەزووی خۆم و بە بڕیاری پەروەردەی گشتی کاتێ"بڕوانامەی مامۆستای شۆڕش"م، وەرگرت، لە دەورەی خولی دووەم بەرەو"هیران" و ناوچەی خۆشناوەتی بەڕێکەوتم، ئێمە چەند پێشمەرگەو مامۆستایەک بووین، کە ژمارەمان هەشـت کەس دەبـوو، لە بەیانییـەوە هەر لەگەڵاڵـە بەڕێکەوتین تا نزیـک دەرگەڵە ئیتر لەوێوە ڕۆیشتین بەپای پەتـی دەسـتی پێکرد، هەر هەشـت"چەک"مان پێبوو، زۆربەی چەکەکان تڤەنگ بوون، کە وەرمان گرتبوو، جلەکانمان جلی خاکی پێشـمەرگایەتی بـوو، لەهـەورازی دەرگەڵـەوە لەشـاخی هەندرێن هەنگاومان دەنا پاش نیوەڕۆ گەیشـتینە بناری کارۆخ، هەڤاڵەکانم بەردێکی"سپی"یان لەوبەر



موحسین ئاوارە

لەدامێنی شـاخ کردە نیشانەو هەر هەموویان خۆیان تاقیکردەوە نیشانەکەیان نەپێکا، ڕوویان لەمن کـرد، بە گرژیـن و زەردەخەنەیەکەوە منێک کوڕی شارو شارستانی قەت"تڤەنگ"م، لەنیشـانە نەگرتووە، بەپێکەنینەوە گوتیان تۆش تڤەنگێک بهاوێ، بەڵام ئاگات لێبێ لەبەر پێی خۆت نەدەی، بەڵکو خوا کردە تۆ نیشانەکە دەپێکی؟ منیش هێندە مارپێچی ڕق و ئەو گاڵتە جاڕییەم لەدەروونداا جینگڵی خواردەوەو پێشتر بیسـتبووم لێرەو لەوێ، کە چۆن بەدیقەت و وردی هەناسە لەخۆت ببڕی و دەستت نەلەرزێ دەتوانی نیشانە بپێکی، تڤەنگەکەم سوارکردو بەوردی بەردە سـپییەکەم خستە نێو سێرەی تڤەنگەکەوەو هەناسـەم لەخـۆ بڕی، لەگەڵ پەنجەم لە پەلاتیکە توندکردو تەقەم لێوەنا، لەناوەندی بـەردە سـپییەکەم داو تۆزی لێ هەڵسا، هەموو کردیانە چەپڵە لێدان و دواتر بە حەپەسـاوی سەیری منیان دەکرد، یەکێک لەو هەڤاڵانە، کە ئێسـتا ماوەو دانیشتووی شەقڵاوەیە بە"سابیر خەجەخێل"ناودارە، پێی گوتم: دیارە تۆ تەجروبەت لە نیشانە شکاندن هەیە، کەچی بە ئێمە دەڵێیت: ئەمە یەکەمجارە نیشانە بگرم، گوتم: خوا ئاگادارە یەکەمجارە فیشەک لە تڤەنگی من دەردەچێ و تەقە بکەم، بەڵام من باوکم نیشـانچی بـووەو ئەگەرچی لەشار دانیشتووم و شارستانیم، بەڵام کوڕی عەشایر بوومە، بەم هاوینە بەکوێستانی زنوێر و سازگار بەنێو کارۆخ تێپەڕین، هێشتا بەفری سـاڵ و کۆنینەی نەتواوەی هەر بەسەرشـان و ملەوە مابوو، ڕۆیشـتین هەر بەدەم قسەی خۆش و گۆرانی جحێڵی تا کاتی ڕۆژئاوابوون یەکێ لـەو هەڤاڵانـە کە ڕژێمـی بەعس لە هەشتاکان لەسـێدارەی دا، ناوی"عەلی سەید مسـتەفا"بوو، ئەویـش خەڵکی شـەقڵاوە بوو، گوتی: لەو بەرزاییەوە شـۆڕ دەبینەوە دەگەینە گوندی"سەران"شـەومان بەسەردادێ و لەو گوندەدا دەمێنینـەوە، وەک ئەوەی لە فیلمی"شـامی کابور"فیلمی هینـدی دیبووم، ئـاوا خۆم گلۆر دەکردەوە بەرەو خوار، بەرەو گوندی سـەران.. نکۆڵی لەوە ناکرێ ناوچەی باڵەکیان و خۆشـناوەتی بـۆ میوانداریەتی و خزمەتکردنی پێشـمەرگەو ڕێبوارانی شـەو هەمیشە دڵفراوان و ڕووخۆش و جوامێر بوونە، هەر لەبەرایی گوند ئێمەی هەشت گەنج بەسەر سێ ماڵدا دابەشـبووین، ژنەکانیان شەرەف و خزمەتگوزارییان لـێ دەڕژا، لەگەڵ گەردی بەیانیان هەڵدەسـتان نانی گەرمیان ئامادە دەکرد، ئەو هەموو ئەرک و خزمەتکردنە ناکرێ فەرامۆشـبکرێ، دوای ئەوەی نانی بەیانیمان خواردو لەمزگەوتی گوند گردبووینەوە.

# بەهمەنی قوبادی بە (بانگەشەکردن بۆ نەخشەی کوردستانی گەورە) تۆمەتباردەکرێت


بەهمەنی قوبادی

PUK Media

ناوەندی ڕاگرایەتی ئینقلابی ئیسلامی (ئیسناد) کە لە لایەن ڕوحوڵڵا حوسەینیان نوێنەری تاران لە پەرلەمانی ئێرانەوە سەرپەرشتی دەکرێت، لە بەیانامەیەکدا بە توندی ڕەخنەی لە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانی ئێران گرتوە بەوەی زیاد لە پێویست فیلمی نیوەمانگ ـی بەهمەنی قوبادی ـیان گەورە نیشانداوە و، مەبەستی سەرەکی پشت بەرهەمهێنانی ئەو فیلمەیان بۆ بینەران نەخستۆتەڕو.

لە بەشێکی بەیاننامەکەدا، دەرهێنەری نیوەمانگ بەوە تۆمەتبارکراوە کە بە پاڵپشتی ماددی وڵاتی نەمسا ئەو فیلمەی بەرهەمهێناوە، ناوەڕۆکی فیلمەکەش بانگەشەکردنە بۆ نەخشەی کوردستانی گەورە و، پێویستە لە ئێران قەدەغە بکرێت.

بۆ وەڵامی ئەم بەیاننامەیە تائێستا لەلایەن بەهمەنی قوبادیەوە هیچ لێدوانێک ڕانەگەیەنراوە.

فیلمی نیوەمانگ، سێ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن کۆمپانیای موژفیلم بە سەرپەرشتی بەهمەنی قوبادی بەرهەمهێنراوە، دیمەنەکانی لە هەردو بەشی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چەند شارێکی نەمسا بە کامێرای ٣٥ ملم وێنەیان گیراوە و، ماوەکەی ١٠٧ دەقیقەیە.

فیلمەکە باس لە گۆرانیبێژێکی بەساڵاچوی کوردستانی ئێران دەکات بە ناوی (مامۆ) کە بۆ سازکردنی ئاهەنگێک لەگەڵ کوڕەکانیدا سەردانی کوردستانی عێراق دەکات، لەسەر سنور ڕوبەڕوی چەندین کێشە و گرفت دەبنەوە، مامۆ لە سەردانەکەیدا هەوڵی دۆزینەوەی ژنەگۆرانیبێژێک دەدات بە ناوی (هێشو)، دواتر بۆیدەردەکەوێت کە ئەو ژنە دەنگ و ئارەزوی جارانی نەماوە.

ئەم فیلمە تائێستا توانیویەتی چەندین خەڵاتی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی بەدەستبهێنێت.

## لە تاراوگەوە

# چاولێکردنی ژنان هەڵڵای لێدەکەوێتەوە

لەڕێگەی چوونە سەرکار لەنێو کرێکارەکانی ناو سەیارەکەدا، دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە دوێنێ لەشوێنی کار شەڕ رویداوەو لە کرێکارێکی کوردیان داوە، بوو بە چپە چپ و لە نیوانیاندا زۆر پرسیاری وەک: کێ و کێ بەشەرهاتوون؟ لەکێیان داوە؟ لەسەر چی بووە؟خوێنی تێدا ڕژاوە یان نا؟دیار بوو کەس نەیدەویست خۆی لە قەرەی وەڵامەکان بدات، کاتی گەیشتنە سەر کار هەر کەسەو شوێنی خۆی گرت، بەڵام پرسیارەکان هەر بێ وەڵام مانەوە.

هەلسوکەوتی یەک لە کرێکارەکان سەرنجی هاو کارەکانی ڕاکێشا، بۆیە(س)گووتی: ئا ئەو کوڕە دەبینی چۆن لەگەڵ ئەو ژنانە خەریکی بەزمی خۆیەتی و ئاگای لەکارەکەی نەماوە، هەر ئەو هەلسوکەوتەی بوو دوێنێ وای کرد کوڕە عەرەبەکان لێدانێکی چاکیان لێدا، برادەرێک لەو لاوە گووتی:چما ئەوە بوو، ئەوە من دەیناسم هەر خەریکی ژنانە، برادەرێکی زۆر جوانی هەیە، باشە ئەوە چۆن بوو؟ (س):وەڵڵا چۆن بوو کاکە گیان، ئێمە خەریکی کارکردن بووین، ئەوەندەمان زانی گووتیان ئەو دوو کوڕە عەرەبە لەدەرەوە لەفلانە کەسیان داو ڕۆیشتن‌و کارەکەشیان جێهێلا، یەکێک لەوان ژنی لەگەڵی بووە، دیارە بینیویەتی کە ئەوەیان خەریکە بەخراپ لە ژنەکەی دەڕوانێ ئەوانیش گوتویانە وەرە بچینە دەرەوە بە ناوی قاوە خواردنەوە، کە چوونەتە دەرەوە چینێکی چاکیان تێهەڵداوەو دەم و چاویان کردووە بە گلۆپ، کە هەواڵەکە هات ئێمەش چووین گووتمان لەسەری بێینە جواب، چۆن دەبێ لە لای ئێمە لە کوردێک بدەن، بەڵام کاک(م) گووتی: کاکە کەس خۆی پیاو خراپ نەکات، من ئاگام لەسەرلەبەری ڕووداوەکە هەیە، ئەو لاوە بەخراپ سەیری ژنی کابرای عەرەبی دەکرد، هەر یەکێک لەئێمەش بێت ئەوە قبول ناکات، کابراش پێیگووت: بۆ بەخراپ سەیری ژنەکەم دەکەی؟ئەم دەم ڕووتەش چەنە هەراشانە وەڵامی دایەوە، وا دەزانێ ناموسی خەڵکی گیای بەهارێیە، دیار بوو بێتامی کردبوو، بۆیە ئەوانیش لێیان داو کارەکەشیان بەجێهێشت.


یوسف مەنتک - ئەلمانیا

هەموو برادەرانی سەر کار گووتیان هەقی خۆیتیان دەستەکانیان خۆش بێت، (س) گووتی کاکە شوێنی ئەم کوڕە بگۆڕن لای ئەم ژنانە با کار نەکات، دیارە چاوی حیزە، ماوەیەکە چاوم لێیەتی ئاسایی نایێتە بەرچاوم، بۆیەشوێنی لاوەکەیان گۆڕی نەبادا گۆبەندێکی تر ڕووبدا.

لە کاتی پشووی نان خواردنە لاوەکە دەیگوت: دەڕۆمەوە بۆ کوردستان لێرە بێزار بووم وەڵڵا دەڕۆمەوە سەد تفو نەعلەت لێرە دا، چەند جۆرێک لەم قسانەی کرد، بووە مایەی بێزاری دانیشتوانی هۆڵی نان خواردن، یەکێک لەو لاوە گووتی: باشە لەچیت کەمە، ئەوە کار دەکەیت، کچێکی جوانیش برادەرتە.لاوەکە ئۆۆۆۆۆۆۆ هۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆ ئەوە سێ ساڵ دەبێت وازم لێهێناوە دەچمەوە کوردستان لە وێ دەژیم، یەکێک لەولاوە هەلی دایێ و گووتی: وەڵڵا ئەو بەزمەی لەوێندەر بکەی دەتتۆپێنن، ئەوە بێ برادەری بۆیە دوێنێ سەیری ژنی کابرای عەرەبت دەکردو ئەو بەزمەت نایەوە، لاچاوێکیشت لەسەر دانا، لە کوردستان کەس بەگاوان ڕاتناگری، یەکێکی تر لەولاوە گووتی: جا کاکە لەبەر بەزمی دوێنێت یا بۆ ژن هێنانی دەچییەوە ئەی لەمنت نەکەوی چ زۆرە ژن لێرە زۆرە، ئەوەتانێ چەندین برادەر لێرە ژیانی هاوسەریان پێک هێناوەو زۆر بەختەوەریشن، گرفت چییە نیتیان، کەسیش بەخراپ باسیان ناکات، بەڵام تۆ خراپ بیر دەکەیتەوە، هەقت بەخەڵکەوە نەبێت کەسیش هەقی بەسەرتەوە نییە،

پێت وایە ئەو ژنەی بێتە سەر کار ئیتر تەواو کەسی خراپە، برادەر ئەوە تۆ خۆت لێگۆڕاوە، لەچاوی خۆتەوە خەڵکی مەخوێنەوە تۆ لەخۆت بەگوومانی، تۆزێک باوەڕت بەخۆت هەبێت و ڕێزی دەوروبەریشت بگرە، بەشەرەفت ئەو حاڵەتەی دوێنی تۆ لەشوێنی وان بویتایە چیت دەکرد؟، (م) وەڵڵا هیچی نەدەکرد هەر ئەوەندەی لەباردایە، کە دوێنێ ڕوویدا.

کاتی پشووەکەشمان تەواو، چەندی لەگەلی بڵێین بێ سوودە، خۆی بەکەسمان ناگۆڕێتەوە، هەستن بابچینەوە سەرکار، تا سەرکارەکە دەنگی نەداوین.

# شەهید مەئموون دەباغ و چەند بیرەوەرییەک



د. فوئاد ئەحمەد بابان*

مەئموون دەباغ هاوڕێیەکی دڵسۆزو خۆڕاگری خەباتی سەختی گۆڕەپانی کوردایەتی بوو، لە شەستەکاندا کاتێک قوتابی کۆلیژی یاسا بوو لە بەغدا، لەگەڵ خوالێخۆشبوو د. باقی برایدا هەمیشە سەرقاڵی بەهێزکردنی ڕێکخستنەکانی پارتی و یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوون . وەک بەڕێز کەمال محێدین دەگێڕێتەوەو دەڵێ: شەهید مەئموون لەساڵی ١٩٥٤ دا لەگەڵ بەڕێزان "عەدنان نەقشبەندی و سەلاحی شێخ ڕەئوف" دەهاتن بۆ کۆیە، لەماڵی "کەمال محێدین " و "واحێد سەعید" کۆبونەوەیان دەکرد، بەردەوام بەشدارییەکی بەرچاوی هەبووە لەپتەوکردنی ڕیزەکانی پارتی و قوتابیاندا، لەساڵی ١٩٥٧ کەمال محێدین بەهاوکاری عەدنان نەقشبەندی و سەلاحی شێخ ڕەئوف و شێخ فەتحی نامیلکەیەکیان بەدەست نووس دەرئەکرد، بەناوی دەنگی قوتابیانی کوردستان ومۆرێکی لێ ئەدرا کەلەسەر شێلم دروست کرابوو، چەند دانەیەک لەو نامیلکەیە تا ئێستاش لای کەمال محێدین پارێزراوە، شەهید مەئموون لەبنەماڵەیەکی ناسراوی شاری هەولێر بووە، لەساڵانی ١٩٥٩ تاوەکو ١٩٦٣ یەکێ بووە لەهەرە کادیرە چالاکەکانی پارتی و قوتابیان، ماوەیەک ئەندامی لێژنەی ناوچەی پارتی بوو لەبەغدا (ئەندامانی تری ئەو لێژنەیە لەوکاتەدا خوالێخۆشبووان د. سەروەری حەمەی دەروێش کەریم و مەحموودی مەلا عیزەت و بەڕێزان پرۆفیسۆر ئەسعەد خەیلانی و د. ئەحمەد شاڵی بوون ) لەو ڕۆژگارەدا ژمارەیەکی زۆر لەقوتابیانی کوردستان لەڕیزەکانی پارتی وقوتابیان دابوون وەک بەڕێزان (کاک نەوشیروان مستەفاو د. مەحموود عەلی عوسمان و د. فوئاد هەناری و د. خورشید دزەیی و مستەفا سلێمانی پارێزەرو برایم میرانی و عەبدولرەزاق فەیلی و کاکە ڕەش و عەبدوڵڵای کانی مارانی و بابەکر پشدەری و خوالێخۆشبوو د. جەمال غفورو د. نەوزاد ساڵح و د. نیهاد فازل و د. موفەق ڕەشید و د. فوئاد بابان و خوالێخۆشبوو حەیدەر هەمزە و ئەحمەدی شێخ تاهیرو و تەیب بەرواری و حاکم ڕەئوف ڕەشید و فوئادی مەلا مەحموود و ئەکرەمی فەقێ مەحموود و د. نەوزاد عەتار و حسن جاف و لەتیف گلی و سەدان تێکۆشەری وورە بەرزی دیکە، چەند جارێک لێپرسراوانی بەغدا ئەگۆڕان وەک بەڕێزان عەلی سنجاری و ساڵح یوسفی و عەبدولڕەحمان زەبیحی و مام ئاورەحمانی نفووس (کەساڵی ١٩٦٣ لەزیندانی مەحکمەی شەعبدا شەهید کرا) هەر لەهەمان کاتدا شەهید حەمە سەدیق پێنجوینی ئەویش لە "مەحکەمەی شەعب" شەهید کرا بەبیرم دێ ساڵی ١٩٦٣ کەگیراین چوار کەس بووین ( د. فوئاد بابان و حاکم ڕەئوف ڕەشید و تەیب بەرواری و ئەکرەمی فەقێ مەحموود) پاش لێدان و هەڵواسین تاوانبار نازم گزار (کەئەو کاتە لێپرسراوی لێپێچینەوە بوو لە "مەحکەمەی شەعب" پێی وتین:

(اني قتلت ٩١٧ شيوعي وقتلت اربعة من عندكم "وكان يقصد الشهيد عبدالرحمن والشهيد محمد صديق واثنان من الشرطة الاعضاء في صفوف البارتي" وقال بالحرف الواحد ماعندي مانع ازرعكم انتم اربعتكم).

لەو ڕۆژانەدا ( پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە حوزەیرانی ١٩٦٣ دا گەلێک پیاوی خۆڕاگری ئەندامانی پارتی لە"مەحکەمەی شەعب" گیرا وەک بەڕێز مامۆستای یاساو فقهی ئیسلامی د. مستەفا زەڵمی، پیاوی خەباتگێڕی ناسراوی کەرکووک کاک ئەحمەد وەیس و خوالێخۆشبو کامیل بەسیرو و خوالێخۆش بوو ئەفراسیاو مەجید یاوەر .

شەهید مەئموون ماوەیەک لە شوقەیەکدا دەژیا لەناوچەی کەسرەو هەر لەنزیک ئەوانەوە من و خوالێخۆشبوو د. سەروەر خانو یەکمان گرتبوو چاپ و ڕۆنیۆی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لای ئێمە بوو پاشان ئێمە گواستمانەوە بۆ ماڵێک لە بەغدا جەدیدە، ئەندامێکی پارتیمان لەگەڵدابوو کە ناوی مەحموود بوو لەگەڵ پیرەژنێکی دایکی دا تارۆژی کودەتای ١٤ ی ڕەمەزانی ١٩٦٣ و بەر لەو ڕۆژە ئێمە بەیانێکمان ئامادەکردبوو بۆ بڵاوکردنەوە بەبۆنەی مانگرتنی قوتابیانی بەغدا کەخوالێخۆشبوو د. سەروەر چاپی ئەکردو و پێکەوە ڕۆنیۆمان ئەکرد لەساڵی ١٩٦٣ دا خوالێخۆشبوو شەهید


مەئموون دەباغ ١٩٣٧-١٩٦٣

مەئموون بەردەوام ئەیوت ئەڕۆم بۆ ناو پێشمەرگە بۆ بەشداری لەشۆڕش هەرچەند هەموو برادەران سەریان ئەکردەسەری کەپەشیمانی کەنەوەو پێمان ئەوت کەئێستا شۆڕش پێویستی بەپیاوی وەک تۆ نی یە بەڵام هەر سوور بوو لەسەر ڕۆیشتن شەهید مەئموون لەگەلێک لەئۆرگانەکانی حیزبدا کاری کردووەو جێی متمانەی کۆمەڵانی خەڵک و هەڤاڵەکانی بووە هەمیشە بەپەرۆشەوە کارەکانی سەرشانی خۆی ڕاپەڕاندووە و دەورێکی دیاری هەبوو لەپتەو کردنی ڕیزەکانی قوتابیان و پارتی دا بۆ دواجار من خواحافیزیم لێکرد بەڵام بێ ئەوەی کەسمان بەبیرماندابێت ئەو ڕۆژە دوابینینمان ئەبێت وەک کاک کەمال محیەدین ئەگێڕێتەوە شەهید مەئموون ئەگاتە کۆیە ئەویش نامەیەکی بەناوی لێژنەی ناوچەی پارتی بۆ ئەنوسێ بۆ خوالێخۆشبوو عومەر دەبابە کەئەو کاتەلە بێتواتە بوو کەبارەگای سەرەکی شۆڕشی ئەیلولی لێ بوو و خوالێخۆشبوو د. خالید لێپرسراوی عەسکەری بوو لەبێتواتەو دەشتی کۆیەو شەهید مەئموون لەگەڵ شەهید عەبدولخالق مەعروف و مستەفا ڕابەر بەرەو بێتواتە بەڕێ دەکەون ئەو کاتە بارەگای لێژنەی ناوچەی کۆیە لەحاجی قەڵا بووە، پێش شەهید کردنی شەهید مەئموون سەردانی د. ئەحمەد شاڵی کردووە لەماوەت ئەویش ڕایسپاردووە کەنەچێتە شەڕەوە بەڵام دیارە بەگوێی نەکردووەو لەو ماوەیەدا لەگەڵ ڕەئیس یوسف میراندابووەو لەو ماوەیەدا کە شەڕ هەڵگیرساوە لەناوچەی چەمی ڕێزان شەهید مەئموون بەهاوڕێیەتی شەهید یوسف میران و چەند (پ .م ) یێک بەرەو ناوچەی شەڕەکان ئەڕۆن بەداخەوە لەناوچەیەک لەنێوان کڵێسەو چەمی ڕێزاندا برای خۆشەویستمان مەئموون شەهید دەبێت و پاش ئەو شەڕە مام جەلال بڕیارێکی دەرکرد بەقەدەغەکردنی دەرچووی کۆلێجەکان بۆ بەشداری کردن لەشەڕەکاندا، ژیان و بەسەرهاتی خوالێخۆشبوو شەهید مەئموون نمونەیەکی بەرزی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئەو سەردەمەی قوتابیان و تێکۆشەرانی کوردستان بوو لەسەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول و پەلاماری بەعسیەکان لە ساڵی ١٩٦٣ ، شەهید مەئموون گیانی پاکی خۆی کردە دیاری بۆ ڕونکردنەوەی ڕێگای سەختی کوردایەتی هەر بەو بۆنەیەوە بیرم دێ کەد. ئەحمەد شاڵی کەئێستا لەسلێمانی دائەنیشێ یەکەم پزیشک بوو کە بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە و پاش ئەویش د. مەحموود عوسمان کەئەندامی پەرلەمانی عێراقە دەبا یادی ئەو تێکۆشەرە نەبەردانەی کە گیانی خۆیان کردە قوربانی بۆ کوردو کوردستان هەرزیندوو شکۆداربێت .

* ئەندامی پەرلەمانی کوردستان


# فازیل پیرداود: ڕەشۆڵ کڵپەی لەجەرگ و هەناوم دەرهێنا


فازیل پیرداود

ئەگەر تۆزێک بگەڕێینەوە دواوە بەتایبەتی پاش ساڵی ١٩٥٧، کاتێ لەشاری سلێمانی لافاو ڕوویدا، کە بە لافاوەکەی سلێمانی بەناوبانگە، خەڵکی ئەو ناوچەیەش زەرەرێکی زۆریان بەرکەوت، بۆ ئەو مەبەستە چەندین گروپ بۆ کۆمەککردنی ئەو ڕووداوە شارەو شار دەگەڕان، بەتایبەتی"تیپی تەمسیلی" یا هونەرمەندەکان بەتایبەتی "ڕەشۆڵ"ی گۆرانیبێژیشیان لەگەڵدابوو، هەرچی پیتاک و کۆمەک کۆ دەکرایەوە، بۆ ئاخیر شەو ئەو تیپە شانۆگەرییەکیان لەقوتابخانەی ئێمە کرد، کە من لەو قوتابخانەیە دەمخوێند، زووتریش لە بەشەکانی دیکە باسی ئەوەم کردبوو کە لە قوتابخانەی شەو دەمخوێند و خوێندوومە، کاتێ کە تیپەکە گەیشتن، گوتیان: قوتابییەکان بێنە ژوورەوەو پلیت نەبڕن و بەخۆڕایی سەیری شانۆگەرییەکە بکەن، ئێمەش چووین و شانۆگەرییەکەمان بینی و لەنێو شانۆکەدا بەتایبەتی لەنێو نواندنی کاراکتەرەکاندا گۆرانی خۆشیان دەگوت، کاتێ نۆرەی ڕەشۆڵی گۆانیبێژ دەهات گۆرانی بڵێت، بە شیعرێک دەستی پێدەکرد، کڵپەی لەجەرگ و هەناوم دەرهێنا، کە گوتی:"لەت لەتمکەن هەر دەڵێم کوردم ئەمن" دەستکرا بە چەپڵەو خۆشی و شادی و چەندجار پێیان دووبارە دەکردەوە، چونکە خەڵک دەخرۆشاو کوردایەتی دەکرد و یەک مەبەستی هەبوو، ئەویش کورد و کوردبوون و کوردستانییەتی گەلی کورد بوو، بۆیە ڕەشۆڵ چەندین جار سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد، کە خەڵک هوشیارەو تێدەگا، بۆیە ئەو یادەوەرییەم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، لەپاشان لای ئێمە وانە لەقوتابخانەی تەواو بوون و گەڕانەوە شاری سلێمانی، بۆ زانیاری هەمان گروپ و تیپ ئاهەنگی لەشاری کۆیەش سازکردبوو.

**تێبینی:**
پاش ئەوەی دەفتەری بیرەوەری خوالێخۆشبوو"فازیل پیرداود" لە بەڕێز"دانا"ی کوڕی وەرگیرا. ڕۆژنامەنووس"محەمەد گۆران"بەشی بەشی ئامادەی دەکردو دەیخستە سەر ڕێنووسی ئێستا، پاش بڵاوبوونەوەی دەفتەری یەکەم.. تەنها چەند لاپەڕەیەکی لەپاشکۆی دەفتەرەکەیدا ماوە.. ئەویش تەنیا باسی یادەوەرییەکی ساڵانی حەفتا دەکات.. بۆیە بەدرخان بەچاکی دەزانێ و ئەو پرسیارەش ئاراستەی هەڤاڵانی و بنەماڵەکەیان دەکات.. هەرچی دیکەی تایبەت بە بیرەوەری و ژیانی و لایانە.. بەزووترین کات بیهێنن بۆ هەفتەنامەی بەدرخان، بەڵکو ئێمەش بەزووترین کات بڵاویان بکەینەوە.. هاریکاریتان مایەی ڕێزو سوپاسی خانەوادەی"فازیل پیرداود" و "بەدرخانە".

بەشی هەژدەیەم


فازیل پیرداود سەردانی هەشتاکان - سەرسەنگ



## کارۆخ و پۆشیاو سەمای ئازادی ژنێکی شێت

**تایبەت بە بەدرخان**

ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە لەهۆڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر، گروپی گەنج بۆ شانۆ بە هاوکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرچاو سەمای ئازادی ژنێکی شێتیان پێشکەش کرد، بە بەشدار بوونی (کارۆخ ئیبراهیم، پۆشیا کاکل، بژار سەعدی، کاریان شێرکۆ، شوان کاوە، ئەرسەلان یاسین، رەگەز ئیسماعیل، ئاشتیڤان سەلام، کارزان فەیسەڵ، ئەژی محەمەد، رێکان سەکران، دەرباز مەولود، مەحمود نەجمەدین، محەمەد مەرزانی، سەفین جەبار، پەیام کاکل، گەیلان مەولود)، کە تێیدا دەست درێژکرا بۆ مافەکانی ژن و سۆز و خۆشەویستیان بەرامبەر پیاو.

لەمبارەیەوە کارۆخ ئیبراهیمی شانۆکار گوتی: وەک گروپی گەنج بۆ شانۆ ئەوجارەیان توانیمان بەشێوەیەکی تازە شانۆ و شێوەکاری لە کارێکی هاوبەشی من و پۆسیا کاکل کۆبکەینەوە، بەناوی سەمای ئازادی ژنێکی شێت کە تێیدا هەوڵماندا کار لەسەر ئەو دیوارانە بکەین کە بوونەتە مۆتەکەیەک لەبەردەم حەزەکانی ئافرەت و هەوڵیشماندا رەنگ و دژەرەنگ لە کارێکدا نیشان بدەین بۆ ئەوەی هێمایەک بۆ شکاندنی هەوڵە بێ بنەماکانی بەرامبەر ئافرەت دروست ببێ.

هەروەها پۆشیا کاکلی شێوەکاریش سەبارەت بەو کارە گوتی: ئیشێکی پۆرفۆرماس بوو، کۆسنێرتێک لەپشت ئیشەکەوە بوو، باسی لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو دەکرد لەمێژووی مرۆڤایەتی، کە چۆن لە سەرەتاوە ژن دەیەوێ هەمیشە پڕ رەنگ بێ یان زۆر لەسەرخۆ و نەرمتر رەفتار بکا، وەک ئەوەی لەسەرەتا دایکسالاری بووە، بەڵام اتێک کە پیاو دێت هەمیشە دەیەوێ رەنگە جوانەکانی ژن رەشبکاتەوە یا بیشارێتەوە، هەمیشە حەزدەکا دەسەڵاتی زاڵ بێ و پیاوەتی خۆی دەربخاو وردە وردە ئەو مێژووە رەش بکاتەوە و بیشارێتەوە و خۆشی خاوەن دەسەڵات بێ، بەڵام لێرەدا پیاو هەرچەندە بەدەسەڵات بێ و توند و تیژ بێ و وەحشیانە رەفتار بکات، بەڵام لەکۆتاییدا دەستەمۆی خۆشەویستی ژن دەبێتەوە، ئەو کەسایەتیە توندوتیژیەی ناوی دەگۆڕێت بۆ کەسێکی زەلیل بۆ خۆشەویستی ژن. ئەو گۆڕانکارییەی کە لەو ئیشەدا هەبوو ئەوەبوو کە مێژووی واقیعی پیاوێکی رەش و سووری گۆڕی بۆ کەسایەتییەکی پڕ رەنگ و وردە وردە رەنگدانەوەی جێ پێیە رەش و سوورەکانیان گۆڕیوە تا ئەمڕۆیان دروست کردووە.


# هونەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

بەسەرپەرشتی: مەسعود ئیبراهیم مەلا هەمزە

ژمارە ١٧ - ١٠٦ - شەممە ٢٠٠٨/١١/٨ی زایینی


## پرۆفیشناڵ

### بیۆگرافیای هونەرمەندانی هەولێر

ماوەیەک لەمەوبەر لە هەرسێ رۆژنامەی (کوردستانی نوێ، کوردستان راپۆرت، هەولێر) و لە سایتی "چراتیڤی" ئاگادارییەکم بڵاوکردەوە لەژێر ناوی "ئاگادارییەک بۆ هەموو هونەرمەندان و راگەیاندکارە هونەرییەکانی هەولێر" کە تێیدا داوام لە هەموو هونەرمەندانی هەولێر کردبوو (C.V) خۆیان بنێرن بۆ ئەوەی بێ بەش نەبن لە پرۆژەی بیۆگرافیای هونەرمەندانی هەولێر، کە بۆ ئینسکلۆپیدیای هەولێر ئامادەکراوەو سوپاس بۆ خوا پەیوەندییەکی زۆرم پێوەکراو خەڵکانێکی زۆریش (C.V) خۆیان رەوان کرد، بەڵام ئەوجارەشیان دووبارە و بۆ دواجار داوا لە هەموو هونەرمەندان دەکەم (C.V) خۆیان بنێرن لەرێی ئەو ناونیشانانەی لە خوارەوە دەینووسم، پێویستیشە لەسەر ئەو کەسەی دەیەوێ (C.V) پردەکاتەوە، ئەو خاسیەتانەی تێدابێ:



مەسعود ئیبراهیم

- هونەرمەندانی هەموو بوارەکان دەگرێتەوە بەو مەرجەی دەستپێکی هونەری بەر لە ساڵی ٢٠٠٠ بێ.
- ئەو هونەرمەندە یا خەڵکی هەولێر بێ (مەبەستم شار و شارۆچکەکانی سەر بە هەولێریشە) یاخود ماوەی (٢٠) ساڵ بێ نیشتەجێی هەولێر بێ.
- ئەو پێویستیانەشی کە پێویستە لەسەر هونەرمەند بیاننێرێ بریتین لە:

١- ناوی سیانی
٢- ساڵ و شوێنی لەدایکبوون
٣- پلەی خوێندن
٤- دەستپێکی کاری هونەری
٥- سەرجەم چالاکی و بەرهەمە هونەرییەکان
٦- چەند وێنەیەکی کاتی کارکردن و شەخسی.

جێی ئاماژەیە ئەو پرۆژەیە بۆ هونەرمەندانی بواری (شانۆ، دراما، سینەما، مۆسیقا، گۆرانی، شێوەکاری، فۆتۆگرافەر، کاریکاتێریست، خۆشنووس، راگەیاندکاری هونەریە)یە.

داواش لە کەسوکاری هونەرمەندە کۆچکردووەکان دەکەم بەهەر شێوەیەک بێ هەوڵدەن زانیاری هونەرمەندی کۆچکردوومان بۆ بێنن تا لە بیۆگرافیای هونەرمەندانی هەولێر بێ بەش نەبێ.

هەروەها رایدەگەیەنم هەریەک لەو هونەرمەندانە ئەگەر لە ساڵانی بەر لە ٢٠٠٠ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر یا کارگێری هەر گروپ یا تیپێکی هونەری بووە، ئەوا دەتوانێ ناوی ئەندامانی یەکەمین دەستەی دامەزرێنەر و کارگێر ی ئەو تیپەمان بۆ بێنن لەگەڵ چەند وێنەیەکی چالاکییەکان تا ئەویش بخەینە ناو تیپەکانی هەولێر.

دڵنیاشتان دەکەمەوە ئامانج لەو پرۆژەیە تەنها خزمەتکردنە بە هونەری کوردی، پەنابەخواش لە ئایندەیەکی نزیکدا و دوای تەواوکردنی بیۆگرافیای هونەرمەندانی هەولێر، هەوڵدەدەم بیۆگرافیای هونەرمەندانی کوردستان رابگەیەنم و بە ئەنجامی بگەیەنم. زۆر بەراشکاوانەش دەڵێم نامانەوێ و ئامانجیشمان نییە ناوی هیچ هونەرمەندێک لەیاد بکەین، بەڵام ئەگەر کەسێک خۆی بەپیر ئەو پرۆژەیە نەیێ و حەزنەکا ناوی هەبێ، ئەوا ئاساییە ئەگەر لەدواییدا ناوی نەبوو، ناشبێ گلەیی بکا، هەموو هونەرمەندێکیش لای من گەورە و بەرێزە، بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی کەس مەرج بۆ ئێمە دابنێ لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆژەیە.

لێرەشەوە رایدەگەیەنم ٢٠٠٨/١٢/١ دواکاتە بۆ وەرگرتنی (C.V)یەکان و هەموو پەیوەندییەکانیش لەرێگای ژمارە تەلەفۆنی ٠٧٥٠٤٥٦٦٤٨١ دەبێ، یاخود لەرێگای ئیمێڵی: masoud_ibrahim_ar@yahoo.com، یاخود دەتوانن (C.V)یەکان بگەیەننە دەزگای بەدرخان لە شەقامی ئاراس نهۆمی دووەمی باڵەخانەی سەرداری.

لەکۆتاییدا دەڵێم بیۆگرافیای هونەرمەندانی هەولێر هەوڵێکە بۆ بە تەواوی بەمێژوویی کردنی هونەر لەشاری هەولێر جا داواکارم هەموو هونەرمەندێک هاوکاربێ لە بەئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆژەیە.

# کەریم کابان: ئەگەر توانام هەبێ ئاواز بۆ گۆرانیبێژە گەنجەکان دادەنێم

**ئەی تەمەنی پڕ ئەسرینم، قەت نەدەی ئازاری گیانی مەست و بێدارانی شەو، ناوی ئەو دوو بەرهەمەن کە سەردەمێکە ئەو گۆرانیانە هەن و تا ئێستاش هەر زیندوون و یەکجار زۆرن ئەوانەی حەزدەکەن گوێ لەو گۆرانییە راگرن و لەگەڵیدا بتوێنەوە. بێگومانیش ئەوەی گوێ لەو گۆرانیانە رابگرێ دەزانێ خاوەنی ئەو گۆرانییانە کەریم کابانی گەورە هونەرمەندە.**

**کێ دەزانێ نهێنی مانەوەی ئەو گۆرانیانە تا ئێستا بە نەمری هۆکاری چییە لەکاتێکدا کەریم کابانی گەورە هونەرمەند تا ئێستا لە خانووی کرێدا دەژی، کەواتە ئەوە دەمانهێنێتە سەر ئەوەی لایەنی ماددی زۆر گرنگ نییە لە کاری هونەریدا، لە دیدارێکدا هونەری بەدرخان کەریم کابانی بەسەر کردەوە و ئەویش وەڵامی داینەوە تا ئەو دیدارەی لێ هاتە ئەنجام.....**

**ئا: هونەری بەدرخان**

*** کەریم کابان چۆن پێناسەی خۆی دەکا؟**

– ناوم عەبدولکەریم جەلال مەحمود کابانە، ناوی هونەریم کەریم کابانە لە ساڵی ١٩٢٧ لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی مەڵکەندی– شێخان لەخێزانێکی ئایینی و هونەری هاتوومە دنیاوە.

*** گەنجییەتی کەریم کابان چەندی بۆ دڵداری بووە؟ ئەو گۆرانییە کامەیە بۆ کچێکی گوتووە؟**

– لەگەنجێتیمدا زۆر دەربەدەریم بینیوە فریای ئەوە نەکەوتوم خەریکی دڵداری بم، ئەوگۆرانیانەشم کە گوتوە بۆهیچ کچێک نەمگوتوە.

*** سەرەتای دەست کردنت بەکاری هونەری بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

– سەرەتای دەست پێ کردنی کاری هونەریم دەگەڕێتەوە بۆ کاتێک کە قوتابی سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی فەیسەلیە لەوێ لە تیپی سروودی قوتابخانە کارم دەکرد.

*** یەکەم بەرهەمم کە تۆمارت کرد کەی و لەکوێ بوو؟**

– یەکەم بەرهەمم کەتۆمارم کرد ساڵی ١٩٥٤ بوو لە رادیۆی بەغداد بەشی کوردی بەناونیشانی لەرێی دڵداریدا.

*** کێ بوون ئەوکەسانەی نەیاندەویست کەریم کابان ببێ بە گۆرانی بێژ لەبەر عەیبە؟**

– هیچ کەسێک رێی هونەری لێنەگرتووم، بەڵکوهانیان داوم لەسەر کاری هونەری بەردەوام بم.

*** لە دیدارێکتدا دەڵێی لەژیانم بێزارم، بۆ؟**

– لەژیانمدا هیچ خۆشییەکم نەدیوە، ئێستاش تەندروستیم خراپە هەربۆیە لە ژیان بێزارم!!

*** ناوهێنانی قادر کابان چیت دێنێتەوە یاد؟**

– ناوهێنانی قادری برام ژیانی منالی و خۆشەویستی و دڵسۆزی و هاورێیەتی ئەو برا باشەم بیر دەخاتەوە، کە هەرگیز لەیادم ناچێت هەتاکو مردن لێرەوە دەڵێم سڵاو لەگیانی پاکت ئەی شەهیدی سەر بڵند ئەی قادر کابانی نیشتمان پەروەر.

*** گۆرانی گوتنی سەردەمی جاران و ئێستا چۆن دەبینی؟**

– گۆرانی گوتنی سەردەمی جاران جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەم سەردەمە لەبەرئەوەی جاران ئاوازدانەر زۆر کەمبووە لەگەڵ ئەوەشدا مۆسیقاژەن کەم بوو، بەڵام ئێستا ئاوازدانەری بەتوانا و هونەرمەندی زۆریشمان هەیە لەبەرئەوە هونەر زۆر بەرەو پێشەوە چووە. گەنجان هەوڵی ئەوە دەدەن کەبێنە ناو هونەر و خزمەتی هونەر بکەن.

*** ئەو گۆرانیبێژە کێیە حەزت دەکرد تۆ گۆرانییەکانی ئەو بڵێیەوە؟**

– من گۆرانی هیچ هونەرمەندیکم نەگوتۆتەوە.

*** جاران چێژت لە هونەر وەردەگرت یان ئێستا؟**

– چێژ وەرگرتن لەهونەر فەرقی نییە لە هیچ زەمەنێکدا، لە هەمووکاتێکدا چێژ لەدەنگی خۆش و ئاوازی رەسەن دەبینم.

*** بە بەرهەمێکی کەم ناسرای، چ دەفعێک لە پشت ئەوەوە بوو؟**

– لەبەر ئەوەی من فەرمانبەر بووم زۆر ئەگوێزرامەوە بۆ شارەکانی تر لەبەر ئەوە دەرفەتم کەم بوو بۆکاری هونەری.

*** چەند رازی لەو ئاوازانەی ئەمرۆ کاریان پێدەکرێ؟**

– هەندێک ئاواز هەیە زۆر زۆر باشن و بەتام و چێژن وهەندێکیشیان لاوازن.

*** دەنگی کام هونەرمەند بوو وایلێکردی ببی بە گۆرانی بێژ؟**

– هیچ دەنگێک کاری لەسەر من نەبووە کە ببم بەگۆرانی بێژ.

*** چەند لە راگەیاندنەکان رازی لە بەرامبەر بایەخدان بەتۆ و پێشکەشکردنی بەرهەمەکانت؟**

– زۆر سوپاسی هەموو راگەیاندنەکان دەکەم کەبەردەوام بایەخیان داوە بەبەرهەمەکانم.

*** تەمەن یان باری دارایی رێگرە لەبەردەم ئەنجام نەدانی کاری هونەری؟**

– هەردووکیان رێگرن لەبەردەم ئەنجامنەدانی کاری هونەری.

*** کەریم کابان چەند حەزدەکا هاوکاری گەنجان بکا؟**

– ئەگەر توانام هەبێ پێم خۆشە ئاواز بۆ گۆرانیبێژە دانێم گەنجەکان دانێم.

*** زۆرجار لەناو دەسەڵاتی هونەری دەڵێن: هونەرمەندە بە تەمەنەکان هیچ توانای کارکردنیان نەماوە، بۆیە پەنا بۆ رەخنەگرتن دەبەن تا بۆشایی کارکردنیان بەوە پڕ بکەنەوە، ئەو قسەیە چەند لەسەر کەریم کابان دەچەسپێ؟**

– من وەکو هونەرمەند رەخنەم لە هیچ هونەرمەندێک نییە، بەڵکو پێخۆشحاڵم کەهونەرمەندێکی سەرکەوتوو دەبینم، کەواتا ئەو قسەیە من ناگرێتەوە و لەسەرم ناچەسپێ.

*** بۆچی زۆربەی هونەرمەندان و ئەدیبانی کورد دەبێ بە خەمەوە سەر بنێنەوە و ماڵئاوایی لەژیان بکەن؟**

– بەڕاستی ئەمە پرسیارێکە وەڵام دانەوەی قورسە.

*** ئافرەت لای تۆ چی دەگەیەنێ؟**

– ژن نیوەی کۆمەڵە و دایکی نیوەکەی تریەتی.

*** چی بەوانە دەڵێی بازرگانی بەهونەر دەکەن و لە پەنای هونەر دەیانەوێ مێژووی ئەو وڵاتە بشێوێنن؟**

– هەرکەس بەشێوەیەک بیر دەکاتەوە لەژیان، ئەو هونەرمەندەی کە بازرگانی دەکات ئەوە رای خۆیەتی لەوانەیە جەماوەرێکی زۆریشی هەبێت لەبەرئەوە ئێمە ناتوانین رێیان لێ بگرین، هیچ کەسێکیش ناتوانێت مێژووی وڵاتێک بشێوێنێ.



کەریم کابان

# ئاگرین: هەڵکەوت زاهیرو رێکخراوی هونەرمەندان خوویان بەهونەرمەندی ئافرەتەوە گرتووە بەتایبەتی ئەوانەی گەنجن

**ئا: بڕیار مەحمود**

**هونەرمەند ئاگرین ئێستا ٩ تراکی ئامادەیە و بەنیازە بێتەوە کوردستان تۆماریان بکا، هەروەها ٢١ شیعر و ئاوازیشی ئامادەیە، بەڵام لەبەر خراپی لایەنی ماددی ئەو بەرهەمانەی تۆمار نەکردووە، سەبارەت بە چەند پرسێکی ئەمرۆی هونەری کوردی، ئەو دیدارەمان لەگەڵ سازدا.**

*** ئاستی هونەری کوردی چۆن دەبینی ؟**

– ئاستی هونەری کوردی لەئاستێکی زۆرباشدایە، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوەی ئێستا هونەری کوردی دەرخستووە مۆسیقایە.

***سەبارەت بەمۆسیقای باکوور. ئایا ئاوازی مۆسیقای کوردی لەلایەن هونەرمەندە تورکەکانەوە دەدزرێت ؟**

– زۆرلەمێژە هەستی پێدەکرێت لەتەلەفزیۆنەکانەوە کاتێک گۆرانی (شلێرە_شلێرە)یان قوربان ئەوانەی بەتورکی وتوە .

*** تا ئێستا چەند بەرهەمت بڵاوکردۆتەوە؟**

– (٢)گۆرانیم بڵاوکردۆتەوە (٣)کلیپیشم بۆیان کردووە، هەروەها (٩) تراکی ترم ئامادە کردووە، بەم نزیکانە دەگەڕێمەوە کوردستان، ئێستاش نزیکەی(١٩_٢٠) شیعرو گۆرانی بڵاونەکراوەم هەیە، لەبەرئەوەی بڵاوکردنەوەیان توانایەکی ماددی باشی دەوێت.

*** هونەرمەندێکی کورد باسی لەوە کرد کە داوای لە کەناڵێکی کوردی کردبوو بۆکلیپپ کردن، بەڵام پێی پێکەنی بوون، ئەو هونەرمەندە وتی: وایان زانیوە قسەکەی من نوکتەیە؟ ئایا بەرێزت هیچ حاڵەتێکی لەم شێوەت رووبەڕوو نەبۆتەوە؟**

– هەتا ئێستا داوای هاوکاریم لەهیچ کەسێک نەکردووە هەموو هێزێکم خستۆتە سەر خۆم، لەبەر ئەوەی دەزانم ئەگەرداوایان لێبکەم بەهەمان شێوەی ئەو هونەرمەندە وەڵامی منیش دەدەنەوە، بەڵام بەداخەوە، کە بەو هونەرمەندە پێکەنیون. ئەم حاڵەتە بۆهەموو کەسێک ناکەن بەڵکو زۆر جاران هاوکاری جۆرە کەسێک دەکەن، کە هونەرەکەی زۆریش لاواز بێت، لەبەرئەوەی پشتی هەیە، بەگشتی دەسەڵات هاوکاری هونەرمەندی هەژار ناکات ...

*** بوونی کۆمپانیای هونەری تاچەند توانیویەتی دەست بارگرێت بۆ هونەرمەندان؟**

– من ئەو باشییە نابینم، چونکە کاتێک لەهونەرمەندەکان دەبیستی دەڵێن ساختەکاریمان لەگەڵ کراوە (cd)یەکەت لێدەستێنێت پارەیەکی کەمت دەداتێ هەتاکو پارەی چاپکردنیشیان لەهونەرمەندەکە سەندووە، ئەگەر هەمووی فرۆشرا و پارەی کۆمپانیا گەڕایەوە قازانجەکەیان بەهاوبەشی دەبێت کۆمپانیاکان تەنیا رێکلامێکی بۆ دەکەن لەتەلەڤزیۆن بە($٢٠٠) خۆشت دەتوانی ئەمە بکەیت بەگشتی ئەو کۆمپانیایانە بۆ هەڵخەڵەتاندنی هونەرمەندەکانن.

*** راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەت و سەندیکای هونەرمەندان بەڕای تۆ چییان کردووە بۆ هونەرمەندانی کورد؟**

– بەگشتی من نابینم هیچ کارێکیان کردبێت تەنیا بۆ چەند هونەرمەندێک نەبێت ئەوانیش بەچاو دیارن ئەوانەی دەیاننێرن بۆ تورکیا و کلیپی(٥٠) هەزار دۆلاریان بۆ دەکەن یاخود پارەیەکی خەیاڵی بۆ (CD)یەکەی سەرف دەکەن، ئەم دوو لایەنەی تۆ باست کردن زیاتر خوویان بەهونەرمەندی ئافرەتەوە گرتووە، بەتایبەتی ئەوانەی کە گەنجن.

*** هۆکاری ئەوە چییە؟**


– ئەوە زیاتر بۆ خۆ نزیکردنەوەیە لێیان.

*** چۆن دەڕوانییە رەوشی ئەمرۆی هونەری کوردی، بە تایبەتی vin tv کە دەڵێن کلیپ لە هونەرمەندان دەکڕێتەوە؟**

–رەشبینم بە رەوشی ئەمرۆی هونەری کوردی، لەڕاستیشدا من نازانم و نەمبینیوە، کە(vin tv) کلیپی لەهونەرمەندان کڕیبێتەوە، بەڵام ئەگەر هەر بەئافەرین و دەست خۆشییەک گۆرانیت لێوەربگرێت، ئەمە هیچ نییە.

*** رات لەسەر بەرنامەی ستۆدیۆی ئەستێرانی زاگرۆس و کوردستاری کوردسات چییە؟**

– من دەپرسم ئایا هەر کەسێک لەو بەرنامەیە پلەی یەکەمی بەدەست هێنا حکومەتی هەرێم دەستی دەگرێت و هاوکاری دەکات، چونکە ئەگەر تۆ ببیت بەهونەرمەند توانای هەموو جۆرە کارکردنێکت نامێنێت، بەڵکو پێویستە هاوکاری بکرێیت، بەڵام من وای دەبینم، کە ئەم بەرنامانە بۆ سەرلێشواندنی خەڵکی هەژارە.



ئاگرین


www.arsivakurd.org

# بەگمە سۆر

**ئا: ستار محەمەد ئەمین**

حەیران وەک بەشێک لە ستران یان گۆرانی رووبەرێکی بەرفراوانی لە کۆمەڵگای کوردەواری داگیر کردووە بە تایبەتی لە دەشتی هەولێر توانیویەتی دەربری زمانی سەردەمی خۆی بێ و بەر جەستەی تەواوی دنیای ئەڤین و خۆشەویستی و جوانی بێ لەم بوارەدا گەلێک حەیرانبێژی ژن و پیاو لە سەردەمی خۆیدا ناوبانگیان دەرکردووە، بەڵام لەبەر چاوگرتنی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ژنان کەمتر دەنگیان تۆمار کراوە لەم بوارەدا، ئەوەشیان ئەوە ناگەیەنێ کە دەنگ بێژی ژن کەم بووینە و ئەوەتا بەگمەسوری تەمەن ٨٥ ساڵ بە دەنگ و سەداو ئاوازی ئەوێ رۆژێ دوای ٢٥ساڵ ماڵئاوای هاوسەرەکەی کەمام هادی نەیژەنە بەلاوانەوە ئێمەی بردە سەر گۆری خۆشەویستەکەی خۆی، خۆی وتەنی لە دوای ئەو دنیا بە چاوە کزەکانیەوە هەر بەتاریکی دەبینم بە دەنگە بە سۆز و پر جۆشەکەی دەستی دایە بن گوێ و هەست و خۆشەویستی خۆی لە رێگا دا تا گەیشتینە سەر قەبرەکەی هادی دەربڕی .

بەگمە سۆر جگە لە لاوانەوە و لاوک و حەیران لە بورای بەستەش دڵی نەشکاندین و چەند بەستەیەکی پێشکەش کردین هەر جارەی باسی غەریبی و بێ کەسی و خۆی دەکرد، چاوەکانی پر لە فرمێسک دەبوون لە درێژەی گەشتەکەی ئەو رۆژەمان بۆ گوندی سۆر بەش توانیمان گرێکوێرەکانی دڵی بەگمە سوری دەنگ خۆش و زوڵاڵ بکەینەوە هەر بۆیە یەکسەر هاتە سەر ئەوەی کە زۆر شتی لە دڵدا قەتیس ماوە لە ئەوێ رۆژی گەنجایەتیدا خۆی رەنج بەخسار زانیوە بەگمە سۆر بە خۆی دەڵێ: گەنجێتیم نەبینیوە لەبەر ئەوەی باوکم هیچ منداڵی تری نەبووە بۆ بەتبەختی من هەموو ئیش و کاری پێ کردووم گاوانی و گارەوانی و شوانی ودوورنەو هەتا دوایی زۆر جارانیش بۆ خۆشی خۆی و برادەرانی کە لە دیوەخان دادەنیشتن لەگەڵ خۆی دەبردم بۆ مەجلیسی ماڵی ئاغا و گۆرانی و حەیران و لاوکی پێ دەگووتم .



بەگمە سۆر

# عارەب عوسمان : تا ئێستا جگە لەمن هیچ هونەرمەندێکی تر نەچووەتە فێستیڤاڵی جیهانی کە بەرەسمی داوەت کرابێ

**زۆرجار کە گوێبیستی ناوی عارەب عوسمان دەبین، ئەوە گۆرانی رەسەن و حەیرانمان دێتەوە یاد. عارەب عوسمان یەکێکە لەو هونەرمەندانەی بەردەوام هەوڵدەدا هونەر و فۆلکلۆری کوردی بە جیهان بناسێنێ، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە هونەرمەند لە چەندین فێستیڤاڵی جیهانی بەشداری کردووە و بەجلی کوردی حەیران و لاوک و بەستەی فۆلکلۆری کوردی گوتیە و دەشڵێ: کە بەشداری ئەو فێستیڤاڵانەمان کرد هیچ تەلەفزیۆنەک ریکلامی بۆ نەکردین.**

**هونەرمەند بۆ خوێنەران خۆی دەناسێنێ و دەڵێ: ناوی تەواوم عارەب عوسمان جەرجیسە و لە ساڵی ١٩٥٢لە گەرەکێکی ساک و گۆرِی وەکو تەیروە لەدایکبوومە، سەرەتاییم لە قوتابخانەی مەولەوی تەواوکردووە و ناوەندیشم لە قوتابخانەی سەلاحەددین بووە و تا پۆلی دووی ناوەندیم خوێندووە.**

### ئا: هونەری بەدرخان

*** ژیانی منداڵیت چۆن بوو؟**

– ژیانی ئەوکات سەخت بوو، فەقیری و هەژاری بوو، زۆریشم حەز لە خوێندن بوو، بەڵام باوکم کۆچی دوایی کرد و ناچاربووم بۆ بژێوی ژیانی خۆم و دایکم و خوشکم کاسبی بکەم و لەساڵی ١٩٧٢ وازم لە قوتابخانە هێنا.

*** ئەو ئیشانەی لەو تەمەنەدا کردت چی بوون؟**

– چایچیاتی، شەکەراتم فرۆشتووە، پاقلاوەم فرۆشتووە، شاگردیم کردووە، حەمەلاتیم زۆر کردووە، لەچاندنی ئەو دارانەی چوار دەوری شەستی لەهەمووی بەشداریم کردووە.

*** ئەی لە تەمەنی گەنجی چیت کردووە؟**

– لەتەمەنی گەنجێتیدا تەنها کاسبیم کردووە و عاشقاتیم نەکردووە.

*** ئەی چۆن بوو دەستت بەگۆرانی گوتن کرد؟**

– لە قۆناغی سەرەتایی لە تیپی سروودی قوتابخانە بووم بەهاوکاری مامۆستا جەمال هیدایەت و عەدنان مەلا و مامۆستا جەودەت شاکر و ئەوانە کە سەرپەرشتی قوتابخانەکانیان دەکرد، مامۆستا جەمال هیدایەت پێی دەگوتین



عارەب عوسمان

سروودی کوردی بڵێن، سروودەکانیش (خوایە وەتەن ئاواکەی و شاخی رەنگاورەنگی گۆیژە و ئەی رەقیب و ئەوانە بوو.

*** یەکەم بەرهەمت کەی تۆمارکرد؟**

– هەر لەقۆناغی سەرەتایی بووم پێیان دەگوتم دەنگت خۆشە، ئیتر سەبر سەبر گۆرانیم دەگوت، دواترپۆلیسی سنوور دانسدرا و من زیاتر بەلایەنی وەرزشی و یاریزانی ناسراوبووم و لایەنی وەرزشم زیاتر بوو لەلایەنی هونەری، یاریزانی تۆپی سەرمێز بووم و لەخولەکانی کوردستانی ئەوکات زۆر بەشداریم کردووە، یاریزانی پاسکیلیش بووم، ئەوجا هێواش هێواش گۆرانیم دەگوت، یەکەم بەرهەمیشم ئەوەبوو مامۆستا شەریف جەرجیس ژنی دەهێنا، هونەرمەندە برادەرەکانی سلێمانی وەکو (حەسەن گەرمیانی و قادر کابان و ئەوانە لەوێ بوون و مامۆستا وریاوانیش مۆسیقایان لێدەدا، ئەوکات ئاهەنگ لەماڵان دەگێردرا، منیش لەوێ بووم، برادەرانیش بەمامۆستا وریایان گوت ئەوە دەنگی خۆشە، ئەمنیش ٣–٤ گۆرانی مامڵێ و تاهیر تۆفیقم گوت، دیاربوو مامۆستا وریا زۆر رای لێ بوو، ئەوەبوو گوتی ئێمە (٢٢) بەرهەممان هەیە و بۆ بەغدا تۆماری دەکەین لە ستۆدیۆ ٥ی بەغدا حەزم لێیە بێیە چالاکی قوتابخانەکان کە ئەوکات لە فلکەی ئیسکان بوو، دواتریش چوومە چالاکی قوتابخانەکان و سکرتێرەکەی مامۆستا وریا پێی راگەیاند کەمن وا لەبەر دەرگام، ئەوەبوو مامۆستا وریا هاتە دەرەوە و لەلاچەپێک دانیشتین و گوتی حەزم لێیە بەکەیفی خۆت گۆرانییەک بڵێی، منیش بلوێری شوانم گوت، ئەویش منی بردە ستۆدیۆ و پێشکەشی مامۆستا مۆسیقییەکانی کردم و گوتی ئێستا گۆرانییەکی بۆ تۆمار دەکەین، ئەوەبوو دوای دووسێ پرۆڤە ساڵی ١٩٧٦– ١٩٧٧ گۆرانی بلوێری شوانم لە ستۆدیۆ ٥ی رەنگاورەنگی بەغدا تۆمار و دۆبلاج کرد.

*** کەی و چۆن بوو حەیرانت گوت؟**

– سەبارەت بە حەیران نزیکەی ١٥ ساڵ دەبێ بەسەر کۆچی دوایی رەحمەتی رەسول بێزار گەردی، برادەرانی مۆسیقاژەنی وەکو مامۆستا سەید ئەحمەد بەرزنجی رەحمەتی و مامۆستایان جەمال هیدایەت و جەودەت شاکر و مستەفا رەئوف و رەنجبەر خۆشناو و رزگار خۆشناو و وریا ئەحمەد و ئەوانە گوتیان گوێت مۆسیقیە و کەسیش نییە لەو سەردەمە حەیران بە مۆسیقا بڵێ حەزمان لێیە لەدوای مردنی رەسول گەردی تۆ حەیرانەکانی بڵێیەوە، ئەوەبوو گوتمەوە و تا ئێستاش بەردەوامم لە حەیران گوتن.

*** بۆچی گەنجە گۆرانیبێژەکانی ئەمرۆ کەم حەیران دەڵێن؟**

– ئەو گەنجانەی حەیران دەڵێن زۆرکەمن و تاک و توکن، هەیە پێی دەڵێن کە دیدارێکی تەلەفزیۆنی یا رادیۆیی هەیە، ئەویش خۆی فێری یەک، دوو بەند حەیران دەکا، دەزانێ خەڵک داوا دەکاو عەشقی حەیرانن، بۆیە لە شەرمان یەک بەند حەیران دەڵێ، ئەگەرنا کوا کێن ئەو گەنجانەی حەیران دەڵێن، حەیرانبێژیشمان زۆرە لە بەتەمەنەکان، بەڵام نایڵێین.

*** بەرای تۆ چ دەفعێک لەپشت ئەوەویە تا ئێستا حەیران بە نەمری ماوەتەوە؟**

– تەبعەن حەیران پێناسەی گەلە، حەیران مەقامێکە لە مەقامەکانی بەیات، ئەو حەیرانەش کە بە هەزاران ساڵ پێش ئێستا سەری هەڵداوە، ئەوەی ە مامۆستایان مەحمود زامدار و عومەر شێخەڵلا دەشتەکی و مارف خەزنەدار و خالید جووتیار و ئەسعەد عەدۆ و غەفوور مەخمووری و ئەوانەی لەسەر حەیران دەنووسن، بەردەوام دەڵێن حەیران لە دەشتی قەراج و کەندێناوە و سەنیە و مرکێ سەری هەڵداوە، پەرِیوەتەوەش بۆ دەشتی خۆشناوەتی و دەشتی موکریان و هەتا حەوزە بۆکانیش دەچێ، بەڵام حەیرانبێژەکانی ئەوێ هەر حەیرانەکانی دەشتی قەراج و کەندێناوە دەڵێنەوە، بەڵام بە شێوەیەکی وەکو سەردولکە، لەبەرئەوەش کە حەیران پێناسەی گەلە بۆیە هەر بەنەمری دەمێنێتەوە.

*** چەند جارێک چوویتە دەرەوەی وڵات، بۆچی چوویت؟**

– ئەمن زۆر لەگەڵ برادەران چوویمە بۆ فێستیڤاڵەکانی جیهانی، ئێمە لەرێگای خانەی مۆسیای پاریس کەدکتۆر کەندال نەزان بەرێوەبەری پەیمانگای ئینستیتوتی کوردە لە پاریس، بارزان یاسینیش لەوێ عایدی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئینستیتوتی کوردە، ئەوناوە ناوە دەهاتە کوردستان و داوەتنامەی رەسمی بۆ دەهێنام و ئێمەش لەگەڵ مامۆستا شێرزاد و جەودەت شاکر و مستەفا رەئوف و هەندێ هونەرمەندی ترمان هەڵدەبژارد و دەچووینە فێستیڤاڵەکان، زۆریش چووینە فێستیڤاڵی جیهانی، تا ئێستاش جگە لەمن هیچ هونەرمەندێکی تر نەچووەتە فێستیڤاڵی جیهانی کە بەرەسمی داوەت کرابێ و لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە رەوانە کرابێ.

ئەو فێستیڤاڵانەشی کە چووینە بریتی بوون لە: میزۆڵ دۆلەمیوزیک پاریس، سێتی دۆلە میوزیک پارس، ئەوانە لە پاریس بوو، فرانک مارتا لە جنێڤ، ئۆپێرا ئەدامبارا لە ئوسکوتلەندا، لە شتوتگارتیش بەشداریمان کردووە و لەرۆژنامەی لۆڤیگارۆ و فانیال چان لیمۆنت دیدارم لەگەڵ کراوە.

*** سوودی بەشداری کردنتان لەو فێستیڤاڵانە چی بوو؟**

– لەو فێستیڤاڵانەدا کلتووری کوردمان بەو وڵاتانە ناساندووە، ئەو حەیرانە رەسەنە کوردییانەی خۆمان پەلی هاوێشتووە بۆ ئەورووپاش، ئەورووپییەکان زۆر موعجیبی حەیرانی کوردینە.

*** ئێوە هەوڵدەدەن حەیران و هونەری کوردی بەجیهان بناسینن، کەچی ئێستا سەیردەکەی کۆمەڵە گەنجێ بە هاوکاری بەرپرسێکی باڵای هونەری ئاوازی غەیرە کوردیان تێکەڵی هونەری کوردی کردووە، رات چۆنە؟**

– خۆی هونەرەکە بوویتە زۆری و بۆری، بەڵا هەقوانییە وابێ، پێویستە ئەو کلتوورە بپارێزرێ و لەناو نەچێ، هەقوایە دیراسەتێی بکرێتەوە و لە پەیمانگاکان بخوێندرێ و پێناسەی حەیران بەو قوتابیانە بگوترێ، حەیران فۆلکلۆری رەسەنی کوردییە، حەیران پێناسەی کوردە، ئەگەر حەیران نەبێ لەوڵاتانی دونیا کورد هەر ناناسرێتەوە، ئێمە بەردەوام کە بۆ ئەو فێستیڤاڵانە چووینە ئەوهەوو پروپاگەندەمان بۆ نەکراوە و هەر وەشمان نەگوتووە و تەلەفزیۆنێکیش باسی نەکردووە، ئەگەر لە رۆژنامەکان نووسرابێ، لەو فێستیڤاڵانەش بەهەزاران جەماوەری رۆشنبیری ئەورووپی لەناو هۆڵەکان دانیشتینە و بەدووجار و سێجار هاتیمەوە سەر شانۆی و حەیران و بەستە و لاوکی کوردەواریم گوتیە.

*** چەند لە گەنجەکانی ئەو سەردەمە رازی؟**

– گەنجەکانی ئەو سەردەمە زۆربەیان دەنگیان خۆشە، بەڵام ئەگەر ئەو ئاوازە غەیرە وردیانە بڵێنەوە، وەڵڵاهی فڕی بەهونەری کوردییەوە نییە، پێویستە ئاوازی رەسەن بڵێنەوە، ئێمە کاتی خۆی کە هاتینە ناو هونەر ماوەی (٥–٦) ساڵ جارێ تەنها گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانمان دەگوتەوە، ئەوجا ئەگەر لەرێگای مامۆستایەکی هونەرمەندی مۆسیقاژەن هەوڵدرابا تا تۆنی دەنگمان ببینێتەوە بۆ ئەوەی لەسەر ئەو شێوازە گۆرانی بڵێین، ئێستا کابرا تازە دێ و فڕی بەرێی هونەریشەوە نییە و سیدییەک بەرهەمدێنێ ٨ گۆرانییە، هەمووی ئاوازی تورکیە.

* ئەو ماوەیە بەرهەمت نییە بۆ؟

– لەبەر ئەو زۆری و بۆرییە ئەوانی تریش فەرامۆش کراینە.

* چەند گەشبینی بە ئایندەی هونەری کوردی؟

– ئەو پەیمانگای هونەرە جوانەکان و ئەکادیمیای هونەرانەی کە کراوەتەوە، رێبازێکی چاکە بۆ ئەو گەنجانە کە فێری هونەریان دەکەن لەهەموو بوارەکان، بەڵام بەو مەرجەی لە پێناسەی گەلەکە دەرنەچێ و ئەو مێژووە بپارێزرێ و پێویستە لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر حەیران و لاوک بکرێ، چونکە ئەو میللەتە لە وڵاتانی دونیا بەلاوک و حەیران ناسراوە.

# رۆژ کەریم : دەسەڵاتی کوردی ئەوەندە رێز لە هونەر ناگرێ تا پاڵپشتی هونەرمەند بکا

**رۆژ کەریم یەکێکە لەو هونەرمەندانەی لەناو هونەری کوردی ناوێکی دیاری هەیە، لە بەریتانیا و لەکات و ساتی کۆنفرانسی کوردی لە لەندەن، بەدرخان بەچاکی زانی ئەو دیدارەی لەگەڵ سازبدا...**

### ئا: هونەری بەدرخان- لەندەن

*** لە منداڵیدا، منداڵێکی هێمن بووی ؟**

– وەک هەموو منداڵەکانی تری دنیا، هاروهاج بووم و بێ دەنگیش بووم، ئەوەی بزانم دایکم دەڵێ زۆر هار نەبووم.

*** بەمنداڵی هیچ جار سەرت شکاوە؟**

– بەڵێ، دە جار.

*** ئەی سەری هیچ منداڵێکت شکاندووە؟**

– بەڵێ بەدڵنیاییەوە.

*** خوێندنت چۆن بەرێ کردووە؟**

– دووجار پەیمانگام تەواو کردووە، یەک لە بەغدا بەشی کتێبخانەکانم تەواو کردووە، دوو لە سلێمانی بەشی کۆگاکانم تەواو کردووە، لەسویدیش چەند خوێندنێکی مۆسیقام خوێندووە.

*** ئەو کچەی لە گەنجی خۆشتویست چی بەسەرهات؟**

– وەکو خۆشەویستی نا، بەڵام ئیحساس هەبووە بۆ هەر کچێکی جوان، کە بمدیبایە خۆشمدەویست، بە بروای من مەسەلەی خۆشەویستی لە منداڵی و لە (٥–٦) ساڵییەوە سەرهەڵدەدا، جا لە سەرەتاوە بەپاکی دێ تا دەگاتە گەورەبوون و جووت بوون و خێزان و بابەتەکانی تر، بە بروای من یەک لەوانەی واتلێدەکا تەواو پێبگەی و موتەکامل بی، تەمەنی مێردمنداڵییە و سەربەستی لەو کاتەدا، ئینجا باسکردنی ئەو سەربەستییە، چونکە ئەوە یەک لەو هۆیانەیە ئەو مرۆڤە دەردەخا و پێدەگا، من باش ژیاوم بۆیە سوپاسی کەس و کارم دەکەم.

*** ئەو کەسەی خۆشتویست ئەگەر ئێستا بیبینی هەست بەچی دەکەی؟**

– بێگومان زۆرم پێ خۆش دەبێ، بینیومە، بەڵام بڵێم ئەو خۆشەویستییەم قەت بیر ناچێتەوە وانییە، چۆن لە ژیان خۆشی و ناخۆشی هەیە و بیردەچێتەوە، خۆشەویستی وایە خۆشی و ناخۆشی هەیە و بیردەچێتەوە، من بۆ خۆم چەند جارێک خۆشەویستیم کردووە. بیریشم چووە.

*** مەحوی دەڵێ: مەحەببەت ئێشی زۆرە رێزی لێ بگرە، زۆرکەس دەڵێن خۆشەویستی یەکەم ئازاری زۆرە، بەرای تۆ چۆنە؟**

– راستە ئێشی زۆرە، بەڵام مرۆڤ لەوە گەورەترە و ئەو شتانە لەبیر چوونەوەیان زۆر ئاسانە، وەکو باوک مردن وایە و بیردەچێتەوە، ناکرێ بۆ باوک مردن هەموو رۆژێک بگریت، خۆشەویستیش وایە، بەڵام یادگاری هەر دەمێنێ، من یادگاری باوکم و خۆشەویستەکەشم لایە، بەڵام مرۆڤ بێ خۆشەویستی نابێ و خەمەکانیش بیردەچنەوە، چونکە ئێشەکان ئەوەندە زۆرن و کەسی نوێش دەناسی و دێتە ژیانتەوەو ژیان بەرەو پێشەوە دەچێ.

*** لە ناوەندیدا دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی وانەی پێگوتووی، ئەوە چۆن بوو؟**

– دکتۆر عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا عەلیاوەیی لە هەولێر لە قوتابخانەی "جمهوری" یەک رۆژ وانەی پێ گوتم، دوای ئەوە لەو قوتابخانەیە نەمام، لەبەر ئەوەی دەستگیر کرام. رۆژێکی زۆر دڵخۆشە، پاش ئەوەندە ساڵە"عەبدوڵڵا لە لەندەن دەبینم و یەکسەرو یەکراست ناسیم".

*** چی وایلێکردی ببی بەگۆرانیبێژ؟**

– بە چاوکردنەوەم لەژیان یەک لەهەرە نزیکەکانی باوکم کاک حەمەساڵح دیلان و قادر دیلان بوون، وەک مامم بوون، ئەوانە بەردەوام لە ماڵمان بوونە و بەردەوام بینیومن و چوومەتە ماڵیان و سەیرم کردووە زۆر رێزیان لێگیراوە، منیش حەزمکردووە وەک ئەوانە بم، هەمووو کاتیش و لەیەکەم رۆژی دەستپێکردنەوەم وەکو رۆژ گۆرانیم گوتووە و قەت لاساییم نەکردۆتەوە. یانی ئەوانە پاڵپشت بوون بۆ من بۆ ئەوەی حەز لە هونەر بکەم.

*** ئێستا لە کوردستان یەک دوو گۆرانیبێژ خەڵکیان لەپشتە و هاوکاری چاک دەکرێن، تۆ پێتوایە بەو دەست لەپشتدانە هونەرمەند دروست دەبێ؟**

– لە ئێستای هونەر وشەی مادده زۆر لە کێشەکانت بۆ چارەسەر دەکا، بۆ نموونە لەوانەیە من کەمێک موشکیلەم کەم بێ، چونکە بۆ خۆم ئیش دەکەم و ژیانم بەسەر دەبەم، بەڵام هەندێ گۆرانیبێژ دەنگیان زۆر خۆشە و هونەرمەندی زۆر باشن، بەڵام لەکاتی تۆمارکردن بە کوالیتێکی زۆر خراپ گۆرانی تۆمارکردووە، لەبەرئەوەی پارەی نەبووە، جگە لەوەی ئەگەر پارەت نەبێ ناتوانی کلیپێکی جوان بکەی، ناتوانی خۆت پێشبخەی و بچی لە وڵاتێکی تر کارەکان بکەی، هەمووی پەیوەندی بەدەسەڵات و پارەوە هەیە، بۆ ئەوەی کە هونەرمەندێکی کورد پاڵپشتی بکرێ لەلایەن دەسەڵاتەوە، باوەرناکەم، چونکە دەسەڵاتی کوردی ئەوەندە رێز لە هونەر ناگرێ تا پاڵپشتیان بکا.

*** تایبەتمەندییەکانی هونەرمەند دەبێ چی بێ؟**

– بەر لەهەموو شتێک دەبێ مرۆڤ بێ، هەست بەخۆشی وئازارەکانی میللەتەکەی بکا، لەگەڵیان بێ و لەهەمووی گرنگتر گۆرانییەکانی تەجروبەی ژیان بێ، بۆ ئەوەی گۆرانیەکەی بەرۆح نەمر بێ، هەروەها خوێندنەوە یەک لە شتە هەرە گرنگەکانە، دوای هەست و ئەو شتانە یەکسەر خوێندنەوە، ئینجا فێربوونی مۆسیقا بۆ نموونە گۆرانی شیعرە، تۆ ئەگەر کەسێکی رۆشنبیر نەبی ناتوانی لەو ئیحساسەی خۆت شیعرێک هەڵبژێری، ناتوانی گۆرانییەکی سەرکەوتوو بەدەست بێنی، بەبروای من تا ئێستا شیعر دەبێ گۆرانی دروست بکا.

*** کەواتە ئەگەر شیعرەکە باش نەبێ، گۆرانییەکی باشیش دەرناچێ؟**

– بەداخەوە وەکو میلۆدی لەناو کورد دەردەچێ، بەڵام لەناو کەسانی لێزان هیچ دەرناچێ، لە هەموو دنیا گۆرانی بریتییە لە تێکستەکە، بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست.

*** ئەمرۆی ئاواز و هونەری کوردی چۆن دەبینی؟**

– زۆر زۆر باشترە لە جاران، لەبەرئەوەی هەوڵدان هەیە.

*** کەوایە دەکرێ بڵێین کورد هونەرێکی پرۆفیشناڵی هەیە؟**

– نەخێر، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی کوردی تا ئێستا پاڵپشت نییە و شتەکان لەشێوەی شەخسی تێپەری نەکردووە، یانی تا ئێستاش پێی دەڵێن یارمەتی، وا دەزانن مەلا کوێرەین، کاکە مەلا کوێرە نین هەمووومان گەنجین و دەتوانین ئیش بکەین، یانی بۆ شتێک بۆ گەنج دەکرێ پێی دەڵێن یارمەتی ئەی بۆچی یاسایەک دانانێن، هونەرمەند پێویستی بەو یارمەتییە نەبێ، من ئەمرۆ لەگەڵ دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی باسمانکرد، کە باشترە یاسایەک دروست بێ، کە لەسوید هەیە و پێی دەڵێن یاسای پاراستنی مافی هونەرمەندان، بۆ ئەوەی هونەرمەند پێویستی بە دەسەڵات نەبێ، بەڵام لەوە دەچێ نەمانەوێ ئەو شتە بکەین و هەروەکو جاران گۆرانیبێژ وەکو شایەر لەلایەن دەسەڵاتەوە سەیر بکرێ، ئەوەش کارێکی هەڵەیە.


*** رات سەبارەت بە بەدرخان؟**

– زۆر سوپاستان دەکەم، هیوادارم هەر بەرەو پێشەوە بچن، چونکە بەدرخان لە سەرەتای دەست کردنی بە بڵاوکردنەوە پێشکەوتووانە کاری کردووە و خوێنەری خۆی هەیە و هەمووکات هەوڵدەدەن شتی جوان و رێک و پێک بکەن هەم لەرووی دیزاین و هەمیش لەرووی شێوازی دیدارەکانتان.



رۆژ کەریم

# دیاری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان





نازم دڵبەند - فرانکفۆرت

## لە فرانکفۆرت حاڵی کتێبی کوردی چۆن بوو؟

ئەمساڵ بە (٦) ملیۆن یۆرۆ حکومەتی تورک پێشانگای کتێبی فرانکفۆرتی پاوانکردبوو کوردیش (١١٢) مەتری لەم زەوییە کە بۆ پێشانگاکە تەرخانکرابوو بەکرێ گرتبوو و ژمارەیەکی زۆری دامەزراوە چاپکراوە کوردییەکان بەشداریان تێداکردبوو، بەڵام بەشی چاپکراوەکانی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی.ن.ک) پانتاییەکی باشی بۆ تەرخانکرابوو..

لە یەکەم ساتی دەستپێکردنی کاری پێشانگاکە لەکاتی سووڕانەوەی لێپرسراوە تورکەکان بەناو پێشانگاکەدا لە ساڵۆنی کوردی کە چاوییان بە ئاڵای کوردستان و نەخشەیەکی سەردەمی عوسمانلی کەوتبوو، کە هەندێ لەو شوێنە کوردستانیانەی ئێستاکە لەژێر چەپۆکی داگیرکەری تورکدایە بەبێ هیچ لێکدانەوەیەک خەمە گەورە توندڕەوییەکەیان هەڵڕشتەوەو شاڵاوی نابەجێیان بۆ ئەم ساڵۆنە هێنا و ویستیان ڕقەکانیان هەڵڕێژن، بەڵام هەرزوو بە شێوازێکی حەکیمانەی کورد چارەسەری ڕەوشەکە کراو ئەوەبوو تا دوارۆژی پێشانگاکە پۆلیسی ئەڵمانی چاودێری ئەم ساڵۆنەی دەکرد، کە ئەمەشیان خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە ئیعتراف بوون بە گەلی کورد و سەرکەوتنی سەروەری یاسا لە ئەڵمانیا، ئەوەیان تا ئێرە بینراوی ناو پێشانگاکە بوو..

هەر لێرەوە دوو خاڵ ڕووندەکەمەوە، یەکەمیان بەپێی قسە و باس و تێڕوانینی ئەم برادەرانەی، کە چەند جارێک ئەم پێشانگایەیان بینیوە، هەمیشە دەیانگوت: پێشانگای ئەمساڵ لەم ئاستەی ساڵانی ڕابردووی نەبوو...

ڕاستیشیان دەکرد، چونکە ئێمەش سەردانی زۆربەی بەشەکانی دیکەمان کرد بە تایبەت بەشەکانی وڵاتانی عەرەبی، ئەو ئاستە گرنگەیان تیا بەدی نەدەکراو ئەو چاپەمەنییانەی کە لەوێ پێشانیان دابوو ئەوەنەبوو خوێنەر و بینەر بەچاوی سەرسوڕمانەوە سەیریان بکات و یان جۆرێک لە قەرەباڵغی کڕین و سەیرکردنی پێوە دیاربێت.

دووەمیان لە بەشە کوردییەکەی خۆشمان لەوێش من پێشنیازی ئەوەمکرد، کە زەرورییەتە هەندێ لەو چاپەمەنییە گرنگانەی کە بۆ ئەم جۆرە پێشانگایانە دەهێنرێ بۆ سەر زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی وەربگێڕدرێ و هەر نەبێ دابەشی سەر ئەو کەسایەتییە ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووسانەی ئەم وڵاتە بکرێ تا لە نزیکەوە و بەزمانی خۆیان مێژووی گەلی کورد بخوێننەوە.. نەک بەم شێوەیەی کە بینیمان ئەو کتێبانەی پیشاندرابوون تەنها بەزمانی کوردی و هەندێکی بەزمانی عەرەبی بوو.. بۆیە من لێرەوە پێشنیاز دەکەم لە ئایندەدا و لە پێشانگای نێودەوڵەتی ئاوادا ئەم ڕەوشە ڕەچاوبکرێ، چونکە ناساندنی مێژوو و کلتووری گەلەکەمان ئەمڕۆ لەهەموو ڕۆژان زیاتر پێویستی بەوە هەیە بەگەلان بناسێنرێ، بە تایبەت لەم بارودۆخەی ئەمڕۆی گەمە سیاسییەکانی دنیا کە لەماوەی (٢٤) کاتژمێر دەوڵەت ئیعتیرافی پێدەکرێ و ئینقلاب لەسەر سەرۆک کۆمارێک یان (مەلیک)ێکی وڵاتێک دەکرێ، بۆیە دەکرێ ئەمجارە حاڵی کتێبی کوردی باشتربێت و باشتر پیشانی خوێنەری بیانی بدرێت، ئەگەر ئەوە نەکرێ هیچ جیاوازییەک نابینرێ لەو پێشانگایانە چ لە فرانکفۆرت بێ چ لە شەقامی "مەولەوی" سلێمانی بێت.

بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای ڕاپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو
هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان
- بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف
- ستافی کارا:
حەسەن یاسین، نازم دڵبەند، قاسم محەمەد، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعود ئیبراهیم.
- نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)

- ڕاوێژکاری مێژوو: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی
- ڕاوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- ڕاوێژکاری ڕووناکبیریی: د. هیمداد حوسێن
- ڕاوێژکاری کلتووری: خالید جوتیار
- بەشی کۆمپیوتەر: ئەیوب یوسف ئەبوبەکر
- بەدرخان لە سایتەکانی kurdistanOnline و pukmedia بخوێنەرەوە

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری
نۆرماڵ: ٠٦٦ ٢٥١ ٠٦٧٩
مۆبایل: ٩٦٤ ٧٥٠ ٤٥٥ ٥٨٧٨ +
سلێمانی، باڵەخانەی ڕەحیمی مەلا عەلی
مۆبایل: ٩٦٤ ٧٧٠ ١٥٩ ٨٥٥٤ +

بەدرخان
Bedirxan
bedrxan@yahoo.com

چاپخانەی نەوا - هەولێر